# کۆمەڵگای لادێی لە باشوری کوردستان

(مەینەتیەکانی گوندنشینانی کورد لە سایەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا

(قەزای دوبز بە نمونە)

ئامادەو سەرپەرشتی کردنی : دکتۆر محمد شوانی

ژووری ناوچە کوردستانیە دابڕێنراوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان ..

به هاوکاری نوسەران :

1- م. قانع یونس، (نوسەر) قەزای دوبز

2- م. کۆچەر شاکر شێروانی و پارێزەر .عبدالمتین محمد **ناحیەی پردێ**

3- . محمود کریم سلیم ئاغا بامەندی (قوتابی دکتۆرا )..ناحیەی سەرگەڕان

**2020**

# کۆمەڵگای لادێی لە باشوری کوردستان

## (مەینەتیەکانی گوندنشینانی کورد لە سایەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا

**بەرگی یەکەم**

(قەزای دوبز بە نمونە)

ئامادەو سەرپەرشتی کردنی : دکتۆر محمد شوانی

**تایپ: رۆزا محمد**
**دیزاینی بەرگ : محمد زەندی**
**تیراژ : (500) دانە .**
**نرخ: (3000) دینار**
**چاپخانە : منارە**
**شوێن: هەولێر**

**لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان /هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٦١٤)ی سالی ٢٠٢١ پێدراوە**

## گوتەیەك

مۆرانەو شێرپەنجەی عیراق، بیری توندرەوی و دەمارگیری نەتەوەیی و مەزهەبیە ، قبوڵنەکردنی جیاوازیەکان و کارکردنە بۆ سڕینەوەیان ،بیرۆکەی سەپاندنی یەك رەنگیە بەسەر عێراقدا.

## سوپاس و پێزانین:

لە نوسینی ئەم بەرگەدا چەند کەسایەتیەکی بەڕێز و خەمخۆری ناوچەکە بە سەرنج و تێبینی یان بە راستکردنەوەی زانیاریەکان ، یان بە رێنمایی و پەیداکردنی سەرچاوەو بەڵگەنامە دەستی یارمەتیان بۆ دریژکردووین ، جێگای خۆیەتی لێرەدا سوپاسیان بکەین و هیوادارین نمونەیان زۆر بێت ،لە خزمەتکردنی پرسی رەوای گەلەکەماندا ... بەرێزان:-

- دکتۆر شێرکۆ کرمانج و مامۆستا محمد کرمانج لە گابەرەکە

-مامۆستا رابەر رەشید و نورالدین محمد صالح لە پردێ ..

-مامۆستا درەخشان رحمان اسماعیل لە کتێبخانەی ناوەندی زانکۆی سەلاحەدین.

# پێرستی بابەتەکان:



| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| 10 | پێشەکیەك دەربارەی ئەم کتێبە: |
| 16 | تەوەری یەکەم: ناوەندی قەزای دوبز : |
| 18 | سەرەتا: |
| 19 | بەشی یەکەم: ئیکۆلۆژیای قەزای دوبز: |
| 19 | 1-ناو : |
| 25 | 2-شوێن و رووبەر |
| 30 | 3-تۆپۆگرافیای زەوی |
| 33 | 4-باران و سەرچاوەکانی ئاو |
| 37 | 5- پەرەسەندنی شارنشینی و رێگاوبان: |
| 42 | 6-پێکهاتەو دابەشبوونی دێموگرافی قەزای دوبز |
| 55 | بەشی دووەم: ئابوری و سەرچاوەکانی بژێوی دانیشتونی دوبز: |
| 56 | 1-کشتوکاڵ و ئاودێری لە قەزای دوبز |

| | |
|---|---|
| 2-ئاژەڵداری و مەروماڵات: | **61** |
| 3-پیشە دەستیەکان: | **62** |
| 4-کارگەو بەرهەمهێنانی پیشەسازی | **64** |
| 5- **نەوت و سامانی سروشتی:** | **65** |
| 6-بازاری میللی و سیما کلتوریەکانی شارنشینی لە دوبز | **66** |
| 7-بازرگانی : | **68** |
| بەشی سێیەم: ژیانی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیان لە قەزای دوبز: | **70** |
| 1-خێزان و شێوازی هاوسەرگیری | **71** |
| 2-خزمایەتی و بنەچەی بنەماڵەکان: | **76** |
| 3-تیرەو خێڵەکان: | **88** |
| 4-پێکەوەژیانی ئاینی و نەتەوەیی لە دوبز: | **89** |
| بەشی چوارەم: دەسەڵات و دامەزراوە خزمەتگوزاریەکان: | **91** |
| 1-دەسەڵات و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی: | **91** |
| 2-حیزبە سیاسایەکان: | **103** |

| | |
|---|---|
| 3-پەیکەری کارگێری: | **105** |
| أ-پەروەردە: | **105** |
| ب-تەندروستی: | **111** |
| بەشی پێنجەم: ئاین و بیروباوەڕی دانیشتوانی دوبز: | **112** |
| 1-ئاین و مەزهەب: | **113** |
| 2-داب ونەریتی کۆمەڵایەتی: | **113** |
| أ-بۆنە ئایینیەکان: | **114** |
| ب-مردن و رێورەسمی ناشتن: | **115** |
| **تەوەری دووەم : یەکە کارگێریەکانی قەزای دوبز:** | **119** |
| بەشی شەشەم : ناحیەی پردێ: | **119** |
| 1-کورتەیەکی مێژوویی ناحیەی پردێ | **120** |
| 2-ئیکۆلۆژیای ناوچەی پردێ: | **142** |
| ناو | **143** |
| شوێن و رووبەر | **145** |

| | |
|---|---|
| تۆبۆگرافیای زەوی | **150** |
| رێگاوبان | **153** |
| 3- ئابوری و سەرچاوە سروشتیەکانی ناوچەکە: | **155** |
| کشتوکاڵ و ئاودێری | **115** |
| ئاژەڵداری و مەروماڵات | **157** |
| پیشەسازی و کارە دەستیەکان | **159** |
| 4- سیستەمی سیاسی و خزمەتگوزاری: | **161** |
| دەسەڵات و کۆنترۆلی کۆمەلایەتی | **161** |
| یەکە خزمەتگەزاریەکانی ناحیەکە | **164** |
| بەشی حەوتەم: ناحیەی سەرگەڕان: | **170** |
| 1-کورتەیەکی مێژوویی پێکهێنانی ناحیەی سەرگەڕان: | 171 |
| 2-ناوی سەرگەڕان: | 176 |
| 3-پێکهاتەی دانیشتوانی ناحیەی سەرگەڕان | **177** |
| 4-توانا ئابوریەکانی ناحیەی سەرگەڕان : | **182** |
| کشتوکاڵ: | **182** |

| | |
|---|---|
| نەوت | **183** |
| ئاژەڵداری و بەخێوكردنی ماسی و پرۆژەی پەلەوەر | **183** |
| پیشەسازی | **184** |
| كۆتایی :ئەنجام و دەرئەنجامەكان: | 185 |
| پێشنیارو راسپاردەكان: | 195 |
| سەرچاوەكان: | 205 |
| وێنەو پاشكۆكان: | 206 |
| | |

## پیشەکیەك دەربارەی ئەم کتێبە:

کتێبی کۆمەڵگای لادێی لە باشوری کوردستان یان مەینەتیەکانی گوندنشینانی کورد لە سایەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریدا، گوزارشتە لەوەی کە نەك هەر کورد بەڵکو تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئاینیەکانی عیراق بە گشتی جگە لە مەینەتی و ماڵوێرانی هیچ بەرهەمێکی تریان لەو سیاسەتە نەچنیەوە.

ئەم کتیبە یەکەم بەرگی پرۆژەیەکە بۆ نوسین و چاپکردن و بڵاوکردنەوەی چەندین بەرگی دیکە بە پێی شارۆچکە یان قەزاکانی باشوری کوردستان، بەرنامەیەکە بۆ تویژینەوە لەسەر تەواوی گوندەکانی باشوری کوردستان بە پێی قەزاکان .

واتە هەر قەزایەك بە جیا و لەرووی کارگێڕیەوە چەند شارەدێ (ناحیە) و چەند گوندی هەیە؟ ئەو قەزایە لە چوارچێوەی چ پارێزگایەکدایە؟ رووبەر و پێکهاتەی دانیشتوان و کورتەیەك لە گۆڕانکاریە دێموگرافیەکان و کارگێریەکانی چۆن بووە؟ ئەگەر بکرێت رەچەڵەکی بنەماڵەیی و بنەچەی نەژادی دانیشتوانەکەی و رایەڵەی پەیوەندیە کۆمەلایەتی و خزمایەتی و تیرەو خێڵایەتیەکانیان لەگەڵ ناوی ئەو کەسانەی بە هۆی سیاسەتی حکومەتە یەك لە دووا یەکەکانی عێراقەوە گیانیان لە دەستداوە؟ دوواتر ئەم قەزایە چۆن کەوتوەتە بەر هێرش و پەلاماری سیاسەتی تەعریب و پارچە پارچەکردن و دەرکردنی دانیشتوانەکەی؟ .

ئێمە دەمانەوێت لە زنجیرەیەك بەرگی یەك لە دووای یەکدا بۆ هەر قەزایەك لە قەزاکانی ناوەندی کەرکوك و دوبزو داقوق و خۆرماتو و کفری و کەلارو خانەقین ومەندەلی و بەدرە ، دوواتر لە زێی بچوکەوە بەرەوە باکورو

رۆژئاوا، مەخمورو حەمدانیە وبەعاج و شەنگال و تەلعەفەر و...هتد بۆ هەر قەزایەك بەرگێگ لەم کتێبە تەرخان بکەین و تیایدا وەکو توێژینەوەیەکی ئەنترۆپۆلۆژی مەیدانی باسی سیستەمەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی دانیشتوانەکەی بکەین ، بێگومان ئەمەش بە مانەوەی توێژەر لەناو دانیشتوانەکە و بەشداری لە ژیانی رۆژانەو چاوپێکەوتن و سود وەرگرتن لە بەڵگەنامەو نوسراوەکانی سەر ئەم قەزایانە دەکرێت ..

ئەم پرۆژەیە نەك هەر لەسەر ئاستی قەزاکانی باشوری کوردستان و ئەوانەی بە ناوچە کوردستانیە دابرێنراوەکان ناسراون ،بەڵکو ئەگەر بوارو کات و تواناو پشتیوانی هەبێت بۆ هەموو شارەدێ و گوندو شوێنێکی شوێنەواریی کوردستان پێویستە ،چونکە میراتی کۆمەڵایەتی بەشێکی گرنگی سامانی نەتەوەییمانە و رۆژ لە دووای رۆژ مەترسی ونبون و لەناوچوونیان زیاتر دەبێت .

ئێمە سەرەتا لە ناوچە کوردستانیە دابرێنراوەکانەوە دەستمان پێکردووە، کە لە لایەك جەوهەری کێشەو پرسی کورد پێکدێنن لەم قۆناغەدا و لە لایەکی تریشەوە هەڕەشەی گەورە لەسەر ئەم ناوچانەیە، جگە لەوەی رەوشی ژیانی کۆمەڵگای کوردی لە باشوری کوردستاندا زیاتر بە خوێندنەوەو بە تویژینەوە لەسەر گوندو ناحیە و قەزاکان دەردەکەوێت نەك ژیانی شارە گەورەکان کە بەم دووابیە وەکو دیاردەیەکی نوێ لە کۆمەڵگای باشوری کوردستاندا بەدەرکەوتووە ، چونکە زیاتر لە گوندەکان و شارەدێ و شارۆچکەکانەوە تایبەتمەندیەکان و رەسەنایەتی ژیانی کوردەواری و هەڵمەتی داگیرکردن و

دەرکردنی کوردیش هەر لە چۆڵکردن و وێرانکردنی گوندەکانەوە دەستی پێکردووە.

بەرگی یەکەمی ئەم پرۆژەیە بۆ قەزای دوبز تەرخانکراوە، یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای کەرکوك و گوندەکانی ئەم قەزایە لە سەنگەری پێشەوەی رووبەرووبوونەوەی تەعریب بوون لە ماوەی سەد سالی رابردوودا .

جگە لە لایەنە نەتەوەییەکەی ،ئەگەر وەکو بابەتی ئەکادیمی و زانکۆییش سەیری ئەم نوسینە بکەین، کۆمەڵگای لادێیی یەکێکە لە جۆرەکانی کۆمەڵگا، ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتوری بوارێکی فراوانی زانستەکانە ،بابەتی توێژینەوەی زۆربەی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانە، بە سەرنجێکی خێرا لەسەر ئەو توێژینەوە زانستیانەی لە کولێژو زانکۆو بەشە زانستیەکاندا یان لە ناوەندەکانی تویژینەوەی زانستیدا ئەنجام دەدرێن لە سەر ئاستی جیهان ، دەبینین کایەی کۆمەڵایەتی و کلتوری کۆمەڵگا خۆجێییەکان جێی بایەخی زۆربەی ئەم توێژینەوانە بوون، کۆمەڵگای کوردییش یەکێکە لەو کۆمەڵگایانەی چ لە سەر ئاستی کۆی کۆمەڵگاکە یان یەکە کارگێری و کۆمەڵگا خۆجێییەکانی بە گشتی توێژینەوەی کەمیان لەسەر کراوە، بۆیە کۆمەڵگای کوردی لە رووی زانستە مرۆیی و کۆمەلایەتیەکانەوە وەکو کێڵگەیەکی بەپیتە بۆ توێژینەوەکردن بە تایبەت لە زانستە مرۆییەکانی وەکو ئەنترۆپۆلۆژیاو زانستە کۆمەڵایەتیەکانی وەکو کۆمەڵناسی و دەروناسی و ئابوری و جوگرافیا و مێژوو و شوێنەوارناسی و ...هتد لە هەموو ئەم لقە زانستیانەدا کاری زۆر کەمی لەسەر کراوە، هێشتا دەیان بواری زۆر گرنگی ژیانی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابوری و کلتوری کۆمەڵگای کورد هەیە بە

شێوەی زانستی کاریان لەسەر نەکراوە،یەکێك لەو بوارە گرنگانە مەسەلەی رەچەڵەك و رایەڵەی پەیوەندی خوێن و خزمایەتی و بەستنەوەی بە دیکۆمێنت و بەڵگە مێژووییەکانەوەیە .

قەزای دوبز یەکێکە لەو ناوچانەی ، سەرەڕای گرنگی و بایەخی ناوچەکە بە گشتی لە پرسە نەتەوەییەکانی کورددا، هێشتا توێژینەوەیەکی ئەکادیمی فرە رەهەندی لەسەر ئەنجام نەدراوە ، کە زۆر پێویست بوو لە ماوەی (30) سی ساڵی رابردودا چەندین کۆنفرانس و کۆنگرەی زانستی لەسەر کلتوری ناوچەکەو ئاوەدانکردنەوەو گەشەپێدان و چۆنیەتی بەکارهێنانی سەرچاوە مرۆیی و ئابوریەکانی ببەسترایە، دوبز ببوایەتە چەقی بایەخپێدانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانی کاری سەرەکی حکومەتی هەریم بوایە ..

ئەم بەرگە ، یان ئەم نوسینە شێوە توێژینەوەییەی ئێمە هەوڵێکە بۆ روونکردنەوەی رەوشی ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتوری قەزاکە، لە پێشەکیەك و دوو تەوەر پێکهاتووە . تەوەری یەکەمی لە پێنج بەش پێکهاتووەو تەرخانکراوە بۆ خودی قەزای دوبز خۆی ، واتە ناوەندی قەزاکە ، تەوەری دووەمیش لە دوو بەش پێکهاتووە ، بۆ ناحیەکانی سەر بە قەزاکە تەرخانکراوە....

لە بەشی یەکەمدا، تیشك خراوەتە سەر سیستەمی ئیکۆلۆژی قەزای دوبز ، لەو چوارچێوەیەدا بابەتەکانی وەکو ناو، شوێن و رووبەر ،تۆپۆگرافیای زەوی ،باران و سەرچاوەکانی ئاو، رێگاوبان و پێکهاتەو دابەشبوونی دێموگرافی قەزای دوبز روون کراونەتەوە ، لە بەشی دووەمدا باسی ئابوری

و سەرچاوەکانی بژێوی دانیشتونی دوبزکراوە ،کە بابەتەکانی وەکو کشتوکاڵ و ئاودێری و ئاژەڵداری و مەروماڵات و پیشە دەستیەکان وکارگەو بەرهەمهێنانی پیشەسازی و بازاری میللی و سیما کلتوریەکانی شارنشینی لە دوبز و بازرگانی دەگرێتەوە.

بەشی سێیەمی ئەم بەرگە باسی بابەتی ژیانی کۆمەلایەتی و پێکەوە ژیان لە قەزاکە دەکات ، لە یەکە بنچینەییەکانی کۆمەڵگاوە دەستپێکراوە ، وەکو خێزان و شێوازی هاوسەرگیری و خزمایەتی و بنەچەی بنەماڵەکان و تیرەو خێڵەکان وپێکەوەژیانی ئاینی و نەتەوەیی لە قەزای دووبزدا ، لە بەشی چوارەمدا باسی دەسەڵات و دامەزراوە خزمەتگوزاریەکان کراوە، وەکو دەسەڵات و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و حیزبە سیاسایەکان و پەیکەری کارگێری لە بواری پەروەردە و تەندروستی و بواری خزمەتگوزاریە بنچینەییەکانی قەزاکەو کەموکورتی و پێویستی و ئاستی گەشەکردنیان بە پێی قۆناغە جیاوازەکان خراوەتە بەر باس ولێکدانەوە ، لە بەشی پێنجەمدا کە دووا بەشی ئەم تەوەرەیە و تایبەتە بە ناوەندی قەزاکە، تەرخانکراوە بۆ ئاین و بیروباوەڕی دانیشتوانی دوبز ، وەکو ئاین و مەزهەب و رێبازە ئاینیەکان وداب ونەریتی کۆمەڵایەتی و بۆنە ئاینیەکان و مردن و رێورەسمی ناشتن و رایەڵەی پەیوەندی و جیهانبینی دانشتوان لە ناوچەکەدا.

لە تەوەری دووەمدا بابەتی یەکە کارگێریەکانی قەزاکە خراوەتە بەر باس ، بە سەرتایەکی میژوویی دەست پێ دەکات و دوواتر لە دوو بەشدا ،بەشی شەشەم بۆ ناحیەی پردێ و بەشی حەوتەم بۆ ناحیەی سەرگەڕان تەرخانکراوە بە هەموو ئەو وردکاریانەی لە سەر ئاستی ناوەندی قەزاکە ئەنجامدراوە ، بۆ

ناحیەکانیش بە هەمان شێوە بەڵام کورتتر وپوختەتر ئاماژەیان پێکراوە، لە کۆتاییشدا ئەنجام و دەرئەنجامەکانی نوسینەکە وەکو توێژینەوەی زانستی خراوەتەروو لەگەڵ چەند پێشنیارو راسپاردەیەك بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان و توێژەرانی ئاینده ، دوواتر لیستی سەرچاوەکان و کۆمەڵێك وێنەو بەڵگەنامەی مێژوویی و هەندێك پرۆژەو راپۆرت دانراوە کە لە پێناو خزمەتی ناوچەکەدا پێشکەشی پەرلەمان و ئەنجومەنی نوێنەران و حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند کراون ..هیوادارین بەم کارەمان خزمەتێکی کۆمەڵگای لادێیی کوردستان و ناوچە کوردستانیە دابرێنراوەکانمان کردبێت ..هەر ئەمەش ئامانجی ئێمەبووە..

د.محمد شوانی 2020/12/30

## تەوەری یەکەم: ناوەندی قەزای دوبز :

سەرەتا:

بەشی یەکەم: ئیکۆلۆژیای قەزای دوبز:

1-ناو :

2-شوێن و رووبەر

3-تۆپۆگرافیای زەوی

4-باران و سەرچاوەکانی ئاو

5-رێگاوبان

6-پێکهاتەو دابەشبوونی دێموگرافی قەزای دوبز

## تەوەری یەکەم: ناوەندی قەزای دوبز:

### سەرەتا

ئەگەرچی لە (30) ساڵی رابردوودا چەند نوسەرو رۆژنامەنوس و کەسایەتیەکی دلسۆزو خەمخۆری ناوچەکە لە بوارە جیاجیاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی قەزای دوبزدا نوسیویانەو چەندین وتارو راپۆرتی شیکاری و لێدوان و گواستنەوەی هەواڵ و بەسەرکردنەوەو کتێبی وەسفی گشتگیریان بڵاوکردوەتەوە ، بەڵام بە پێی ئاگاداری ئێمە لەسەر ئاستی ئەکادیمی و پسپۆری هیچ تویژینەوەیەك لەسەر قەزای دوبزو ناحیەکانی ئەنجام نەدراوە، بە تایبەت لە بواری ئەنترۆپۆلۆژیاو کۆمەڵناسی و کۆمەڵگای لادێیی ، ئێمە بانگەشەی ئەوە ناکەین کە ئەم کارەی ئێمە ئەو بۆشاییە پڕ دەکاتەوە و ئەم بەرگە توێژینەوەیەکی زانستیە ! بەڵام بە دڵنیاییەوە هەنگاوێکە بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییەو سەرەتایەکە بۆ تویژینەوەی ئەکادیمی و زانستی و پیشنیارو خستنەرووی بیرۆکەیەکە بۆ زانکۆو ناوەندەکانی توبژینەوە لە هەرێمی کوردستان و لە عێراقیشدا بە گشتی ،تا وەکو ناونیشان و گریمانەیەك سەیر بکرێت و ببێتە بابەتی نامەی ماستەرو تیزی دکتۆرای قوتابیان و خوێندکارانی خوێندنی باڵا لە بەشە کۆمەڵایەتیەکان و لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستاندا هەتا وێنەی راستەقینەی ژیانی ئەم ناوچانە و مەینەتیەکانیان بۆ نەوەی ئایندە روون بێت.. .

بە زانستی کردنی ئەم نوسینە بە بانگەشەکردن نابێت، بەڵکو بە پەیڕەوکردنی پلان و هەنگاوەکانی تویژینەوە و میتۆدو تیۆرە زانستیەکان دەکرێت،.بە جێبەجێکردنی هەنگاوەکانی تویژینەوەی زانستی دەکرێت بەسەر بابەتەکەدا،

ئێمەش هەوڵمانداوە نەك هەر بەو ئاراستەیە کار بکەین بەڵکو تا ئەو شوێنەی دەتوانین ڕەوشەکە وەکو خۆی روون بکەینەوەو بێ لایەن بین، هەرچەندە بێ لایەنی و پاراستنی بی لایەن بوون بۆ هەر تویژەرێك لە بواری زانستە کۆمەلایەتیەکاندا سەختەو بە تایبەت لە بابەتێکی وەکو ئەمەدا، کە نەهامەتی و ستەمەکانی سەر پێکهاتەیەك روون دەکاتەوە بەدەستی حکومەت و دەوڵەتەکە خۆیان! بۆ تویژەرانێك لەو پێکهاتەیە بن و لە ناو مەینەتیەکاندا ژیابن ، بێ لایەنبوون و تێکەڵنەکردنی سۆزو خۆشەویستی بە لێکدانەوەو شیکردنەوەی زانیاریەکان کارێکی ئاسان نیە.

بەڵام پەیڕەوکردنی پرەنسیپ و بنەما زانستیەکانی تر وەکو مەرج سەیرکراوە، هەر لە هەڵبژاردنی ناونیشان و داڕشتنی پلان و ریزبەندی و پۆلێنکردنی بابەتەکان و گەرانەوە بۆ سەرچاوەکان و بەکارهێنانی کەرەستەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و پشت بەستان بە چاوپێکەوتن و سەرنج و تێبینی و پێکەوە ژیان و بینینی ڕووداوەکان و گێرانەوەیان وەکو خۆی..لە بابەت و دیاردە زەق و بەرجەستەکانەوە دەست پیکراوە، بۆیە ئەم بەشە وەکو یەکەم بەش و دەروازە چوونە ناو توێژینەوەکە بۆ سیستەمی ئیکۆلۆژی ناوچەکە تەرخانکراوەو هەموو ئەو ناونیشانە لاوەکیانە لە خۆ دەگرێت کە لە هەر توێژینەوەیەکی زانستی ئەنترۆپۆلۆژیدا پەیڕەو دەکرێت لە زانکۆکاندا ، ئەمەش بەشێکە لە خوێندنەوەی ئەنترۆپۆلۆژی بۆ قەزای دوبز، لە رێگیا جەتکردنە سەر ئەو بنەماو کۆڵەگانەی بۆ ئەو جۆرە خوێندنەوەیە پویستن لە هەر بابەتێکدا :

## بەشی یەکەم: ئیکۆلۆژیای قەزای دوبز:

ئیکۆلۆژیا ئەو دەروازە یان باس یان لقە زانستی یان چوارچێوە مەعریفیەیە تیایدا توێژینەوە لەسەر ژینگەی سروشتی و ئەو ناوەندە جوگرافیە دەکرێت کە مرۆڤەکانی تێدا دەژین، پەیوەندیان بەو ژینگە سروشتیەوە چیەو چ کاریگەریەکان لەسەر داناوە، لە لایەکی تریشەوە ئەو ژینکەیە چ کاریگەریەکی خستوەتە سەر ئەو گروپە مرۆییەی لەو ناوەندەدا دەژین.واتە ئیکۆلۆژیا لە پەیوەندی دوو لایەنەی نێوان مرۆڤ و ژینگەکەی دەکۆڵێتەوە، سەرەتاو دەستپێکی ئەو پەیوەندیەش لە ناوی شوێنەکەوە دەست پێ دەکات:

1-ناو:

لە رووی کۆمەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆژیەوە، ناو یەکێکە لە گرنگترین رەگەزو توخمەکانی ناسنامە،بۆ کەسەکان رۆڵی گرنگی هەیە لە کارلێکە سۆسیۆدەرونیەکاندا([1])،بۆ شوێنە جوگرافیەکانیش بەشێکە لە رەنگدانەوەی کلتوری و مێژووی کۆمەڵایەتی ئەو گروپە مرۆییەی لەو ناوەندە جوگرافیەدا دەژیت، بەشێکە لە ژیان و سیستەمەکانی دیکەی بونیادی کۆمەڵایەتی .

ناو هەر لە خۆڕا و بە بێ هیچ بەریەك کەوتن و رووداوێك دروست نابێت، بۆیە لە بارەی ناوی (دوبز)یشەوە لێکدانەوەو راوبۆچوونی جیاواز هەیە بۆ بەستنەوەی بە روداوێك لە رووداوەکانی ژیانی دانیشتوانەکەی ، بێگومان لە ژیانی کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا دیاردەو بابەتە سروشتیەکان کاریگەری و رەنگدانەوەی زۆری هەبووە لەسەر ناو، نەك هەر ناوی شوێن بەڵکو ناوی

---

[1] -هدى, جباس, اسم: هوية وتراث، مقاربة أنثروبولوجية لدلالة الأسماء في قسنطينة, المجلة الجزائرية في الأنثوبولوجيا و العلوم الأجتماعية, العدد(29-30), 2005, ص: 201

کەسەکانیش، بۆیە بۆ دوزینەوەی رەگوریشەی زاراوەی (دوبز)دەبێ سەرەتا لە ناو رایەڵەی پەیوەندی مرۆڤەکان بە دیاردە سروتیەکانەوە بگەڕێین:

یەکێك لەو بۆچونانە، کە زۆر جێگای باوەرەو پیرو بەتەمەنەکان و خەڵکی قەزاکە لەسەر ئەو بنەمایە راڤەی دەکەن،وشەی (دوبز) ناوی دوو ماسی جۆری (بز)بێت ، ئەم جۆرە ماسیە لە کوردستان زۆرەو لە رووبارەکاندا زۆر گەورە دەبێت بۆ نمونە لە ساڵی (2005)دا لە ناوچەی شەمێرانی دەربەندیخان ماسیەکی بزیان گرت کیشەکەی (98)کیلۆ بوو،([2]) بۆیە ئەم بۆچونە ئەگەری راستی زۆرە چونکە پەیوەندی بە هەبوونی سەرچاوەی ژیانەوە هەیە، ئەویش پیشەی راوەماسیە، لە هەبوونی رووبارو جۆرێکی تایبەت لە ماسی (بز)،چ بینینی ئەو دوو ماسی بزە لە ئاوەکەدا ،چ راوکردنی دوو ماسی بز ، یان وەکو ئاماژەیەك بۆ کەمی داهات و هەژاری و کارکردن تا ئێوارەو بەرهەمی دوو ماسی بز، هەموو ئەم لێکدانەوانە پەیوەندیان بە داب و نەریتی کوردەواریەوە هەیە، ئیتر لە ترسی دەسەڵات بێ یان بۆ نەدانی باج و سەرانە بێت یان بۆ پێناسەی خۆ بێت وەکو هەژار!

کە هاوشێوەی ئەم ناوە لە زۆر شوێن و ناوی عەشیرت و شاروشارۆچکەی دیکەی کوردستاندا بوونی هەیە ، سەرەتا ئەگەر لە نزیك (دوبز)ەوە دەست پێ بکەین بەرەو باکور دەشتی هەولێر گوندی (دوکردکان) و (دوکەرە) نزیکەی بیست کیلۆمەترێك لە دوبزەوە دورن ، بە هەمان شێوە بەرەو باکوری رۆژهەڵاتیش برۆین گوندەکانی (دوبزنی)و (دوشیوان)و

---

[2] - https://www.facebook.com/adil.shamerani/photos/a.1056648754385699/2244211522296077/?type=3&theater

(دووبەردان)نزیکەی سی کیلۆمەترێك لە دوبزەوە دوورن ، جگە لەوەی لە کوردەواریدا ژمارە لە دەیان ناوی گوندو شارەدێ و شارۆچکەدا بەکارهاتووە، هەر لە نزیکی دوبز وەکو(سێ کانی) یان (سێ قوچان) لە شوێنەکانی دیکەی کوردستانیش وەکو (پێنجوێن) یان (چوارتا) یان (دووکان) هەموو ئەمانە بەڵگەی بەکارهێنانی ژمارەیە بۆ ئەو سەرچاوە سروشتیانەی لە رووبەرە جوگرافیەکەدا هەیە ، بۆیە ئەو گریمانەیە زۆر بەهێزە ناوی (دوبز)لە جۆری ئەو ماسیانەوە هاتبێت کە لە رووبارەکەدا بینراون یان راوکراون .

جگە لەو راڤەو شرۆڤەیەی خۆمان، لەم نوسینەدا پرسیار لە نزیکەی (20)کەسی پیرو بە تەمەن و رۆشنبیرو نوسەرو کەسایەتی دیاری قەزاکە کراوە، پوختەی وەڵامی ئەوانەی ئەم پرسیارەیان لێ کراوە ئایا ناوی دوبز لە چیەوە هاتووە؟ دەڵێن لە گرتنی دوو ماسی جۆری بز لەو سەر زێیە راوچیەکان گرتوویانە ، دوواتر بۆ ماوەیەکی زۆر ئەو جیگایە بە شوێنی (دووبز)ەکە نابراوە، تا لە کۆتاییدا ئاوەدان کراوەتەوەو بووە بە (دوبز) یان هەر بەو رووداوەوە ناسراوە .

لەگەڵ ئەمەشدا هەندێك بۆچوونی تر هەیە ، بەڵام وەکو گریمانە لاوازن ، یەکێك لەو بۆچونانە دەڵێت بەرلە ئاوەدانکردنەوەی دێی دووبز ئەو شوێنە جێگای کێڵگەی خێزانە جوتیارەکانی دەوروبەری بووە, لەسەر نێوان (سنوور)ی پارچە زەویەکاندا ناکۆکی لەنێوان جوتیارەکان روویداوە و شەڕ لەنێوانیاندا قەوماوە خەڵکانیش هاتوونەتە نێوانیان وتوویانە زۆر نارێکە لە سەر (دووبست زەوی) شەرَوئاژاوە دەنێنەوە, ئیتر بەو سنورەیان گوتوە

دووبست زەوی ، دوواتر بە پیی تێپەرانی رۆژگار ئەو دووبستەش دووبزی لێجێماوە .

ئەم گریمانەیە لە رووی یاسای زمانەوانیەوە لاوازە، ئەگەرچی سروشتی زمانی کوردی حەزی لە کورتکردنەوەیە، بەڵام لە کورتکردنەوەشدا رەچاوی پیتە بەهێزەکان دەکات ، بۆیە مەرج نیە هەمیشە پیتەکانی سەرەتا بمێنن و پیتەکانی کۆتایی بقرتێنرێن! بۆ نمونە وەکو (موحەمەد دەبێتە حەمە ) یان (کاکەمەد دەبێتە مەدە) ئەگەر راست بووایە بۆ کورتکردنەوەی (دووبست زەوی)یەکە بەشێك لە پاشگری زەوی لەگەڵدا دەمایەوە ئەگەری هەیە ببوایەتە (دوبسەوی) دوواتر (دوبس)و وەکو ئەوەی کراوەتە دبس و برا عەرەبەکان بە دۆشاوی راڤە دەکەن.

یان بۆچونێکی تر هەیە دەیگەڕێنێتەوە بۆ دیاردەیەکی سروشتی وەکو بەرزبوونەوەی ئاوی رووبارەکە ،لە زستانێکی ساڵانی رابردوو ئاوی باراناوی زێی بچووك هاتووە و زۆر سەرکەوتووە (دووبستی) ماوە لەو گردۆلکەیەی کە مزگەوتی دووبزی کۆنی لە سەر دورست کراوە سەرکەوێ ،هەمان ئەو دووبستەش دووبزی لێجێماوە ، ئەمەش گریمانەیەکی لاوازە چونکە ئەگەر بۆ ماوەی چەند ساڵێکیش تەنیا دووبستی گردۆلکەکە دیار بووبێت ، بە ناوی (دووبستەکە) دەناسرا نەك (دووبست) لەبەر ئەوەی لە بنەرەتدا دووبست وەسفی بەرزبوونەوەی ئاوەکەیە لە هەردوو ئەم گریمانانە نەك ناوی دیاردەکە وەکو ئەوەی لە (بز)دا هەیە کە ناوی ماسیەکە خۆیەتی . لە راڤەو شرۆڤەکردنی نەتەوەکانی تردا برا عەرەبەکانی ئەم سنوورە پێیان وایە لە کۆندا درەختێك لە سەر زێی بچووك رواوە, ئەو درەختە لە هاویندا

شلەمەنییەکی چەشنی دۆشاوی لێ هاتۆتەخوارێ و لەو روانگەیەوە (دبس) یان ناوناوە! هەموو دەزانین (دبس) بە زمانی عەرەبیە، نەك بە هۆی درەنگ هاتنی عەرەب بۆ ناوچەکە یان بە هۆی کەمی ژمارەیان لە ناوچەکەدا ،بەڵکو بە هۆی چەند راستیەکی تر ئەم گریمانەیە زۆر لاوازە، ئایا لە ناوچە عەرەبیەکاندا هیچ ئاوەدانیەك هەیە بۆ نمونە بە هۆی بەرهەمەکەی بە ناوی (زبدە) یان (عسل) (تمر)یان (دهن) ناو نرابێت؟؟

لە پارێزگای نەینەوا بۆ (قیارە) رەنگە راست بێت کە وەکو کانی قیری لێ دەرهاتوەو خەڵکی قیریان لێ فرۆشتووە، بە بار بۆ موسڵ بردوویانە ،بەڵام تەنیا دارێك و لە هاویناندا چەوریەکی دەردابێت جێگای گومانە ؟ ئەگەر کاروکاسبی چەند خێزانێك لەسەر ئەو شلەمەنیە بووبێت کە لە دۆشاو چووە، ئەگەری راستبوونی ئەم بۆچوونە بەهێزتر دەبوو، بەڵام تەنیا دارێك ئەویش لە هاویندا بە هۆی بێ ئاوی و گەرماوە چەوریەکی دەردابێت ؟! دوواتر چ دارێك بووە؟ ئایا ناوی دارەکە چی بووە؟ عەرەب چیی پێ گوتوە؟ ئایا سروشتی بووە یان مرۆڤەکان چاندوویانە؟

لە رووی مێژووییەوە ،بە لایەنی کەمەوە پیش جەنگی جیهانی یەکەم عەرەب لەم ناوچەیە نەبووە، لە کاتێکدا دوبز وەکو گوند زۆر لەوە کۆنترە، نەك هەر لە مێژووی جەنگی جیهانی یەکەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بەڵکو بۆ مێژووی زۆر کۆنتر دەگەڕێتەوە کە هێشتا بوونی عەرەب لە ناوچەکەدا نەبووە .

هەموو دەزانین و گومان لەوەدا نیە کە پیش فتوحاتی ئیسلامی سەدەی حەوتەم لە تەواوی عێراقدا عەرەب نەبووە، ووردە لە باشورەوە هاتوون ،بەپێی

سەرچاوە میژووییەکان لە کۆتایی سەدەی نۆزدە (واتە دووای هەزارو دووسەد ساڵ ) عەرەب لە دیجلە پەریونەتەوە ،لە نیمچە دوورگەی عەرەبیەوە گەیشتونەتە باشورو رۆژئاوای دووبز، هەروەکو چۆن لە سەرەتای فتوحاتی ئیسلامیەوە هاتنیان بۆ عیراق بۆ ناوچەیەکی چۆلەوانی نەبوو، عیراق نزیکەی خەوت ملیۆن دانیشتوانی هەبوو لەو سەردەمەدا بە هەمان شێوەش هاتنیان بۆ رۆژهەڵاتی دیجلە بۆ ناوچەیەکی چۆڵەوانی نەبووە،ئەو گوندانە ئاوەدان بوونە، ئەگەر خێڵیکی عەرەبی بەهێزیش هاتبێتە دەوروبەری دوبز و ئەو دارەیان بینیبێت و ناوچەکەیان ناو نابێت (دبس)، پرسیارەکە ئەوەیە خۆیان دوواتر چییان لێ هاتووە؟ چونکە هەندێکجار گروپێکی داگیرکەر پەلاماری ناوچەیەك دەدەن و داگیری دەکەن، ناوی ناوچەکە دەگۆڕن بەڵام بە هۆی زاڵبوونی کلتوری داگیرکراوەکانەوە وردە وردە ئەو گروپە داگیرکەرە دەتوێنەوە، بەڵام ناوەکە دەمێنێتەوە، بۆ نمونە وەکو بولگاریا ، یان هەندێك گەرەك و شەقام و چوارڕیان و ناوی دامەزراوە لە شارەکاندا وەکو حەی سەدام و فلکەی زەعیم و زۆر شوێنی دیکە بە رۆیشتنی داگیرکەرەکە ناوەکە لەگەڵیدا ناروات و تا ماوەیەکی زۆر دەمێنیتەوە، بۆیە ئەگەر ئەم گریمانەیەش راست بێت ، پێ دەچێت لە قۆناغەکانی پیشووتردا عەرەب بە هێزی زیاترەوە لە ناوچەکە بووبن بەڵام بە هۆی زاڵبوونی کلتوری کوردی لە بۆتەی نەتەوەی کورددا توابنەوەو دوواتر شەپۆلێکی تری هاتنی عەرەب دەستی پێکردبێتەوە ،چونکە مێژووی هاتنی ئەم تیرەو خێلە عەرەبانەی ئیستا لە قەزاکەن لەگەڵ ئەوەی ناوی دوبز لە (دبس)ی ئەمانەوە هاتبێت یەك ناگرێتەوە ، دەبێ پیشتر ئەو ناوە بڵاوبووبێتەوەو جێگیر بووبێت .

وەکو ئاماژەمان پێکرد ،بولگار خێڵیکی تورکی داگیرکەر بون ، ئەو دەڤەرەیان لە ئەوروپا داگیرکرد، ناویان نا بولگاریا ، بەڵام خۆیان لە ناو دانیشتوانە رەسەنەکەدا توانەوە،ئەو خێڵە لە کلتوری دەڤەرەکەدا ونبوو، ئەگەر دوبزی کوردیش لە دبسی عەرەبیەوە هاتبێت، دەبێ کلتوری دانیشتوانی ناوچەکە کە کوردی بووە لە کلتوری عەرەبە هاتووەکان بەهێزتر بووبێت، واتە کلتوری کوردی بەهێزتر بووبێت لە کلتوری عەرەبی! ئەگەر ئەم پرۆسەیە پیش دروستبوونی دەوڵەتی عێراقی روویدابێت، ئەگەری هەیە، بەڵام دووای دروستبونی دەوڵەتی عێراقی ئیتر بە هۆی زمانی فەرمی و خزمەتی سەربازی و خوێندن لە قوتابخانە وبە هۆی ئاین و هەموو ئەمانەوە، بە پێچەوانەوە هەمیشە کلتوری عەرەبی زاڵتر بووە، ئیتر چۆن تەکریدی ناوچەکە دەکرێت؟ بۆیە لە ناوچەیەکدا زۆرینەی کورد بێت ئەگەرێکی زۆر لاوازە ناوەکەی لە بنەڕەتدا کوردی نەبێت .. .

هەر لە بارەی ناوی دوبزەوە مامۆستا جەمال بابان ئەڵێ لەشوێنی ئاوەدانکردنەوەی دێی دووبز ئاوی زێی بچووك بووە بە (دووبز)ەوە, واتە بە دوو لك/لق ەوە, (بز)ی بە لك داناوە، ئەمەش پێویستی بە وردبونەوەو تویژینەوەی زیاترە، ئایا بە شێوە زاری کام خێڵ و تیرەو هۆزی ناوچەکە بە لق دەگوترێت بز؟ هەروەکو دەزانین بە درێژایی میژوو چەندین خێڵی کوردی وەکو ساڵەیی و شوان و لەك و لوڕو بامەندو سیان و بندیان و شێروانی وسورچی و..هتد لەو نزیکانە دەژین و ئایا بە شێوەزاری هیچ یەکێك لەو خێڵانە بەو لقی رووبارە دەگوترێت (بز)؟ ئەگەر لە شێوەزاری یەکێك لەو خێڵانە ، بە تایبەت خێڵێکی گەورەو فراوان و بەهێزبووبێت لەو ناوچەیە ،ئەگەری راستبوونی ئەم گریمانەیە زۆر بەهێزتر دەبێت .

## 2-شوێن و رووبەر:

لە دابەشبوونی ژینگەییدا ، واتە بەراوردی کۆمەڵگای لادێی بە کۆمەڵگای شارنشینی شوێن گرنگیەکی زۆری هەیە ، لە رووی پیشکەوتنی کلتوری و شارستانی و بەردەوامی ئاوەدانیەوە هەمیشە گوندەکانی نزیك شارە گەورەکان بە حوکمی شوێنی ستراتیژیانەوە باشتر گەشە دەکەن، زیاتر دانیشتوانیان لێ کۆ دەبێتەوەو هەلیکاری باشتریان دەبێ ، رۆلیان لە شارەکانیشدا بە هۆی نیشتەجیبون و هاتوچۆ و سود وەرگرتن لە خزمەتگوزاریەکانی شار بەهێز تر دەبێت .

هەڵکەوتەی شوێنی دووبز لە ناوچەی ساڵەییە, لە لێواری زێی بچوکە, لە رۆژهەڵاتیەوە زورگی کانی دومەڵان و دێهاتەکانی سنووری پردێیە, لە باکوور، زورگەزراو و دێهاتەکانی سنووری ناحیەی قوشتەپەیە., لە رۆژئاوا ناحیەی سەرگەڕان و چیای قەرەچوغە, لە باشوریش سنووری قەزای حەویجەیە ، لەم چوارچێوەیەدا ناوەندی قەزاکەو گوندەکانی سەر بە قەزای ناوەند هەڵکەوتون.

دووبز چ وەکو گوند هەر لە دروستبوونیەوە ، دوواتر وەکو ناحیەو وەکو قەزاش، لە دێر زەمانەوە هەر سەر بە پارێزگای کەرکوك بووە،چونکە ئاوەدانیەکی بەری رۆژهەڵات و چەپی زێی بچوك بووە، هیچ بەربەستێکی سروشتی لە کەرکوکی دانەبڕیوە ، بە تایبەت لە رابردوودا کە هاتوچۆ سەختبوو، رێگاوبانەکان خۆشنەکرابوون، پەڕینەوە لە رووبارەکان یان رێگای ناوچە گردۆلگەیی و چیاییەکان ئاسان نەبوو، بۆیە دوبزو کەرکوك

هەمیشە هاتوچۆو و بازارکردن و پەیوەندیان ورایی کردنی مامەڵەکنیان بە گەرمی بەرێوەچووە.

.بۆیە هەمیشە ئەم رووبەرە، واتە شوێنی قەزای دوبز لە رووی کارگێریەوە لە چوارچێوەی پارێزگای کەرکوکدا بووە ، لە رووی بەرزی و نزمیەوە ، دوبز (250)م لە ئاستی دەریاوە بەرزە و لە نێوان هێلی 44/ 4 / 17 رۆژهەڵات و 35/ 40 / 14 باکوورە دەکەوێتە باکووری پارێزگاکە لە رێگای سنوری ناحیەکانی پردێ و سەرگەڕانیشەوە هاوسنوری پارێزگای هەولێرە بروانەی نەخشەی ژمارە(1).

**ناخشەی(1)شوێنی دوبز لە سنوری یەکە کارگێریەکانی پارێزگای کەرکوک روون دەکاتەوە**




هەڵکەوتەی شوێنەکەی لە ناوچەیەکە هەر لە کۆنەوە بە دەشتی ساڵەیی ناسراوە لە بارەی ناوی ساڵەییش راوبۆچوونی جیاواو هەیە, بەلآم

راستترینیان پێ دەچێت ئەوەیان بێت کە لە زاری هەندێك لە پیرو بەساڵاچووانی ناوچەکەوە دەیگێڕنەوە کە لە بنەڕەتدا دەشتی سارەیی بێت ,(سارە)ناوی بەرزترین لوتکە شاخی سەرچیای کۆسرەتە ,کاتێك کە خێڵی شوانکارە لەسەرتای سەدەی چواردەی زاینیدا لە قەلای ئیگ و ناوچەی ئیلام و مەهرانەوە,دارل ئەمانی خۆیان جێهێشتووەو بۆ باکور هاتوون ، بە راستە هێلێکدا لە بەدرەو جەسان و خانەقین و جەلەولا و باشوری کەرکوك و بەرەو باکور تا نزیك نەینەوا نیشتەجێبوون, گوندی دارەمان بە هەمان ناوی (دارولئەمان)ی خۆیانەوە ناو ناوە([3])، شوانکارەو مەردارەکانیان لە وەرزی بەهارو هاویندا بە رانە مەرەکانیانەوە بۆ گەڵباخ و خاڵخالآن و تا نزیك چیای سارە رۆیشتوون , بەم گروپە گوتراوە (سارەییەکان) کە لە زستاندا گەراونەتەوە دارەمان و چراغ و قوتان و کەڵورو تا دوبز , سنوری ئەم رووبەرە کە لە لێوار زێی بچوکە, رۆژهەڵاتی زورگی کانی دومەڵان و دێهاتەکانی سنووری پردێیە, رۆژئاوای ناحیەی سەرگەڕان و چیای قەرچوغە, خواررووی سنووری قەزای حەویجەیە, باکووری زوورگی زورگەزراو و دێهاتەکانی سنووری ناحیەی قوشتەپەی پارێزگای هەولێرە.

رووبەری ئەم شوێنە لە چوارچێوەی زەویە کشتوکاڵیەکانی ، یان بە پیی ئاماری بەرێوەبەرایەتی کشتوکاڵی قەزای دوبز،قەزاکە لە کەرتی کشتوکالی(2) دووی پردێیە، کۆی رووبەری قەزاکە بە زەوی کشتوکالی و زەوی هەڵەت و تەلان و بەردەڵانەوە نزیکەی (328791)دۆنمە ،دەکاتە

2- مەلا جەمیل رۆژبەیانی .خێڵی شوانکارە، گۆڤاری کۆری زانیاری کورد، ژمارە(4) ، بەغداد، 1974.

نزیکەی (821)کیلۆمەتری چوار گۆشە، بەبەراورد بە رووبەری پارێزگای کەرکوك دەکاتە (8.48%) پارێزگاکەو لە سەر ئاستی رووبەری عیراقیش بە گشتی رووبەری قەزای دووبز لە پێکهاتەی عیراقدا (0،002%)رووبەری عێراق پێکدێنێت.

عیراق بە گشتی لە نێوان هێڵی پانی (29-37)ە، دوبزو هەرێمی کوردستان بە گشتی دەکوێتە ئەوپەری باکور و باکوری رۆژهەلاتی عیراقەوە ، لە نێوان هێلی (36-37)پانی ، کە تیایدا جیاوازیەکی زۆر لە نێوان پلەی گەرمی و ساردیدا هەیە، چونکە شوێن پەیوەندی بە چەندایەتی و ماوەی لێکەوتنی تیشکی رۆژ هەیە بۆ سەر زەوی، لە قەزای دوبز لە وەرزی هاویندا درێژی رۆژ زیاتر چواردە کاتژمیرو لە زستانیشدا شەوگار زیاتر لە چواردە کاتژمیرە، بۆیە جیاوازی نێوان پلەکانی گەرما لە هاوین و زستاندا نزیك (60)پلە دەبێتەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر تەواوی چالاکیەکانی مرۆڤ هەیە لە ناوچەکەدا، جموجۆلی مرۆڤەکان و جۆرو ئاستی بەرهەمی ناوچەکە دیاری دەکات، زۆربەی ئەو بەرهەمە کشتوکالیانەی لێ بەرهەم دێت کە ژینگەی سارد یان گەرمیان پێویستە ،بۆیە بە گشتی شوێنیکی گونجاوبووە بۆ ژیانی مرۆڤ..

مێژووی ئاوەدانی لەم رووبەرەدا بۆ سەردەمی سۆمەری، یان بە لایەنی کەمەوە بۆ پێنج هەزار ساڵ لەمەوبەر دەگەرێتەوە، ئاسەوارو کەرەستەی شوێنەواری هەموو سەردەم و قۆناغە مێژووییەکانی مرۆڤایەتی تێدا ماوە، رووبەرێکی جوگرافی فروان و گونجاو بووە بۆ ژیانی مرۆڤ هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە.

وەکو پنتی جوگرافی و شوێنی نیشتەجێبون و بیناسازی خانوبەرەومانەوەی مرۆڤ ، بە دەیان ئاسەواری گوندی کۆن و گۆرستان و پاشماوەی شوێنەواری لە نزیك یەکتر هەیە لەم رووبەرەدا، بۆیە مەرج نیە ئەو ئاوەدانی و گوندو لادێیانەی ئەمرۆ هەن، بە درێژایی میژوو هەر لە هەمان شوێن بووبن، بۆ نمونە جێگاو شوێنی ئەمرَۆی قەزای دووبز ، نزیکەی دووسەد ساڵ لەمەوبەر خانوی لێ نەبووە، وەکو لە شرۆڤەکردنی ناوی (دووبز)ئاماژەمان پێکرد، ئەگەری هەیە لە کەناری ئاوەکەوە دوو ماسی بز لە رووبارەکەدا بینرابێت یان لەو شوێنەدا راوە ماسی کرابێت و گوندەکە یان شوێنی نیشتەجیبوونیان لەو نزیکانەو لە شوێنێکی دیکەدا بووبێت، دوواتر بە پیی بەڵگەو کەرەستە بەکارهاتوەکان و شوێنەواری مرۆڤەکان پێ دەچێت لە رووی مێژووییەوە نزیکەی دوو سەد ساڵ زیاتر بێت ئەم گروپە مرۆییە لەم ناوچەیەدا نیشتەجی بن ، بە پێی گێرانەوەی زارەکیش، لەلایەن چەند خێزان و بنەماڵەیەکی هۆزی سالّیی بۆ یەکەمجار لەم شوێنەدا خانوبەرە بۆ مانەوە دروستکراوە, وەکو گوتمان بەر لەو مێژووە ئەم شوێنە چۆڵ بووە ، ئەگەرچی پیشتر ئاوەدان بووە،وەکو ئەوەی لەم سنوورە ئاسەواری چەند دێیێك هەیە , لەوانە ئاسەواری کۆنە دێی ( حوسێنجەلە و عەلۆدەباشی), دوور نیە دانیشتوانی ئەم کۆنە گوندانەش هەر خزم و کەسی یەکترو یەك بنەماڵە بووبن چونکە لەو سەردەمەدا کۆچکردن بۆ شوێنی دوور و نەگەرانەوەو مانەوە لە ناو هۆزی بیانی زۆر ئەستەم بووە بە هۆی شەڕی خێڵایەتی و رفاندنی ئافرەت و ناکۆکی نێوان تیرەکانەوە، ئەگەر چی بە وردی هیچ زانیاریەك لە بەردەستدا نیە باری خێلایەتی و ریشە ئیتنیکیەکانی ئەو گروپانە روون بکاتەوە، یان لە رووی مێژووییەوە بە تەواوی چ سەردەم و ساڵێك بووە؟

ئەوەی باس دەکرێت لە بارەی گروپە مرۆییەکانی پیشوترەوە، دەڵین پیش جەنگی جیهانی یەکەم هۆزی لوڕی کورد لەو سنوورە جێنشینبوون, ئەویش لە سنووری دێهاتەکانی ئەمرۆی دووبز وەك دێی چەخماغە و کونەڕێوی و دوورم و سمایلاوە و چراغ و قوتانی خەلیفە و چەند شوێنێکی تر, ئەو هۆزە تا دوای جەنگی دووەمی جیهانیش لە سنوورەکە بوونیان هەبووە, لەوە دوا زۆریان بۆ بژێوی ژیان روویان لە کەرکوك کردووە, ئەوانی تر نەزاندراوە بۆ چ ناوچەیەکی دیکە کۆچیان کردووە,جگە لەو خێزانانەی لە گوندی چراغ نیشتەجێبوون کە لە بنەچەدا لەگەڵ دانیشتوانی قوتانی خەلیفە یەك بنەماڵە بوون و دوواتر گەراونەتەوە گوندی سمایل بەگی سەرووی ناحیەی شوان کە بە بنەماڵەی (حەسەنە لاڵ)ناسراون ،لە بنەڕەتدا خەڵکی چراغن , تا لەساڵی 1963 ئەوەی مابوو وەکو لوڕەکانی قوتانی خەلیفە ئەوانیش دەرکران، بەشێکی زۆری ئەو خێزانانە چونە ناو کەرکوك بەڵام لە هەشتاکان و دوواتردا هەندێکیان لە کەرکوکیش دەرکران و بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکانی هەولێر گواسترانەوە، ئەوانەی لە کەرکوکیشدا مانەوە تا ئیستا نەوەکانیان لە چەند گەڕەکێکی وەکو رەحیماوەو تەپەو شاترلو قۆریەو گەرەکی شواندا هەن ..

## 3-تۆپۆگرافیای زەوی:

عیراق بە گشتی لە رووی تۆبۆگرافیای زەویەوە بۆ چوار ناوچەی لە یەك جیاواز دابەش دەکرێت ،بیابانەکانی رۆژئاوای عیراق کە رۆژئاوای روباری فورات دەگرێتەوە تا سنوری سوریاو ئوردون و سعودیە، ناوچەی جەزیرە کە بەرزاییەکانی نێوان دیجلەو فورات دەگرێتەوە بەرەو باکور تا سنوری

تورکیا،ناوچە گردۆلکەیی و نیمچە چیاییەکان لە نزیکەی چیای حەمرینەوە دەست پی دەکەن بەرەو باکورو و باکوری رۆژهەڵات تا سنوری تورکیاو ئێران ، ناوچە تەختانیە لیتانیەکانی باشوری عیراق بەو زەویانە دەگوترێت کە هەر دوو رووباری دیجلەو فورات زۆر لە ئاستی دەریا نزیك دەبنەوەو تا لەسەر خۆ دەرژێنە کەنداوەوە.

توبۆگرافیای قەزای دوبز بەشێکە لە ناوچە گردۆلکەیی و نیمچە چیاییەکان، لە کۆمەڵێك زنجیرە گردۆلکە بەرز پێکهاتووە، لە باشور و باشوری رژهەڵاتەوە دەست پێ دەکەن و بەرەو باکورو باکوری رۆژئاوا دریژ دەبنەوە ..بەرزاییەکانیان لە نێوان 200 تا 1000) مەترە لە ئاستی دەریاوە،هەندێك لەو گردۆلکانە شاخ و بەردەڵان و رەقێنن ، بەڵام لە نێوان ئەم زنجیرە گردۆلکانەدا رووبەری زەوی تەخت و فراوان هەیە و بە باشترین و بەپیتترین زەوی کشتوکاڵی دادەنرێن.

بە گشتی لەرووی بەرزی و نزمی و شێوازی رووبەرو پێکهاتەی خاك و هەڵکەوتەی جوگرافیەوە قەزای دوبز بە پێکهاتەیەکی گردۆلکەیی و لێواری پەرینەوەی زەوی لە پێدەشت و تەختاییەکانەوە بەرەو بەرزایی و وناوچە چیاییەکان دادەنرێت, دەوروبەری دوبز کۆمەڵێك زنجیرە گردۆلکەی تێدایە کە درێژبوونەوەی ئەو زنجیرە گردۆلکانەن لە سنوری خوارووی باشووری کوردستانەوە دەست پێ دەکەن و هاوتەریب لەگەڵ زنجیرە چیاکانی حەمرین بەرەو باکورو باوکووری رۆژئاوا درێژ دەبنەوە, بەشێکی زۆری پێکهاتەی زنجیرە گردۆلکەکانی لە شاخ دروستبووەو بە کەڵکی چاندن و کاری کشتوکاڵی نایەت. ئەگەرچی لە نێوان کردۆلکە لە شاخ دروستبووەکاندا

پارچەزەوی کشتوکاڵی فراوانی لێیەو هەندێکیان لە وەرزی باران باریندا ئاویان تێدا کۆ دەبێتەوە, بەڵام بە گشتی زەویزاری نزیك گرۆدلکەکان هێندەی بۆ کاری ئاژەڵداری و بەخێوکردنی مەروماڵات گونجاون ,هێندە بۆ کاری کشتوکاڵی لە بار نین بە پێچەوانەی رووبەرە تەختاییەکانی قەزاکەو کەنارەکانی زێی بچوك کە بۆ کاری کشتوکاڵی گونجاون.

## 4-باران و سەرچاوەکانی ئاو:

رادەی باران بارین و هەبوونی سەرچاوەکانی ئاو لە کوردستاندا هۆکارێکی سەرەکی چاوتێبرین و تەعریبکردنی کوردستانە،بە بیابانبون ونزمبوونەوەی ئاستی بارین لە باشور و رۆژئاوای عێراق و نیمچە دوڕگەی عەرەبی هەزاران ساڵ لەمەوبەر دەستی پێکردووە ،بە بیابانبوون تەنیا بێ بارانی و وشکبوونی سەرچاوەکانی ئاو ناگرێتەوە، بەڵکو بێ توانایی زەوی و کەمبوونەوەی بەرهەمیش دەگرێتەوە، ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ هەڵکشانی عەرەب بەرەو باکور و رۆژهەڵات ، بە درێژایی مێژوو ئەم رەوکردنە روویداوەو کورد لە ناوچە تەختەکاندا خۆی لەبەر هێرش و پەلامارو هاتنی ئەم شەپۆلەدا پێ رانەگیراوە،چونکە زۆرجار بەهێزی سەربازی و بە مەبەستی داگیرکاری و توندوتیژی بووە، جگە لەوەی کوردیش لەبەردەم ئەو هێرشانەدا یەکگرتوو نەبووە ، هێزی سەربازی تۆکمەو مەشق پێکراو و بە بیرباوەری نەبووە، لە رووی دانیشتوانیشەوە ژمارەی کورد کەمتر بووە بۆیە وردە وردە کورد خۆی لە ناوچە چیاییە سەختەکاندا بینیوەتەوە .ئەوەی ئێمە لەم رۆژگارەدا شاهێدی بینین و روودانین ، لەسەردەمی ئێمەدا روویداوەو روودەدات تەعریبی رووبەرێکی فراوانی کوردستانە ، کە قەزای دوبز

یەکێکە لەو ئاوەدانیانەی کەوتوەتە چوارەچێوەی ئەو رووبەرەوە، بە هۆی دەوڵەمەندی بە سەرچاوەکانی ئاو و سەرچاوە سروشتیەکانیەوە.

سەرەرای گۆرانی کەشوهەواو کەمبونەوەی باران بەڵام دووبز تا ئێستاش نیمچە هێڵی باران بارینە, واتە بەشێك لە خاکی قەزاکە، یان رووبەرێکی فراوانی زەویەکەی بۆ کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی دانەوێڵە لە رێگای ئاودانی سروشتیەوە بە باران ، گونجاو و لە بارە.

لە ساڵانی سەرەتای ئاوەدان کردنەوەی دووبز وەکو گوند تا پەنجاکانی سەدەی رابردوو کە پرۆژەی ئاودێری لە بەنداوی دووبزەوە هەڵگیرا ، جوتیاران لە سنوورەکەدا تەنیا زەوی بێ ئاودێریان دەکێلا, واتە کشتوکاڵی لە سەر باران بارین بوو. هەرچەندە کەشو هەوای دووبز بە هاوینان گەرم و بە زستان وشك و ساردە، لە هاویندا پلەی گەرما دەگاتە نزیکی (50)پەنجا و بە زستانیش بۆ سێ تا چوار پلە ژێر سفر دادەبەزێت، وەرزی باران بارین لە ناوچەکەدا لە سەرەتای تشرینی یەکەم (مانگی دە) دەست پێ دەکات و تا حوزیران (مانگی شەش) دریژە دەکێشێت، بەڵام زۆرترین کاتی باران بارین لە دوبزدا لە مانگی دووازدەیە ،بە پیی هەندێك لە سەرچاوەکان لە هەموو ئەو ماوەیەدا تێکرا(معدل)ی بارین دەگاتە نزیکەی (50)ملیمەتر،لە کاتێکدا لە کۆی پارێزگای کەرکوك لە هیچ ساڵیکدا لە (130)ملیمەتر کەمتر نەبووە([4]) ، ئەمەش مانای ئەوەیە لە رووی باران بارینەوە دەڤەری قەزای دوبز کەمترین ئاستی بارانی لێ دەبارێت نەك هەر بە بە بەراورد بە هەرێمی کوردستان و بەشێك لە ناوچە کوردستانیە دابرێنراوەکان بەڵکو بە بەراورد بە

[4]-جمهورية العراق , وزارة التخطيط, الجهاز المركزي للأحصاء, المجموعة الأحصائية السنوية ، 2017، ص:43

خودی پارێزگای کەرکوکیش ، بروانە خشتەی(2):سەرەڕای کەمی بارانیش هیشتا ئەمە گرنگی و بایەخی خاکی کوردستانمان بۆ دەردەخات بە گشتی بەرامبەر شوێنەکانی دیکەی باشووری عیراق ..

خشتەی (2)ئاستی باران بارینی ساڵانە(2005 تا 2014) بە ملیمەتر روون دەکاوە:

| ساڵ/شار | 2005 | 2006 | 2007 | 2008 | 2009 | 2010 | 2011 | 2012 | 2013 | 2014 | ك.گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەرکوك | 249.4 | 458.4 | 173.1 | 134.9 | 225.8 | 267.2 | 221.8 | 292.1 | 394.3 | 319.0 | 2736 |
| نەینەوا | 511.2 | 193.8 | 216.3 | 223.8 | | 240.6 | 294.7 | 278.6 | 455.5 | 339.5 | 3048 |
| دهۆك | 502.2 | 804.7 | 412.2 | 370.1 | 487.2 | 293.4 | 434.0 | 545.8 | 641.2 | 677.1 | 5167 |
| هەولێر | 293.3 | 509.2 | 272.1 | 297.0 | 311.6 | 261.8 | 301.6 | 366.4 | 345.2 | 385.2 | 3343 |
| سلێمانی | 545.7 | 601.2 | 588.0 | 381.2 | 607.9 | 385.2 | 507.4 | 719.3 | 460.2 | 677.4 | 5473 |
| ك. گشتی | 1885 | 2884 | 1693 | 1399 | 1856 | 1448 | 1759 | 2202 | 2296 | 2398 | 19820 |

ئەگەر چی ساڵانە لەو پێنج پارێزگایەی جوگرافیای هەرێمی کوردستان پێکدێنن تێکرای نزیکەی (400)ملیمەتر باران دەبارێت، بەڵام لەو

رووبەرەدا دووبز کەمترنیانە، بۆیە خەڵکی ناوچەکە هەر لە کۆنەوە بۆ کاری کشتوکاڵی جگە لە باران بیریان لەسەرچاوەی دیکە کردوەتەوە ، کاتێك لە کەناری رووبارێکدا ژیاون و سەرچاوەیەکی ئاویی زۆر گرنگ هەبووە بیریان لەوە کردووەتەوە چۆن ئەم ئاوە راکێشن بۆ سەر کێڵگەو زەوی کشتوکاڵیەکانیان و لە جیاتی پشتبەستان بە باران ئیتر لە رێگای ئاودانی دەستکردەوە کاری کشتوکاڵی بکەن..

بۆ ئەو مەبەستە دەبینین لە هەندێ شوێندا (کارێز) هەڵکەندن هەبووەو بەهۆی ئاوی کارێزەوە خاوەن زەویەکان زیاتر خەریکی چاندنی میوەو سەوزەو رەزو باخ بوون، جگە لەوە (ناعوور) لە کەناری رووبارەکەدا هەڵکەندراوە وبەهۆی وڵاخی بەرزەوە ئاویان لەو چاڵە دەرهێناوە, یا بەجۆگا ئاوی گەلالیان راکێشاوە بۆ شینایی کردن و ڕەزوباغ, هەروەها دووای بەدەرکەوتنی ئامێرو مەکینەو پەمپی راکیشانی ئاو لە کەناری رووبارەکە چاڵێکیان هەڵدەکەندو پڕ دەبوولە ئاو ئیتر مەکینە یان پەمپی ئاویان لەسەر ئەو چاڵە دادەمەزراند بە گازۆئیل ئەو مەکینانەیان کار پێ دەکردو بۆ چاندنی دانەوێڵەو شینایی و رەزوباغ بەکاریان دەهێنا , بە هۆی ئەو پیشکەوتنە تەکنۆلۆژیانەوە لە ئێستادا خەڵکان زیاتر روویان کردووەتە بەروبوومی کشتوکاڵی ئاودێری جگە لەوەی بە هۆی گۆرانکاریە ژینگەییەکانەوە باران چ لە کات و سات و چ لە بڕەکەیدا و چ لە شێوازی بارینەکەدا وەکو جاران نیە ,بۆیە بۆ بەرهەم هێنانی زیاتری بەروبوومی زەوی وەك گەنم و جۆ و شینایی و رەزوباغ لە سنوورەکە کاری راکێشانی ئاوی پرۆژەی ئاودێری بەنداوی دووبز بەکار دێنن بۆ کێڵگەکان, یا ئەوانەی نزیکن لەسەر زێی بچووك بەشێوەیەکی تر ئاوی زێ بۆ ئەو مەبەستە بەکار دێنن, سەرەرای

هەمو ئەوانەش . بۆ سود وەرگرتن لە ئاوی ژێر زەوی بە تایبەت بۆ ئەو زەویوزارە کشتوکاڵیانەی لە سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەویەوە دوورن ، جوتیارەکان پەنایان بردووەتە بەرهەڵکەندنی بیری ئیرتیوزای یان بیری مامناوەند تا (90)نەوەد مەتر کە لەناو خەڵکەکەدا بە بیری سوری ناسراوە لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو کرێکارو خاوەن ئامێرانەی ئەم کارەیان دەکرد ئاوارەکانی کوردی رۆژئاوا یان سوریا بوون ، بە شێك لە جوتیارەکانی قەزای دوبز ئەم جۆرە بیرانە، یان بیری ئیرتیوازی ناو کێڵگەکانیان لێدەدەن بەمەبەستی ئاودێری و شێنایی کردن و بەخێوکردنی پەلەوەر و ماسی, بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانە هێشتا لە قەزاکە خەڵکانێکی زۆر ماون سەرقاڵی بەروبوومی کشتوکاڵی دێمی وەکو گەنم و جۆ و دانەوێڵەکانی دیکەن و تەنیا پشت بە باران بارین دەبەستن بۆ ئاودانی دەغڵ و دان کە زیاتر گەنم و جۆ دەچێنن.

## 5- پەرەسەندنی شارنشینی و رێگاوبان:

لە رووی مێژوویی و شارنشینیەوە کەرکوك یەکێك بووە لە کۆنترین شار و سەرەکیترین شاری ناوچەکە بە درێژایی مێژووی نزیکەی هەزار سالی رابردوو، تا نزیکەی کۆتایی دەسەڵاتی عوسمانیش، سیماو روخسارەکانی کلتوری شارنشینی لە کەرکوکەوە هەژموونی خستوەتە سەر ئاوەدانیەکانی دەوروبەری ، دوواتر بە هۆی دروستکردنی دەوڵەتی عیراقی و لکاندنی ویلایەتی موسل بە عیراقەوە ،کەرکوك و دەوروبەری کەوتنە بەر شاڵاویکی گەورەی کۆرانکاری لە رووی دیموگرافی و کلتوری و ناوەندەکانی ئاوەدانیەوە ،یەکێك لەو ناوەندانەی دروستکرا گوندی دوبز بوو،لە ساڵی

1960کرا بە ناحیە لە ماوەیەکی کەمدا بووە یەکێك لە گرنگترین شارۆچکەکانی کەرکوك، بە هۆی پەرەسەندنی خیرای دامەزراوەو دامودەزگا بنەڕەتیەکانی ژیانی شارنشینی لە ناحیەکەدا ، وەکو بەنداوی دوبز لە سالی 1965 و وێستگەی بەرهەمهینانی کارەبا 1982 و هەبوونی چەند کێڵگەیەکی نەوت گەشەکردن و پەرەسەندنی سیماکانی شارنشینیی لە شارۆچکەکەدا خیراتر کرد .

لە رووی گەشەکردنی گەرەکەکان و فراوانبوونی شارۆچکەکەوە ،دووبز بەر لە 1960/8/14 دێیەك بوو, بەڵام ئەو سەردەمەش گوندەکە لە دوو گەڕەکی میلی پێکهاتبوو, گەرەکێکیان هەر بریتی بوو لە گوندە کۆنەکە ، بۆیە پیی دەگوترا دێی دووبز و بە گەرەکەکەی تریش دەگوترا پیساوە, دوواتر بە هۆی هەبوونی هەلی کار وەکو کارکردن لەکۆمپانیای نەوت هەر لە سەرەتای ساڵەکانی 1950 و دوواتر کارکردن لەوێستگەی بەرهەمهێنانی کارەبا ساڵانی 1956 و 1957 خەڵکێکی زۆر لە زۆرلاوە رووی لە دووبز کرد بۆ کارکردن لەو شوێنانە, ئەمەش ببوە هۆی چڕی دانیشتوانی زیاتر سەرهەڵدانی گرفتی نیشتەجێ بوون ، پێویستی بە نەخشەو پلان بو، بۆیە لە کۆتایی پەنجاکانەوە، پیش ئەوەی ببێتە ناحیە بەرنامەی دروستکردنی گەڕەکێك بۆ کرێکارانی کۆمپانیای نەوت دانرا، بەسەر خیزانی فەرمانبەران و کرێکارانی ئەم کەرتەدا دابەشکرا بە گەرەکی کرێکارانی نەوت ناسرا.

لە ساڵی 1960تەوە گەڕکیکی تری میلی ئاوەدان کرایەوە بە پاڵ گەڕەکی پیساوە و دێی دووبز, لەو دەم گەڕەکەکان بەم ناوانە بوون: دێی دووبز تا ساڵی 2003 هەر بەو ناوەوە ماوە و لەوەپاش کوردستانی ناونرا, پیساوە,

ئەو گەڕەکە نوێیەی بەدەم ئەو دوو گەڕکەوەبو وەکو ئاماژەمان پێکرد , گەڕەکی کرێکارانی نەوت, واتە بو بە 4گەڕەك, ساڵی 1963و 1964 گەڕەکی پیساوە لە لایەن حکومەتەوە هەڵگیرا بەهۆی ئەوەی کەوتە سنووری پرۆژەی ویستگەی کارەباوە, لەبری ئەو گەڕەکە هەرماڵەو پارچەیەك زەوی درایێ و گەڕەکیکی نوێ ئاوەدان کرایەوە,بە زۆری هەندێك لەو ماڵانە خاوەند مەڕو ماڵات بوون ناوی ئەو شوێنەیان نا گەڕەکی (غەنامە), واتە مەڕدارەکان, تا ئەو کاتەش دوبز هەر (4) گەڕەك بوو, ساڵی 1959تا ساڵی 1963 کاردەکرا لە گەڕکێکی تایبەت بە فەرمانبەر و کرێکارانی ویستگەی کارەبا هەندێ لەو خانوانەی لەو سەردەم دروست دەکرا دوو قات بوو, ئەو گەڕەکەش لە ساڵی 1962وە وردە وردە خێزانی تێدا نیشتە جێبو, بو بە (5)گەڕەك, هەمو ئەو گەڕەکانە هێدی هێدی روو لە زیاد بوون دەچو, ساڵی 1974 بەدواوە گەڕەکێکی تر ئاوەدان کرایەوە بەناوی گەڕەکی (قەرەدەرەییەکان), ساڵانی 1978و 1979 شارەوانی دووبز بڕێ زەویوزاری کوردی خستە نێو سنووری شارەوانی بێ قەرەبوو کردنەوە و دابەشی سەر فەرمانبەران و کرێکارانی شارەوانی کرد, بەڵام دوواتر بە سەر سەرباز و پۆلیس خەڵکی بەعسی و هەمەچەشنەدا دابەش کرا , لە سەرەتای ساڵی 1980 بە سەرەوە خەڵکی تێدا نیشتە جێبوو, لە سەرەتای ساڵی 1981 بە سەرەوە گەڕەکیکی تازە بنیات نرا بەناوی گەڕەکی (شهداء), واتە شوهەدای قادسییەی سەدام, تا ئەودەم بوو بە (7) گەڕەك, تا ساڵی 2003 بەو شێوەیە مایەوە, بەڵام لەکاتی دابەش کردنی گەڕەکەکانی شاروچکەی دووبز ناو داروەستەی بەعس بۆ کاری ڕێکخستن و کاری تایبەت بە خۆیان گەڕکەکانی دووبزیان دابەش کرد و چەندین ناوی

سەرزاری لایەنگرانی بەعسیان لێنا، وەکو (حەی البعس, حەی السدام, 7نیسان, شهدا و قادسیە و تا دوایی), لە گەڵ لەناوچونی بەعس ساڵی 2003 ئەوەبوو سەرتاپای ئێراق گۆڕانکاری بەسەرداهات, لە قەزای دوبزیشدا گۆرانکاری و گەشەکردن و پەرەسەندنی شارنشینی خێرا روویدا، چونکە بە درێژایی پەنجا ساڵی پیشووتر کە رێگا لە پەرەسەندنی سروشتی دانیشتوانی دوبز گیرابوو ،خێزانە کوردەکان دەردەکران و لە پارێزگای هەولێرو شارو شارۆچکەکانی دیکەدا ، دوور لە زەی و زارو شوێنی نیشتەجیبونی راستەقینەیا خۆیان دەژیان و لە ماویە ئەو پەنجا ساڵەشدا هەر خێزانێك چەندین خێزانی دیکەی لێ کەوتبوەوە ، بۆیە لە ناکاو کتوپڕ ژمارەیەکی زۆری ئەو خەڵکە پیکەوە گەرانەوە قازاکە، ئەمەش جۆرێك لە بشێوی شارنشینی و بێ بەرنامەیی و نارێکی لە دیزاین و نەخشەی شارنشینیدا دروست کرد، بە شێوەیەك لە شێوەکان فراوانبونی هەڕەمەکی (التوسع العشوائی) هێنایە ئاراوە .

چەند مانگ بەسەر نەمانی بەعسدا نەڕۆیی لە هەموو لاوە گەڕەکەکان پەرەی سەند چەندساڵیکی پێنەچوو پتر لە (6) گەڕەکی تر لە ناوەندی شارۆچکەکەدا ئاوەدان کرانەوە , لەوانە: گوڵان, مەشخەڵان, دیاربەکر, هەوارە بەرزە, شوێنی کۆنە معەسکەر, جگە لە دوو گەڕەك لە رۆژئاوای جادەی بای حەسەن, بەرامبەر کۆنە معەسکەر و مەشخەڵان, لەمڕۆدا گەڕەکەکانی دووبز خۆ لە (14) بۆ (15)گەڕەك دەدەن.

شاروچکەی دووبز لە دوای روخانی بەعسەوە بەو شێوەیە پەرەی سەند, تا ئەو دەمەش چەندین خانووی لە قوڕ و خشت و شەقڵەی تێدا مابوو, لە کۆتایی

ساڵانی هەشتایەکان و سەرەتای ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو لە گەڕەکە میلییەکان یەکەم کەس (محەمەد بایز رەحمان ئیسماعیل) خانوی دوو قاتی لە دووبز بەسەریەکەوەنا, بەڵام تا ئیستاش هێشتا لە دووبزدا نە (شوقە) نە گەڕەکی مۆدرێنی سەردەمیانەی تێدا دروست نەکراوە.

لە بارەی ڕێگاو بانیشەوە ،دووبز بەر لە ساڵی 1927 کە سەردەمی سەرەتای کار کردن و دەرهێنانی نەوتی ژێر زەوی بووە لە سنووری پارێزگای کەرکوك و دەوروبەری, لە سنووری دووبزدا ڕێگایەکی سەرەکی تێدا نەبووە جگە لە پیادە ڕێ, بەڵام لەو مێژووەوە بە پاشەوە کۆمپانیای نەوت بۆ مەرامی کاری خۆی ڕێگایەکی خۆڵینی تایبەتی لەسەر چەندین پردی بچوك بچوك لە نێوان کۆمپانیای نەوتی کەرکوك و کۆمپانیای نەوت لە سنووری دووبز وەك نمرە8 و بای حەسەن و ئاڤانە و شوێنانی تر دروست کرد, هەر ئەو ڕێگایە دوای چەند ساڵێك نەوتی رەشی بەسەردا ڕژێنراو درێژکرایەوە تا گەیشتە چاڵەنەوتەکانی بەری رۆژئاوای زێی بچووك لە سنووری دێهاتەکانی ناحیەی کەندێناوەی پارێزگای هەولێر, لەو سەردەمانەدا ڕێگایەکە بەهەمان شێوەی پێشوو درێژکرایەوە روو لە باشوور تا گەیشتە چاڵە نەوتەکانی سنووری دێهاتەکانی( شیراناو, دورم, ئدریس هەیاس و تادوایی), لەوسەردەمەوە ڕێگاوبان لەم سنوورە پەرەی پێدراو بە زۆر ڕێگای ترەوە بەستراوە, هەر لەو دەورووزەمانەش جادەی نەوت ڕێژ لە دووبزە وە گەیشتووتە ناحیەی کۆپری نێوان کەرکوك هەولێر و ناحیەی کەندێناوەی سنووری پارێزگای هەولێر, بەرەو باشوور تا شیوی نەوتی ڕێگای کەرکوك –حەویجە, ئەو ڕێگاوبانە بە تێپەڕبوونی رۆژگار نۆژەن کراوەتەوە بۆ چەندین جار قیر ڕێژ کراوە, تا ساڵانی 2010 بۆ 2016 جادەی نێوان

کەرکوك ودووبز کرا بە جووت جادە و جادە کۆنەکەش قیری تازەیان بە سەرد کرد و چەندین جادەش ناو شاروچکەی دووبز کرا بە جووت جادە .

هەر لەو سەردەمەشدا بۆ چەندین دێی سنوورەکە وبە چەندین کیلۆ مەتر جادەی قیڕ راکێشرا تا وایلێهات هیچ دێیەکی ئەم سنوورە بێ جادەی قیڕ و چەو رێژ نەمایەوە, ئەوانەو جگە لە نۆژەندکردنەوەی جادەی پردێ- دووبز, لە گەڵ دابین کردنی بە دەیان کیلۆ مەتر زیاتر هێڵی کارەبا بۆ دێهاتی ئەم سنوورە کە لەپاش ساڵی 2003 ئاوەدان کرانەوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگای پەرەپێدانی پارێزگاکانەوە([5])

## 6-پێکهاتەو دابەشبوونی دێموگرافی قەزای دوبز:

دانیشتوان توخم و رەگەزی سەرەکی مانەوەی کۆمەڵگاو هەر نەتەوەیەکە، بۆیە توێژینەوە لە دانیشتوان و ئاراستەکانی گشەکردن و پەرەسەندن و چڕبوون و دابەشسبون و پێکهاتەو خەسڵەت و تایبەتمەندیە دانیشتوانیەکان یەکێکە لە بابەتە گرنگ و هەستیارەکان ، بە تایبەتی لە رووی نەتەوەییەوە بۆ کورد یەکێکە لە بابەتە چارەنوسسازەکان .

تێگەیشتن لە گۆرانکاریە دانیشتوانیەکان واتە هۆشیاری نەتەوەیی ، لە باشوری کوردستاندا دانیشتوان کەوتوەتە بەر گەورەترین هەڕەشە بە تایبەت دانیشتوانی گوندەکان و کۆمەڵگای لادێیی کورد بە گشتی ، بۆ تێگەیشتن لە قەبارەی ئەو هەڕەشەیە پێویستە هەمیشە بەراوردی ئاستەکانی گەشەکردنی دانیشتوان لە عێراق و ریژەی پێکهاتەی نەتەوەیی و چۆنیەتی دابەشبوونی

---

[5] - قانع قادر عوسمان, دووبز لة ضةند تةوةريَكدا, ضاثخانةي نةوروَز- كةركوك -سالَي 2011- ل 68-

کورد بکەین لە قۆناغە مێژووییە جیاوازەکاندا،لە عێراق لە ساڵی 1927ەوە دەست بە ئامارو سەرژمیری و پۆلێنکردن و روونکردنەوەی پێکهاتەی رەگەزی و نەتەوەیی و ئاینی و جیاکردنەوەی ریژەی شارنشینی و لادێی و وردەکاریەکانی بابەتی دیموگرافیای عیراق کراوە.

لە سەرەتای پێکهێنانی عێراقدا لە بیستەکان ،ژمارەی دانیشتوانی هەموو عیراق بە قەد ژمارەی دانیشتوانی ئیستای پارێزگای کەرکوك بوو ، لە ماوەی سەد ساڵدا بیست جار بە قەد خۆی زیادی کردووەو گەیشتوەتە نزیکەی چل ملیۆن ، ئەم گۆرانکاریە دەبێ ئێمەی کورد هۆشیار بکاتەوە، پیشبینیمان لا دروست بکات ، بیر لە وەڵامی ئەو پرسیارە بکەینەوە ئایا پلان و نەخشەی عەرەب بۆ سەد ساڵی ئایندە چیە؟ رادەی گەشەکردنی دانیشتوانی عیراق لە ساڵی (1947 وە تا 1957) تێکرای ساڵانە (2،68%) بووە ، بەڵام لە(1957 تا 1977)رادەی گەشەکردن بەرز بوەتەوە بۆ (3،2%) ، دوواتر لە دە سالی نێوان (1977 تا 1987)کەمێك دابەزیوە بۆ (3.1%) و لە نێوان (1987 تا 1997) کە دووا سەرژمیری عیراق بووە ،دابەزیوە بۆ (3%)([6]) ئەگەر لەو دابەزینەش بەردەوام بێت لە ماوەی سەد ساڵی ئایندەدا تەنیا بە رادەی ساڵانە (1،5%)گەشە بکات دانیشتوانی عێراق لە سالی (2120) دا ،دەگاتە دوو سەد ملیۆن کەس ،لەم زۆربوونەدا چارەنوسی کورد بە کوێ دەگات؟! بە تایبەت کەرکوك و ناوچە کوردستانیە دابرێنراوەکان چەندین ساڵە تیادا کار بۆ دەرکردنی کورد و هێنانی عەرەب دەکرێت!؟

---

[6] -جمهورية العراق ,وزارة التخطيط , المصدر السابق, ص: 46.

دوبز بە پێی مەرسومی کۆماری ژمارە (72)لە ساڵی 1976 لە ناحیەوە کرا بە قەزا، یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی شاریش بە پێچەوانەی گوندەوە جۆراوجۆری دانیشتوان و جیاوازی پێکهاتەکەیەتی، بۆیە لە رۆژگاری ئەمرۆماندا ،قەزای دوبز وەکو هەر شارو شارۆچکەیەکی دونیا ، لەگەڵ گەشەکردن و پەرەسەندن و گەورەبوونیدا لە رووی پێکهاتەی دانیشتوانیشەوە ئاڵۆزتر و جۆراوجۆتر دەبێت، چونکە وەکو ئاماژەمان پێکرد یەکێك لە سروشتە بنچینەییەکانی شار تێکەڵاوی وردە کلتورەکان و لە یەك نەچوون و جیاوازی زمان و رەنگ و دابونەریتە ، کە ئەمەش لە گوندی جیا دەکاتەوە ، بە پێچەوانەوە گوند لە بەرەبابێك و خزم و کەسی یەکترو لە یەك دەچن.

ئێستا پێکهاتەی دانیشتوانی ناو قەزای دوبز لە کورد و عەرەب و هەندێ ماڵ و خێزانی تورکمان و چەند خێزانێکی کلد و ئاشووری پێکدێت ,لە ناو ئەم پێکهاتەو بونیادەشدا خێزانە تورکمان و کلدو ئاشووریەکان باگراوندو پاشخانێکی لادێیيان لە قەزاکەدا نیەو خەڵکی خوێندەوارو تەکنۆکرات و فەرمانبەری حکومی و کەرتی گشتین،بە هۆی دەستکەوتنی هەلیکاروکاسبی وبۆ کرێکاری و بژێوی ژیان روویان لەدووبز کردووە، بێگومان لە سەردەمی کارکردنی کۆمپانیای نەوت و ویستگەی کارەبای دوبزەوە ئەو هەلیکارکردنە بۆ خەڵکی ناوچەکەو تەواوی پارێزگای کەرکوك و عیراق بە گشتی دەرگایەکی کراوە بووە، بۆیە حکومەتە یەك لە دووای یەکەکانی عیراق ئەم هەلەیان بۆ مەبەستی شۆفینی و پەراوێزخستنی دانیشتوانی رەسەنی قەزاکە بەکارهێناوە کردوویانەتە میکانیزمێك بۆ سرینەوەی کلتوری کوردی لە شارەکەدا.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی قەزاکە لە بارەی ژمارەی دانیشتوان و پێکهاتەی دێموگرافی لە رووی نەتەوەیی و ئیتنی و ئاینی و مەزهەبیەوە لەگەڵ فروانبوونی شارەکە ئاستی تێکەڵاوی و جۆراوجۆری پێکهاتەکەشی ئاڵۆزبووە، بە تایبەت لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابردوو و زاڵبوونی دەسەڵاتی شۆفینیزمی عەرەبی بە بەرنامە کاری بۆ تێکدانی پێکهاتەی نەتەوەیی و سرینەوەی کوردو نیشتەجێکردنی عەرەب کردووە.

لە سەر ژمیری ساڵی 1957 دوبز گوند بووە، گوندێك سەر بە ناحیەی پردێ ، بۆیە لە بارەی پێکهاتەی نەتەوەییەوە دەبێ باسی پێکهاتەی نەتەوەیی ناحیەی پردی بکەین ئەمەش باسێکی ترە و لە بەشی شەشەمدا دەچینە سەر ئەو بابەتە.

وەکو گوندیش کە ئیستا هەندێك لە پیرو بەساڵاچوان و بەتەمەنەکان ماون ، لە گوندی دوبزدا پیش ئەوەی بکرێت بە ناحیەو دوواتر قەزا ، هەتا پیش سالی 1934جگە لە کورد هیچ نەتەوەیەکی تر لەو گوندە نیشتەجی نەبوو، دوواتر عەرەبی بۆ هاتووە، ئەگەرچی دێهاتەکانی (قەرەچەم , بای حەسەن ،قەرە مێل , مەڵحەی عەرەب, تویلعە , مەحگوڕ , کونەرێوی , مشێرفە , ئەبوخورجە , خەرابەرووت , دورم , سابونچی , ئیدرس عەرەب , کێف) تێکەڵاو لەگەڵ کورد یان عەرەبی لێ نیشتەجێبووە .

لە بارەی ژمارەی دانیشتوانیشەوە ،لە سەرژمیری ساڵی 1977دا کە یەکەم سەرژمیری بوو دوبز وەکو قەزا سەرژمیری تێدا کرا ژمارەی دانیشتوانی(37815) کەس بوو ، بەڵام لە سەرژمیری 1987 دابەزی بۆ (22316)کەس.

دووای گۆرانکاریەکانی 2003 و گەرانەوەی هەندێك لە ئاوارەكان و هەڵاتنی هەندێك لە خێزانە هاوردەکان ،لە سەر ژمێریەکی ساڵی 2008 لە قائمقامیەتی قەزاکە ئەنجامدراوە بۆ تەواوی ناوەندی قەزاکە لەگەڵ ناوەندی ناحیەی سەرگەران بەم شێوەیە بووە:

| ژ | نەتەوە | ژمارەیان |
|---|---|---|
| 1 | کورد | 21312 |
| 2 | عەرەب | 15540 |
| 3 | تورکمان | 370 |
| 4 | کلدۆئاشور | 45 |
| | کۆی گشتی | 37367 |

بۆمان دەردەکەوێت لە سەرژمیریەکەدا ژمارە کورد(21312)کەسە ، سەرەرای پرۆسەکانی دەرکردن و پەراوێزخستن و گواستنەوەو هاوردەکردنی عەرەب و پەیداکردنی هەلیکارو نیشتەجێکردن و کارئاسانی بۆیان بە درێژایی مێژووی نزیکەی سەد ساڵی رابردوو ، ژمارەو پێکهاتەی عەرەب لە قەزاکە (15540) کەس بووەو پێکهاتەی تورکمانیش کە سەدان ساڵە لە کەرکوك و پردێ و هەولێر لەگەڵ کورددا دەژین تەنیا (370)کەس و پێکهاتەی کلدوئاشوریش (45)کەس بووە , کۆی گشتی دەکاتە 37367کەس, بە دانیشتوانی ناحیەی سەرگەڕانەوە.

ئەگەر بە راوردی بکەین بە قەزاکانی دیکەی عێراق بە گشتی، گەشەی دانیشتوان لە قەزاکەدا لە ئاستێکی نزم بووە، سەرەرای گونجانی ناوچەکەو

هەبوونی هەلیکارو دەوڵەمەندی بە سەرچاوە سروشتی و کانزاییەکان و هێنانی هەزاران خێزانی عەرەب بۆ قەزاکە ، هەروەکو لە بەڵگە نامەکاندا روون کراونەتەوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی دانیشتوانی قەزاکە گەشەکردنی زۆری بە خۆوە نەبینیوە . چونکە هەمیشەو لە قۆناغە جیاجیاکاندا خێزانە کوردەکان دەکراون ، ئەمەش کاریگەری لەسەر گەشەکردنی دانیشتوانی قەزاکە هەبووە .

لە زۆربەی ئامارو سەرژمێریەکانی عێراقدا ئاماژە بە باری نەتەوەیی و مەزهەبی نەکراوە، هەتا نەبێتە مایەی رق و کینەو دووبەرەکی ، لە راستیدا ئەگەر حکومەتێکی دادپەروەرو نیشتمانی بێتە سەر دەسەڵات و جیاوازی نەکات لە نێوان پێکهاتەکاندا ئەم ئاماژە نەکردنە زۆر باش و تەندروستە بەڵام لە دەسەڵاتی حکومەتێکی شۆفینیدا بە زیانی کەمینەکان دەشکێتەوەو وردە وردە کار لەسەر توانەوەیان دەکرێت ، بە تایبەت لە کاتێکدا خوێندن لە قوتابخانەکان و نوسینی فەرمی و تابلۆکانی ناوبازارو زمانی سوپاو ئاسایش و فەرمانگەکان لە کەمینەیەکان قەدەغە کرابێت و لە رێگای زەبروزەنگەوە زمان و کلتوری پێکهاتەیەکی دیکە بسەپێنرێت .

لە ئاماری ساڵی 1977دا بە ژمارەو رێژە پێکهاتەی نەتەوەکان جیا کراونەتەوە، بەڵام بە هۆی گۆرانکاریەکانی قەزای دوبزو جیاکردنەوەی گوندە کوردیەکان و لکاندنیان بە ناوچەکانی ترەوە ، بە پیچەوانەوە هێنانی عەرەب و کۆکردنەوەی گوندە عەرەبیەکان بێ رەچاوکردنی نزیکی و دووریان ، سەرەرای نەبوونی متمانە بە خودی پرۆسەکەو رانەگەیاندنی

راستیەکان .لەو سەرژمێریەدا لەشاروچکەی دووبز: کورد (36،26%) و عەرەب (59،90%) و تورکمان (2،41%), ئەوانی تر (0،59%) .

ئەوەی شایانی باسە لەم سەرژمێریەدا لە کۆی (14) دێی کوردی ، تەنها (3) دێی کورد لە سنوورەکەدا مابوون, ئاماری ساڵی 1957 کە ئەوسەردەم دووبز دێیەکی سنووری ناحیەی پردێ بوو ژمارەی دانیشتوانی(1045) کەس بوو، لەوکاتیش ژمارەی خێزانی عەرەب لە دێیەکەدا نەگەیشتوەتە (20) خێزان ، لەسەرژمێری ساڵی 1947 دیسان دووبز دێیەکی سنووری ناحیەی پردێ بووە, سەرجەم دانیشتوانی لەو سەرژمێریەدا(676) کەس بووە, لە ماوەی (10)ساڵدا (369)کەس زیادی کردووە ، لەوانەش 312 نێر و 364 مێ بوون, کە دەکاتە نزیکەی (37)کەس لە هەر ساڵیکدا لە گوندی دوبز زیادی کردووە ، ئەوەی شایانی باسە لە سەرژمێری سالی (1947)دا تەنیا دوو خێزانی عەرەب لە ناو گوندەکەدا هەبووە ، ئەگەر ناوەندی قەبارەی خێزان وەکو کۆمەڵگای لادێی ئەو قوناغە بە (7)کەس بخەمڵێنین ، ئەو (676)کەسە لە ساڵی 1947دا ، بریتی بووە لە (97)خێزان ، (2)خێزانی عەرەب و (95)خێزانی کورد ، تەنیا (14)عەرەب و (662)کورد لە گوندەکەدا ژیاون .

لەئاماری ساڵی1997، کە تەنیا ئەو ناوچانەی گرتەوە لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەغدا بوون، ناوچە کوردستانیە دابرێنراوەکان هەموو جۆرە فشارێکیان لە سەربوو، تەعریب کرابوون، بە دەگمەن خێزان هەبوو لە پرۆسەی راستکردنەوەی باری نەتەوەیی لە ترسا و لە ژێر هەرەشەدا خۆیان بە عەرەب نەنوسیبێت،لەو سەرژمیریەدا لە بارەی دابەشبونی ژینگەیی

دانیشتوانی عیراقەوە لە سەر ئاستی هەموو پارێزگاکان دیاری کراوە، نەك قەزاکان ، ئەوەی پەیوەستە بە ریژەی کۆمەڵگای لادییی و کۆمەڵگای شارنشینی لە پارێزگای کەرکوك کە قەزای دوبزیش دەگرێتەوە ، کۆمەڵگای لادییی واتە عەرەبە هاوردەکان جگە لە چەند گوندێکی کاکەییەکان لە قەزای داقوق ئیتر کۆمەڵگای لادێیی لەم سەرژمێریەدا گوزارشت لە کورد ناکات، ئەگەر بەراوردی بکەین بە سەرژمیریەکانی دوواتر، دەبینین:-

خشتەی(3)گەشەکردنی دانیشتوانی کەرکوك روون دەکاتەوە:

| سال/ دانیشتوان | لادێنشین | شارنشین | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| 1997 | 222245 | 530926 | 753171 |
| 2009 | 375713 | 950140 | 1325853 |
| 2015 | 384944 | 1090909 | 1475853 |
| 2016 | 395406 | 1120544 | 1515950 |
| 2017 | 406011 | 1150607 | 1556618 |
| 2018 | 416770 | 1181106 | 1597876 |

ئەگەر چی جیاوازی نێوان سەرژمێری ساڵی 1997 و ئەو ئامارانەی 2009 نزیکەی (12)ساڵە ،بەڵام زیادبوونێکی ناسروشتیە لەو ماوەیەدا، هەروەکو دەبینین دانیشتوانی شارنشینی لە کەرکوك نزیکەی دوو بەرامبەر زیادی کردووە!، لە عیراق بە گشتی بە تایبەت لەو شارانەی کەوتونەتە بەر هێرشی جینۆسایدو پاکتاوی رەگەزی و گۆرینی دیموگرافی ، بە پیی گۆرانکاریە سیاسیەکان ریژەی پێکهاتەکان بەرز دەبێتەوەو دادەبەزێت ، بۆ نمونە نەك هەر شارە کوردیەکان بەڵکو پایتەختی عیراقیش (شاری بەغدا)

هەمان دۆخی هەیە، ئەگەر دەسەلات لە هەر مەزهەبێك بێت و سەرژمیری بکات ریژەی رێژەی ئەو پێکهاتەیە بەرزە کە لە دەسەڵاتن ، ئیستا رێژەی پێکهاتەی شیعە لە شارەکەدا بەرزەو بە پێچەوانەوە لە ژیر دەسەڵاتی سونەدا ریژەی شیعەکان کەم دەبێتەوە ، ئەم دیاردەیە بۆ شارە کوردیەکانیش هەر راستە ، لە کاتێکدا کورد دەسەڵاتی لە ناوچەکە هەیە خێزانە کوردیەکان دەگەڕینەوە سەر موڵك ومالّی خۆیان ،بەڵام کاتێك ناوچەکانیان دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی ، ژمارەیەك لەو خێزانانە ناوچەکانی خۆیان بەجێ دێڵن بە هۆی نەبوونی متمانە لە نێوان پێکهاتەکاندا ، ئەگەر لەم بارەوە سەیری ئەو ئامارانە بکەین کە لە قۆناغە جیاوازەکاندا ئەنجامدراون دەبینین .

لە ئەنجامی ئەو سەرژمێریەی لە ساڵی 1997کراوەو سەرانی رژێم خۆیان بڵاویان کردەوەتەوە ، بە پێی ئەو نوسخەی لە نووسینگەی قائمقامیەتی دووبز پارێزراوە، ئامارەکە بەم شێوەیە بووە:

| ژ | نەتەوە | ژمارەیان |
|---|---|---|
| 1 | کورد | 6300 |
| 2 | عەرەب | 14490 |
| 3 | تورکمان | 450 |
| 4 | کلدۆئاشور | 65 |
| | کۆی گشتی | 21305 |

لەم سەرژمیریەدا عەرەب نزیکەی (2.5) بەرامبەر پێکهاتەی کوردە لە قەزاکەدا!، لە کاتێکدا هەموو پیرو بە تەمەن و ئەوانەی ساڵانی چلەکانیان بە بیر دێت لە کوردو براعەرەبەکان خۆانیش چاك دەزانن لە سەرژمیری سالی

1947 و سالی 1957 ژمارەی خێزانە عەرەبەکان لە ناو دووبزدا لە پێنج تا شەش خێزان تێ ناپەڕی و ناسراو و دیاربوون ، هەروەها لە بڵاوکراوە فەرمیەکانیشدا ،لە هیچ سەرژمێریەکی عیراقدا لە 1927ەوە تا 1987 لەم ناوچەیەدا عەرەب یەك لەسەر چواری دانیشتوانی ناوچەکەی پێکنەهێناوە!، بەڵام بە هۆی دەرکردنی کورد و هێنانی عەرەب و لە ژێر دەسەڵاتی عەرەبدا سەرژمێریەکە کراوە ، بە ئارەزووی خۆیان رێژەکانیان داناوە ، هیچ لایەنێك توانای رەخنەو تانەی نەبووە! بۆیە ناکرێت ئەم بەڵگەنامەو نوسراوانە لە توێژینەوەی زانستیدا وەکو سەرچاوەی باوەڕپێکراو بەکار بێن .

لەگەڵ هەموو ئەو نابەرامبەریانەشدا، بۆمان دەردەکەوێت هێشتا کورد (6300)کەسی لە ناوەندی قەزاکە ماوە، تەنیا لە ناوەندی دووبز خێزانە کوردیەکان ناونوسکراون، چونکە لەو سەرژمێریەدا هیچ گوندێکی کورد ، نەك هەر لە قەزای دوبز بەڵکو لە تەواوی پارێزگای کەرکوکدا نەمابوو، هەموو راگوێزرابوون ، مەڕدارو جوتیاری عەرەب لە جێگەیان نیشتەجێ کرابوو، بۆیە دەبینین ژمارەی عەرەب گەیشتوەتە (14490) کەس و تورکمان (450) کەس , کلدوئاشوریش تەنیا ( 65) کەس, کۆی گشتی 21305کەس بووە، سەرژمێریەکە تایبەت بووە بە ناوەندی دووبز و دێهاتەکانی, هەموو ئەو دێیانەی ناونووس کراون سەرجەمیان گوندە عەرەبەکان بوون ، چونکە لە ساڵی 1987ەوە هەموو ئەو گوندە کوردیانەی کە لە قەزاکەدا هەبوون ویران کران ، لە کاتێکدا لە سەرژمیریەکانی 1957 و 1965 و 1977یش ناویان هەیە و تۆمار کراون و نزیکەی (60)گوند دەبن لە خشتەکانی دوواتردا روونیان دەکەینەوە، بەڵام لە سەرژمیری 1997 تەنیا ئەم (17)گوندە لە قەزاکەدا ماوەتەوە، بروانە خشتەی (4) :

**خشتەی(4)گوندە عەرەبەکانی قەزای دوبز لە سەرژمێری 1997**

| ژ | ناوی گوند | ژمارەی خانوو | ژمارەی خێزان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|
| 1 | مشێرفە | 17 | 15 | 92 |
| 2 | شناغە | 62 | 62 | 297 |
| 3 | ئەبو خورچە | 34 | 26 | 213 |
| 4 | مامە عەلەغێر | 70 | 95 | 480 |
| 5 | قەرەچەم | 49 | 55 | 338 |
| 6 | دەربەند سارەلو | 21 | 5 | 39 |
| 7 | مەڵحە | 90 | 99 | 652 |
| 8 | گابەرەکە | 106 | 82 | 489 |
| 9 | مەحکور | 8 | | |
| 10 | دڕکەی گەورە | 29 | 17 | 81 |
| 11 | دڕکەی بچوك | 26 | 22 | 116 |
| 12 | قەرەدەرە | 71 | 38 | 215 |
| 13 | عەمشە | 59 | 68 | 309 |
| 14 | مەنسیە | 5 | 4 | 27 |
| 15 | روبێزە | 98 | 75 | 455 |
| 16 | چەرد | 17 | 17 | 135 |
| 17 | گوبێبە | 82 | 87 | 670 |
| | کۆی گشتی | 844 | 767 | 1611 |

بە پێیی ئەم سەرژمێریە لە تەواوی ئەو گوندانەدا (767)خێزان هەبووە بەڵام (844)خانوبەرەو حەوشەوبان هەبووە، واتە نزیکەی (77)خێزان زیاتر لە خانوبەرەیەکی هەبووە ،لە کاتێکدا لە تەواوی پارێزگاکە رێگا نەدراوە هیچ خێزانێکی کورد خانوبەرەیەك دروست بکات ! ئەمەش وێنەیەکی دیکەی سیاسەتی تەعریبمان بۆ روون دەکاتەوە، کە چ ئاسانکاریەك کراوە بۆ خێرا تەعریب کردنی ناوچەکە لە رێگای هاوکاری و یارمەتیدان بۆ بونیادنانی خانوبەرە بۆ لایەك و دەرکردن و روخاندنی خانوبەرەی لایەکی دیکە لە پارێزگاکەدا ..

لە ئەنجامی هەموو ئەو پرۆسانەدا کە دژ بە خەڵکی کوردستان ئەنجامدران لە عیراقدا ، کۆمەڵگای لادێی کورد نەك هەر لە قەزای دوبز بەڵکو لە تەواوی باشوری کوردستان بە گشتی و بە تایبەت لە پارێزگای کەرکوك، لە سالی 1987ەوە لە بەر یەك هەڵوەشاوەتەوەو لەسەر جێی ورێی خۆی هەڵکەندراوە ، دوواتر لە پرۆسەکانی ئەنفالدا لە ساڵی 1988ەوە هەموو ئەو خێزانانەی بە خۆڕاگری و ئارامگرتن لەبەردەم هەموو برسیەتی و مەترسی و هیرش و پەلاماری سوپا و فرۆکەکانی دوژمندا گوندەکانیان چۆڵنەکردو خانوە رووخاوەکانیان بە قوڕو کەرەستە سروشتیەکانی بەردەستیان دروستکردە ، هەموو جۆرە پەیوەندیەکی خۆیان لەگەڵ حکومەتی بەغدا پچراند، و لەو ماوەیەدا بە تەواوی پشتیان بە بەرهەمی خۆماڵی و دروستکراوی گوندەکانی خۆیان بەست ، لە پرۆسەکانی ئەنفالی سالی 1988کەوتنە بەر ئەو شاڵاوەو ماڵ و سامان و مەڕو ماڵات و خانووبەرەو سەریشیان تێداچوو، ئیتر لەو کاتەوە یەك خێزانی کورد لە گوندەکانی قەزای دوبز وپارێزگای کەرکوکدا نەماون، کۆمەڵگای لادێی لە سەرژمێریەکاندا

کورد ناگرێتەوە ، دووای راپەرینی سالی 1991 و ئازادکردنی کەرکوکیش ئەم گوندانە ئاوەدان نەکرانەوە، بە هۆی دووبارە داگیرکردنەوەی لە لایەن دەسەڵاتی ئەو کاتی بەغداوە، ، هەتا ساڵی 2003 و گۆرانکاریەکانی پاش روخاندنی دەسەڵاتی ناوەندی لە بەغدا، ئەگەرچی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگای لادیی لە قەزای دوبز تایبەتمەندی خۆی هەیە و جیاوازە لە شوێنەکانی دیکەی کوردستان.

حکومەتی عیراقی لە سالی 1963 ەوە دانیشتوانی هەندێك لە گوندە کوردەکانی قەزای دوبزیان راگواست ،بە مەبەستی دوورخستنەوەی کورد لە ناوچە نەوتیەکان ، دوواتر لە حەفتاکاندا چەند گوندێکی دیکە (دوواترباسیان دەکەین) تا لە ناوەراستی هەشتکانەوە تەواوی گوندە کوردیەکانی قەزاکەی چۆڵکرد و لە ئۆردوگای زۆرەملیی (دارەتوو، بنەسڵاوە، تۆبزاوە، جەدیدە ) لە پارێزگای هەولێر نیشتەجێی کردن، بۆیە لە رووی دابەشبوونی ژینگەییەوە لە قەزای دوبز ، لە سالی 1987 تا 2003 باسی کۆمەڵگای لادێی بکرێت لە دوبز ،واتە عەرەب ، چونکە لە ساڵی 1987ەوە تا 2003 تەنیا یەك خێزانی کورد لە گوندەکانی قەزاکەدا نەمابوو ، زەوی و زارو رەوزوباغ و دارودەوەنی هەموو گوندە کوردیەکانیان بەسەر مەردارو کۆچەری عەرەبدا دابەش کردبوو، کوردببوە شارنشین، هەرچەندە ژیانی ئۆردوگاکان شێوازێکی دیکەی دابەشبوونی ژینگەیی بوو ، نە شارنشین و نە دانیشتوانی گوندبوون، بەڵام لە تۆماری سەرژمێری ئۆکتۆبەری سالی 1987 و سەرژمیرس سالی 1997کە حکومەتی عیراقی ئەنجامیدا ،کورد لە پێکهاتەی دانیشتوانی لادێیی قەزای دووبزدا نەمابوو .

## بەشی دووەم: ئابوری و سەرچاوەکانی بژێوی دانیشتونی دوبز:

1-کشتوکاڵ و ئاودێری لە قەزای دوبز

2-ئاژەڵداری و مەروماڵات:

3-پیشە دەستیەکان:

4-کارگەو بەرهەمهێنانی پیشەسازی

5-بازاری میللی و سیما کلتوریەکانی شارنشینی لە دوبز

6-بازرگانی :

## بەشی دووەم: ئابوری و سەرچاوەکانی بژێوی دانیشتونی دوبز:

لە رووی زانستیەوە چالاکی ئابوری کۆی ئەو هەوڵ و تەقەڵاو تێکۆشان و رەنجانە دەگرێتەوە کە تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ دابینکردنی پێویستیەکانیان و پێویستیە بنەرەتیە مرۆییەکان دەیدەن، بۆیە چالاکی ئابوری لە لایەك کۆمەلایەتیەو لە لایەکی دیکەوە تاکگەراییە ، لایەنە کۆمەلایەتیەکەی لەو بنەماوە سەرچاوە دەگرێت کە بەرهەمهینان پەیوەندی بە هاوکاری و پێکەوەبوون و جۆرێك لە دابەشکردنی کارەوە هەیە ،لە قەزای دوبزدا هەر لەسەرەتای نیشتەجێبون لە ناوچەکەو پشت بەستان بە سەرچاوە سروشتیەکان و کەرەستە خاوەکان ،ئەو کۆبونەوەو پێکەوەبوونەی دانیشتوان دروستبووەو لە ژێرکاریگەری هۆکارە سروشتیەکاندا روویان لەو کارو پیشەو چالاکیانە کردووە کە لەگەڵ سروشتی ناوچەکە گونجاو بووەو رەگەزەکانی لە بەردەست بووە وەکو ئەمانەی خوارەوە:

### 1-کشتوکاڵ و ئاودێری لە قەزای دوبز:

لە شیکردنەوەو روونکردنەوەی توانا کشتوکاڵیەکانی قەزای دووبزدا پێویستە سەرەتا ئاماژە بەوە بکرێت کە لە بنەڕەتدا دووبز وەکو گوندێکی کشتوکاڵی بونیادنراوە، پیشتر ئەم گوندە لە کەرتی کشتوکاڵی (2) دووی سنووری دێهاتەکانی ناحیەی پردێ بووە, هەروەکو لە بابەتەکانی پێشووتردا ئاماژەمان پێکرد ، دوبز تا ساڵی 1962 گوندێك بوو لە گوندەکانی ناحیەی پردێ ,لە سەرژمێری ساڵی 1957دا وەکو گوندێك تۆمار کراوە ، لە ساڵی 1962 بە مەبەستی سیاسی و هەنگاوێك لە نەخشەو پلانی تەعریب کرا بە ناحیە و دوواتر لە ماوەیەکی زۆر کەمدا لە ساڵی 1976 کرا بە قەزا، لە بارەی

پێکهاتەی زەوی قەزاکەوە ، وەکو لەم خشتەی خوارەوە خراوەتە روو زەوی جۆراوجۆری تێدایە لە رووی کاری کشتوکاڵی و ئاودێریەوە:

| ژ | جۆری زەوی | رووبەر بە دۆنم |
|---|---|---|
| 1 | زەوی کشتوکاڵی | 246898 |
| 2 | زەوی بەراو | 26658 |
| 3 | زەوی باران | 128347 |
| 4 | زەوی تەلان | 81893 |
| 5 | زەوی تاپۆ | 83925 |
| 6 | زەوی بەکارهاتو بۆ کشتوکال | 165305 |
| | کۆی گشتی | 328791 |

بۆمان دەردەکەوێت لە سنوری قەزاکەدا بری 246898دۆنم زەوی کشتوکاڵی هەیە,لەو رووبەرە کشتوکاڵیە تەنیا (165305) دۆنم زەوی بەکار دێت بۆ کشتوکاڵ,بەڵام (81893) دۆنم زەوی بێکەڵك وزورگو تەلانە,(26658) دۆنم زەوی بەراوە ,(128347) دۆنم زەوی بێ ئاوە واتە لەبەر باران کشتوکاڵی تێدا دەکرێت ,(83925) دۆنم زەوی موڵکی تاپۆیە .

لێرەدا دووبارەی دەکەینەوەو چەند جارێکی تریش بە نوسین ئەوەمان خستوەتە روو، ئەگەر کۆی بەروبوومی ئەم سنوورە لەبەر دەستی (کابانێکی کابان بێ) وڵاتێکی مام ناوەندی بەرێوە دەبات,

دووبز ناوچەیەکی زۆر بە پیتە, جگە لە چاندنی هەموو جۆری دانەوێلە وەك گەنم و جۆ و نۆك و نیسك و ماش و فولەسۆیەو لۆبیا و فاسۆلیا و ئەوانی تر

و شینایی بە هەمو جۆرێکانییەوە تێدا دەڕوێ, لەهەمان کاتیشدا بۆ چاندنی زۆر جوری داری بەری گونجاوە.

هەرلەم سنووورە لە سەرەتای ساڵەکانی 1960 بەنداوی دووبز لای رۆژهەڵاتەوە دروستکرا, ئەوبەنداوە بۆ ڕێکخستنی ئاوە و دووبەشە, بەشی ئاوەڕۆی سروشتی (7)حەوت دەرگایە و بەشی ئاوەرۆی کشتوکاڵی کۆنکریتییە و دەستکردە و(5)پێنج دەرگایە و درێژییەکەی 260کم و 447هەزار دۆنم زەوی لەقەزایەکانی دووبز و حەویجە و داقوق و دووزخورماتوو لەگەڵ ناحیەکانی تازەخورماتوو ناحیەی رەشاد و ریاز ئاو دەدات, جگە لە چەندین ئامێری پاککردنەوەو جوداکردنەوەی چەو ولم لە سەر زێی بچووکدا کاردەکەن, دەورووبەری ئەو بەنداوە بووە بە شوێێکی گەشتیاریی گرنگ و دیمەنێکی جوانی هەیە ، ئەگەر بە شێوەیەکی زانستی بۆ بەرژەوەندی خەڵکی ناوچەکە بەکار بێت بەروبوومی ئەو شوێنە سەرتاپای پێداویستی شاروچکەی دووبز دابین دەکات, پرۆژەی ئاوی خواردنەوەی کەرکوك لەناو دووبزدایە, ئەو تورومپای ئاوە دابینی ئاوی خواردنەوەی دووبز و نێوان شاری کەرکوك و دووبز و زۆر لە گەڕەکەکانی شاری کەرکوك دەکات, ئەو پرۆژەو تورومپایە رۆژی 1956/6/21 لەلایەن سەعید قەزازی وەزیری ناوخۆی ئەو سەردەم کراوەتەوە, هەرئەو پرۆژەیە ساڵانی 1972 و 1975 پەرەپێدراوە.

هەر بە هۆی ئەم بەنداوەوە وەکو پرۆژەیەکی ئابوری گرنگ، دارستانێکی گەورە و لە رووبەرێکی فراواندا لە دوبز دروستکراوە.

ئەم دارستانە لە ساڵی 1964وە بنیات نراوە, سەرەتا رووبەرەکەی کەمتر بووە,  بەڵام لەمڕۆدا نیزگ 2700 بۆ 2800 دۆنم زەوی دەبێ و چەندین جۆری داری تێدا چاندراوە, دارەکان وەك: کالیبتوس, قەوغی سادە, قەوغی خەراتی, ئەکاسیا, سەروو/سنۆبەر و هێتر.

 لە نێو ئەو دارستانە نمامگەیەکی تێدایە چوار دۆنم زەوی دەبێ, جۆرها نمامی لێ دەڕوێنن,  لە بابەت : نمامی کالیبتۆس و نینیا و سەروو/سنۆبەر و زەیتون و داری بەری وەك نمامی ترێ و لۆسینیا و ئەکاسیای میسری و چەندین جۆری نمامی تر , ئەو نمامگەیە نمامەکانی بۆ ئەو دارستانەو دارستانەکانی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی دارستان کەڵکی لێئەبینن ,

بەر لە ساڵی 2003 دەزگای پیشەسازی سەربازی  (تصنیع عسكری) بە نوسراوی فەرمی لەوەزارەی کشتوکاڵ- دائیرەی غابات هاتوونە داری زۆر گەورە و ناقۆڵایان بڕیوە و بردویان بۆ پێداویستی دەزگای تصنیع,

بەڵام لەمڕۆدا ئەو دەزگایە نییەو ئەو دارانە بە زۆری ماونەتەوە, تەنها ئەودارانەی لە ڕێکای ئاگر کەوتنەوەی (نەزانستنەوە) بسووتێ دەیفرۆشن بە( خەڵوزچی ) یەکان, داری ئەو دارستانە کەم ساڵ وا هەیە نەسووتێ, بەهۆی ئەوەی دەورووبەری هەمو خەڵکی کاسب کار و جوتیار و سەپان و ئاژەڵدار ،کاتێك گیاوگوڵ و درك ودالی لەوەڕگا سروشتیەکانی دەوروبەری دارستانەکە وشك دەبێت لە وەرزی کۆتاییهاتنی باراندا لە مانگی مایس و حوزەیران ، ئیتر بە ئاسانی لە هەر ئاگر کەوتنەوەیەك گڕ دەگرێت و ئاگر دەگاتە دارستانەکەو کوژاندنەوەو کۆنترۆڵکردنی ئەستەم دەبێت . بەم هۆیەوە زۆر جار رووبەرێکی فراوانی دارستانەکە دەسوتێت و حکومەت و لایەنە

پەیوەندیدارەکانیش خۆئامادەکردن و ئامادەباشی پیشوەختە ناکەن بۆ روبەروبونەوە.

خەڵوزی ئەو دارستانە خەڵکێکی زۆر کەڵکی لێوەردەگرن, بەتایبت لەوەرزی بەهار بۆ گەشت و سەیران ,

دانیشتوانی پارێزگای کەرکوك و دەوروو بەری و پارێزگای هەولێر و دەوروو بەری لە وەرزی بەهاردا بە زۆری رووەدەکەنە دارستانی دووبز بۆ گەشت و گوزار, بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنەکەوە لە سەر زێی بچووك دایە, ئاو وهەوایەکی سازگاری هەیە و پڕسێبەرە, زۆر لە بارە بۆ خێزاندار, ئاودانی دارستانەکە لە ڕێگای تورمپای تایبەت بە ئاودانی دارستان بە ڕێگای کارەبا, لەهەمان کاتیشدا ماتۆڕی گەورەشیان لە بەردەست دایە لە زێییەکەوە ئاو دەگەێنە دارەکان ,

ئەم دارستانە 360 دۆنمی زەوی تەرخانکراوی تێدایە بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ, هەموو سیم کراوە زۆر بە ڕێگایەکی ئەندازیاری, هەر سەردەمەو چەندین ئاژەڵی جۆراو جۆریان راگرتووە, لەمڕۆدا 12 ئاسکی خۆماڵیان لەبەر دەست دایەو بەخێوی دەکەن, ئەو ئاسکانە شوێنی تابەت و بەخێوکەری تایبەت و پاسەوانی تایبەتیان هەیە, ئەم دارستانە پڕە لە ئاژەڵی کێوی, وەك: گورگ, بەراز, کەمتیار, پشیلە کێوی, رێوی, کەروێشك , سیمۆرە, گۆڕهەڵقەنە([7]) و شتی تر.

-چاوپێکەوتن لەگەڵ بەرێز ()جێگری بەرێوەبەری گشتی دارستانی دوبز لە رۆژی یەکشەمە رێکەوتی 2020/8/9

## 2-ئاژەڵداری و مەرومالات:

سەرەڕای گونجانی کەشوهەواو هەبوونی زەمینەی لەبار بۆ بەرهەمهێنانی سامانی ئاژەڵی و پشت بەخۆبەستان لە هەرێمی کوردستان بە گشتی و لە قەزار دوبز بە تایبەت ، بەڵام هیشتا هیچ پرۆژەیەکی ستراتیژی پیشکەوتو لەم کەرتەدا نیە ، کار بۆ باشترکردنی بەرهەمی ئاژەڵی و دۆزینەوەی میکانیزمی نویی هاوڕیی ژینگە لە سامانی ئاژەڵی و پێگەیاندنی کادری زانستی و زەمینەسازی بۆ هاتنە ناوەوەی کەرتی تایبەت و بەرنامەی پڕکردنەوەی بازارەناوخۆییەکان بە بەرهەمی ئاژەڵی خۆمالی لە ئارادا نیە، بۆیە قەزای دوبزیش وەکو زۆربەی شارو شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان سەرەڕای ژینگەی سروشتی و ئەو تایبەتمەندیە ئیکۆلۆژیانەی لە بەشی یەکەمدا ئاماژەیان پێکرا شوێنێکی زۆر لە بارە بۆ بەخێوکردنی هەمووجۆرە ئاژەڵێك, بەڵام ئەم کەرتە زۆر دوواکەتو و تەقلیدی وکۆنە لە بەرهەمهێناندا ، بە تایبەتی ئەم قەزایە زۆر گونجاوە بۆ بەخێوکردنی (مەڕ ) و (بزن)و (ڕەشەوڵاخ- گامێش و مانگا) (وڵاخی بەرزە)و ە.....ت ,.

بە پیی هەندێك لە ئامارەکانی ئەم دووابیە، ئیستا لەسنوورەکە نزیکەی (83028) سەر مەڕ و(3780) سەر بزن و (2015) سەر ڕەشەوڵاخ/مانگا و پتر لە (340) گامێش لە دووبز و دێهاتەکانیدا هەیە,(1) هەرچەندە ئەم ئامارە لە ساڵەکانی 2008بۆ 2010 ئەنجام دراوە و لەهۆبەی کشتوکاڵی دووبز وەکو دیکۆمێنتی سەرژمێری ئاژەڵ لە قەزاکە پارێزراوە, بەڵام ئیستاش ئەو رَێژەیە نیزیکە لەم ژمارانەوە, دوورنیە هەر وەکو خۆی یاروو لە بەرزی چووبێ بە هۆی ئەوەی گۆڕانکارییەکی ئەو تۆ

لەم سنووره رووی نەداوه تا ئەوماڵاتە لەدەست بدرێت, ژمارەی ئاژەڵ لە سنووری قەزای دووبز زۆرکەمە بە بەراورد لەگەڵ شوێنانی تر, هۆیەکەی ئەوەیە لە سنوورەکە کۆمپانیای نەوت و وێستگەو کارگەی غاز و وێستگەی کارەبا و بەنداو وکەناڵی ئاودێری و چەندین شوێنی تری کارکردنی تێدایە و خەڵکان لەو شوێنانە کار دەکەن و کەمتر کاری ئاژەڵداری دەکەن.

## 3-پیشە دەستیەکان:

لە ڕاستیدا ناتواندرێ لەمڕۆدا شتێکی ئەوتۆ بخەینەروو کە شایەنی باسکردنبێ لە بابەت پیشەی دەستی, بەڵام لە رابردوودا ، تا کۆتایی پەنجاکانیش خەڵکان دەیان پێداویستی ڕۆژانەی خۆیان لەم شوێنەدا بە دەستی خۆیان دروست دەکرد, لە بابەت هەموو کەرەسەکانی کاری رۆژانەیان وەك هۆندنەوەی بەن و بەنقادەی (جەنجەڕ) و(شەغرە)و(هەوجاڕ) وکاری هەلاجی وەك هەلاج کردنی قاپوتی شوان و فەرەنجی و کڵاوی خوری و چەند جۆری لباد و چنینی کڵاش/پێڵاو و برێ شتومەکی تر, هەروها کاری تەون کردن لەم سنووره کراوه وەك (جاجم و بەڕە و دەستەوانە و گۆرەوی و پووزەوانە و ملپێچ و بەرماڵ و ڕایەخی ناوماڵ و جەواڵ, چیغی دەوری ڕشماڵیان بەهەمو جۆرەکانیەوه لە (شووڕ)ی تایبەت),لە کەرەستە خاو خۆماڵیەکانی ناوچەکە وەکو خوری و مو و پێستەو جۆره جیاوازەکانی دارو درەخت لە ناوچەکەدا هەبوون، هەموو ئەمانە وەکو کەرەستەی خاوی پیشەدەستیەکان هەر لە ناوچەکەدا دابین دەکران .

جگە لە پیشەسازیی پیشەی دروستکردن لە ئەنجامی گۆرینی کەرەستەخاوەکان، لە ناوچەکەدا پیشەی چاککردنەوەو نوێکردنەوەو

راستکردنەوەی کەرەستە دروستکراوەکانیش هەبوو بۆ ئەو کەرەستەخاوانەی لە بەردەستدا نەبوون، بۆ نمونە داگرتنەوەی قەوان، پاککردنەوەی قاپوقاچاغی ناوماڵ کە لە مز دروستکرابوون یان دەمەزەرد کردنەوەی گاوەسن و داس وقازمەو ئەو کەرەستانەی ناوماڵ کە لە ئاسن دروستکرابوون.

لە بارەی رەگەزی پیشەوەرانەوە، یان دابەشبونی کار بە پێی رەگەزی ژن و پیاو، دەبینین لەگەڵ ئەوەی ژنان شانبە شانی پیاو کاری هەمەچەشنەیان راپەڕاندووە بەڵام هەندێك کاریش تایبەتبوو بە ئافرەتان وەك دروست کردنی تەنوری قوڕ بۆنان کردن و کەندووی قوڕ بۆ هەڵگرتنی ئارد وخۆشەکردنی پیستەی ماڵات بۆ کاری کوندە و مەشکە و جەوەندە و هەمانە و هیزەودۆزە, غاراندنی هەمووجۆرە پیستەیەکی.تر بۆ کاری تایبەتی ناوماڵ.

هەموو ئەمانە چونکە پەیوەندیان بە کاری ژنانەوە هەبوو، بۆنمونە لە بنەڕەتدا بە پێی رەگەز کارەکانی چێشتخانە کاری تایبەتی ئافرەت بوون بۆیە کاری دروستکردنی رۆن و داندۆك(ترخێنە)و ساوارو برۆش و گەنمکوتراو...هتد کە خواردنی لێ دوست دەکرا بەسەر ئاقرەتدا بڕابوو، یان نانکردن کاری ئافرەت بوو، بۆیە دروستکردنی تەندوری قوڕ کاری ژنان بوو. بە پیچەوانەوە جوت و دروێنە کاری پیاوان بوو بۆیە دروستکردنی هەوجارو مژان و شەغرە پیاوان دروستیان دەکرد.

بەڵام لەم سەردەمەدا ئەو کەرستانەی لای سەرەوە ناوی هاتووە بوون بە بەشێك لە کەلەپوری نەتەوەیی و شوێنەوارێکیان بۆ دروستکردن لە ناوچەکە نەماوە، هەرچی پێداویستی ژیانی خێزانەکان هەیە لەدەرەوەی وڵات دەهێندرێ و بە کەرەستەی زۆر پیشکەوتو تر پێویستیەکانیان دابین دەکەن.

## 4-کارگەو بەرهەمهێنانی پیشەسازی:

بەهۆی ململانێی نەتەوەیی ئەم سنووورە بێبەشە لە هەر کارگەیەك, بۆ نموونە ئەبوو ئەو کارگە زەبەلاحەی لە سنووری قەزای (بێجی) پارێزگای تکریت دامەزرا, تا سەردەمی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام(داعش) لەکاردابوو بۆبەرهەمهێنانی کارەباو, نەوت, گاز, ڕۆن, بانزین و گریس و شتی تر, دەبوو لە سنووری قەزای دووبز دابمەزرابایە, بەهۆی ئەوەی هەموو ئەو پێداویستیانەی لەو کارگەیە بەکار دەهێندرا هەموو لە دووبزو کەرکوکەوە ڕەوانەدەکرا, پاش پرۆسەی ئازادی عێراق بڕیار وابوو ویستگەیەکی هەمان شێوەی بێجی لە سنووری قەزای دووبز دابمەزرێ, کەچی تا ئەمڕۆ بەهەمان هۆی ململانێی نەتەوەی دانەمەزراوە و بڕیاری لە سەرنەدراوە, جگە لەوەش بڕیاری دامەزراندنی نەخۆشخانەیەکی سەردەمیانە لە ناوەندی قەزایەکەدرا لە پارێزگای کەرکوکەوە کەچی تا ئەم مێژووە نەخراوەتە بواری جێبەجێ کردن, کارگەی پیشەسازی لە دووبز و دەورووبەری کەمە, لە زورگ و لە سنورو دەوروبەری قەزای دوبز لەهەر چوارلاوە کانزای بەردی جۆراوجۆری تێدایە، سەچاوەیەکی زۆر گرنگی ئابوری و کەرەستیەکی بنچینەیی بیناسازیە، چ وەکو بەرد ، کە هاوڕێی ژینگەو گونجاوە لەگەل ئاستی گەرماو سەرمای ناوچەکە، یان بۆ دەرهێنانی بەرد بۆ کۆمپانیای دروست کردنی چیمەنتۆ و کارگەی گەچ, بۆیە سنورەکە چەندین کارگەی گەچی نایاب هەیە ، جگە لەوەی پێداویستی قەزاکە پڕ دەکەنەوە بۆ پارێزگاکانی کەرکوك و هەولێر و نەینەواشی لێ هەناردە دەکرێت. هەر لەم سنوورە چەندەها ئامێری پاککردنەوە و جودا کردنەوەی چەو ولم ی تێدایە, ناو شاروچکەی دووبز ساڵانی 1957تا1960سەدەی

رابردوو (ویستگەی كارەبا/ تیدا دروست كراوە و لەو سەردەمەش بە پاشەوە كەوتووەتە كار, بۆ بەرهەمهێنانی وزەی كارەبا, لەوەدوا لە ساڵی1982 كۆمپانیایەكی (ئیسپانی) ویستگەیەكی تری بەپاڵ ئەو ویستگەیەوە دروست كرد ئەویش بە ویستگەی (كەهروغازی) ناوبراوبوە, بۆ جارێكی تر و بۆ هەمان مەبەست ساڵی 2001كۆمپانیا یەكی (رووسی) لە سەر بودجەی (ڕێككەوتننامەی نەوت بەرامبەر خۆراك) لە گەڵ حكومەتی عێراق بە بڕیارو ئاگاداری نەتەوە یەكگرتووەكان, كاركرا لە ویستگەیە بە پاڵ ئەو ویستگانەوە, كەچی تا ئەمڕۆ نەكەوتووەتەكار, بەڵام وەك زاندراوە بڕیارە لە ماوەی ئەمساڵدا (2020) بەكاری بخەن.

## 5- نەوت و سامانی سروشتی:

لە سنوری قەزای دوبزدا پتر لە 346چاڵی نەوت هەیە، مێژووی دەرهێنانی نەوت لەم قەزایەدا بۆ سالی 1927 دەگەڕیتەوە ، واتە سەرەتای دەرهێنانی نەوت لە عیراق لە كەركوك و لەم قەزایەوە دەستی پێكردووە، لە مێژوەوە كۆمپانیا نەوتی عیراقی (ئای پی سی) دەستی كردووە بە دەرهێنان و بەرهەمهێنانی بەرهەمە نەوتیەكان و ئەو سامانە نەوتییەی ژێر زەوی, لەوانە 123چاڵ لە سنووری ناوەندی قەزایەكەدایەو 223چاڵیش لە سنووری ناحیەی سەرگەڕانی قەزای دووبزە, بۆ ژمێریاری و رەوانەكردنی نەوتی ئەو چاڵانە (نۆ) ویستگەی نەوتی هەیە لەم شوێنانە (دڕكە, داودگورگە, سارەلوو, سەربەشاخ, دەربەندی گۆمی, جاستان, ئاڤانە, بای حەسەن, نمرە8), هەروها لە چەندین شوێن لەم سنوورە شەو و رۆژ بڵێسەی ئاگری ئەو چاڵە نەوتانە بێ سوود بۆ خەڵكی ناوچەكە دەچێتە ئاسمان, هەر لەدەوروبەری

دووبزدا چەندین پرۆژەی تری نەوت هەیە, وەك (ویستگەی نەوتی بای حەسەن باکوور، بای حەسەن باشوور، ئاڤانە، سارەلو، نمرە8 و شوێنانی تر), هەروەها کارگەو وێستگەی غاز بە تەنیشت دێی باجوانی سنووری دووبزە, جگە لەوانە جەندین ویستگەی ئاویی هەیە بۆ دەرهێنانی نەوتی ژێر زەوی بەناوی (واتەر جیکشن), یەکیان لەناوەندی قەزای دووبز دایە ئەوانی تر لە ویستگەی ئاڤانە و نمرە8 دان, هەرلەم سنووورە کارگەی بەرهەمهێنانی (کبریت) لەناوەڕاستی ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو بەدواوە کاری دەکرد تا سەرەتای جەنگی نارەوای ئێران عێراق فرۆکەی ئێران خاپووری کرد تا ئەو کاتە هەر لەکاردابوو.

## 6-بازاری میللی و سیما کلتوریەکانی شارنشینی لە دوبز:

ئامارێکی ساڵانی 2008 بۆ 2010 ی کۆگاو دوکانی شاروچکەی دووبز لە بەردەستە بە هاوبەش لە نێوان شارەوانی و قائیمقامیەتی قەزای دووبز ئەنجاکدراوەو وەکو دیکۆمێنتێکی تایبەت بە بازار پارێزراوە , بە پیی ئەو ئامارە تەنها لە ناوەندی قەزاکە 900بۆ1000دوکانی جۆراو جۆری تێدایە ،لە قرۆشتنی سەوزەو میوەو خۆراك و کوتاڵ و شمەك و کاڵا و کۆگا و مارکێت و کۆنەو وێنەگر و چاکردنەوەو کەرەستەی ناوماڵ و ..هتد ژمارەیەکی کەمی وەو پیشەو کاری تایبەت پۆلێنکراوە، لە کاتێکدا لە کۆمەڵگاکانی دیکەو لە شارە پیشکەوتوەکاندا نەك لە تۆمارگەو دیکۆمێنتەکانی دەولەتدا بەڵکو وەکو بازاڕیش هەموو ئەمانە لە یەك جودا کراونەتەوە ، کە هیشتا نەك قەزایەکی وەکو دوبز بەڵکو شارە گەورەکانیش لە کوردستان بەو شێوەیە پۆلێن نەکراون

هەندێك لەو پیشەجیاوازانەی قەزاکە لەم خشتەی خوارەوەدا خراونەتەڕوو:-

| ژ | جۆری پیشە | چەندایەتی |
|---|---|---|
| 1 | عیادەی پزیشکی | 6 |
| 2 | دەرمانخانە | 9 |
| 3 | فرنی سەمون | 4 |
| 4 | نانەواخانە | 6 |
| 5 | فێتەرنەری | 2 |
| 6 | گۆشت فرۆش | 8 |
| 7 | چایخانە | 4 |
| 8 | سەرتاشخانە | 13 |
| 9 | مزگەوت | 6 |
| 10 | بریکاری خۆراکی | 45 |
| | کۆی گشتی | 103 |

لە خشتەکەدا بۆمان دەردەکەوێت جگە لە شوێنە بازرگانی و فرۆشتنی کاڵاو شمەك و میوەو خورادەمەنی ،لە ساڵی 2008دا (103) شوێنی دیکەی خزمەتگوزاری لە ناوەندی قەزای دوبزدا هەبووە، لەوانە 6 عیادەی پزیشکی و 9 دەرمانخانە و4 فرنی سەمون و 6 نانەواخانەو 2 فێتەرنەری و 8گۆشت فرۆش 4 چایخانە و 13سەرتاشخانە و 6مزگەوت و 45بریکاری خۆراکی تێدابووە,(2) , ئەم دابەشبونە ئەگەر بە شێوەیەکی زۆر سەرەتایش بێت،

ئاماژە بە روداوێکی گرنگی ژیانی شارنشینی دەکات، مانای سەرهەڵدانی شێوازێکی دیکەی ژیانە جیاواز لە ژیانی لادیی و پیشەکانی لادێ، لە کاتێکدا لەمڕۆدا ئەو ژمارەیە زۆر زیاترە لە سالی 2008 سیماو رواڵەتەکانی ژیانی ناو قەزاکە لە زۆر دیکەوە گۆرانی بەسەردا هاتووە، لە ئێستادا چەندین بازاڕ و مۆڵ و چایخانەو دوکانی ئاڵوگۆڕی دراو و مۆڵی جۆراو جۆر و پازدە مزگەوت و چەندین پیشەنگای کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبیلی لێ کراوەتەوە,رۆژ دووای رۆژ سیمای شارو بە مەدەنی بوون و کاڵبوونەوەی ژیانی لادێی بەسەر قەزاکەوە دەبینرێت .

ئەوەی شایانی باسە لە ساڵی 1966 تەنها یەك مزگەوت لە شارەدێی دووبز هەبوو, بەڵام لەمڕۆدا (15) پازدە مزگەوتی تێدایە, لە بارەی بازاریشەوە پتر لەو ژمارەیە کۆگاو دوکانی هەمەچشنە رووی لە زیادبوون کردوە,بەڵام بە داخەوە ئەو گەشەکردن و پەرەسەندن و پەرەسەندن و نوێبونەوەی شارستانی کلتوریەی لە سالی 2003ەوە بە تەوژم و خێراییەك دەستی پێکرد بەردەوام نەبوو، گێرانەوەی سیما نەتەوەیی و کلتوریەکانی کورد ئاستەنگی تێکەوت ،رووداوەکانی دووای ریفراندۆم و شکستی سەربازی کورد لە 16ی ئۆکتۆبەر ,گەرانەوەی هێزی سەربازی حکومەتی ناوەند بۆ ناوچە کوردستانیە دابڕینراوەکان ، قەزای دوبزیش وەکو خانەقین و خورماتو و داقوق و مەخمورو باشیك و زومارو شەنگال و..هتد بە سەدان خێزانی ئاوارە لە نەتەوەی عەرەب لە هەموو لایەکەوە رووی لەم شاروچکەیە کرد,ئاسانکاری باشیان بۆ دەکرێت لە لایەن حکومەتی بەغداو دەسەڵاتی پارێزگاکانەوە بۆ نیشتەجێبون و دروستکردنی خانوبەرەو پەیداکردنی هەلیکار بۆیان . ئەگەری هەیە بە بەرنامە بۆ بەعەرەب کردنی قەزایەکە هاتبن, بە

زۆری ئەو خەڵکە بێکارەی هاتووە لە کوچەو کۆڵان و سەرشەقامەکان لە سەر تەختەو زەوی کاری شت فرۆشی دەکەن, ئەمەش رێگا خۆشکەرە بۆ ئەوەی لە ئایندەیەکی نزیکدا شارەوانی دووای چەند جارێك دەرکردن و سزادان و تێکدانی شوێنەکانیان بۆ ئەوەی سۆزی خەڵکی راکێشێت تا هاوکاریان بکات، هەموو ئەو دەستفرۆشانەی سەر جادەکان پارچە زەویان بداتێ و لە رێگای کارو کاسبیەوە نیشتەجێیان بکات و بیانکات بە ئامرازێك بۆ دریژەدان بە تەعریب.

## 7-بازرگانی:

مەبەست لە بازرگانی ئاڵوگۆڕی سەرمایەیە بە کەل و پەل و شمەك و بەرهەمی دروستکراو یان خۆرسك لە رێگای کرین و فرۆشتنەوە، بۆ بەدەستهێنانی قازانج و دەستکەوتێك ، ئەم دیاردەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا کۆنەو بۆ سەرەتاکانی ژیانی بە کۆمەلبونی مرۆڤەکان و نیشتەجێبون و کەڵەکەبوونی بەرهەم دەگەڕیتەوە، سەرەتا بە ئاڵوگۆڕکردنی شمەك دەستی پێکردووە، ئەو بە تەمەنانانەی لە گوندەکانی قەزای دووبزدا ژیاون بە بیریان دێت لە چلەکان و پەنجاکاندا هەندێکجار کرین و فرۆشتن لە رێگای ئاڵۆگۆرکردنی دانەوێڵەو میوەو کەلوپەلەوە بوو، لە گوندەکانی سەرەوە ترێ و هەنجیرو هەرمێ و قۆخ و ئەوانە بە کەروبار دەهاتن و بە گەنم و جۆ دەیامگۆریوە، واتە خێزانە جوتیارەکان لە جیاتی دراو دانەوێڵەیان بەکار دەهێنا بۆ کرینی میوە لە باغدارەکان([8]) .

[8] چاوپێکەوتن لەگەڵ أحمد حاجی صالح لە دایکبووی 1935 دوبز ، دانیشتوی کۆمەڵگای دارەتو ، لە رۆژی پێنجەشەمە 2020/10/22...

دوواتر لەگەڵ گەشەکردنی زیاتری ناوچەکەو کردنەوەی رێگاوبان و پەیدابوونی ئوتۆمبێل و بەهێزبوونی پەیوەندی لە نێوان ناوچەکاندا، پرۆسەی بازرگانیش گۆرانی بەسەردا هات ، دوکان و شوێنی فرۆشتنی کەلوپەل و پێداویسیتەکانی خەڵك دروست کران، کە پیشتر بۆ بازاڕکردن روویان لە شاری کەرکوك دەکرد بۆ کڕینی کاڵای پێداویستیەکان , پشت بەستان بە بازارەکانی کەرکوك تا سەرەتای ساڵانی هەشتایەکانی سەدەی رابردوو بە شێوەیەکی سەرەتای بەردەوام بوو، , لەوەپاش خاوەند کۆگاو دوکانەکان بۆ کەلوپەلی پێداویست وکاڵاکڕین جگە لە کەرکوك بۆ شارەکانی موسڵ و بەغداش دەچوون, ئەوەش جۆرێك بوو لە کرانەوەو جۆراوجۆری شمەك و کەل وپەل ، نیشانەی دەوڵەمەندبوونی بازاری دوبز بوو، بەڵام لەمڕۆدا هەموشتێك گۆڕاوە و جیاوازە, بازرگانی زیاتر پەرەی سەندووە، بازرگانی واهەیە بۆ مەڕوماڵات کرین و فرۆشتن تا سنووری هەموو وڵاتە دراوسێیەکان دەچێ, ئەمڕۆ خەڵك چاو کراوەیە و روو لە شارە کانی تری وڵات و دەرەوی وڵات دەکەن بۆ بازرگانی کردنی جۆراوجۆر, لە پێشدا بۆ بازاڕیکردنی میوە و تەڕە و سەوزە لە کەرکوك هەولێر بەولاوە نەدەچوون, بەڵام لە مڕۆدا زۆر لەوێ پتر دەڕۆن،، بۆ ئێران و چین و تورکیا وئەروپا و وڵاتانی عەرەبی ، دوبزیش وەکو شارو شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان و عێراق بووەتە بازرێك بۆ ساغکردنەوەی کاڵاو شمەکی ئەو وڵاتانەو بەرهەمە دەستی و ناوخۆیی و خۆماڵیەکانی دوبز وردە وردە لەناوچون .

## بەشی سێیەم: ژیانی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیان لە قەزای دوبز:

1-خێزان و شێوازی هاوسەرگیری:

2-خزمایەتی و بنەچەی بنەماڵەکان:

3-تیرەو خێڵەکان:

4-پێکەوەژیانی ئاینی و نەتەوەیی لە دوبز:

## بەشی سێیەم: ژیانی کۆمەڵایەتی و پێکەوە ژیان لە قەزای دوبز:

لەم بەشەدا تیشك دەخەینە سەر یەکە بنچینەییەکانی پێکهاتنی کۆمەڵگا، خێزان و رایەڵەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە گوندەکان و بنەچەی کۆمەلایەتیان ، هەروەها بۆ یەکەی گەورەتر وەکو بنەماڵەو تیرەو تایەفەو خێڵ و هۆزەکانی ناوچەکەو چۆنیەتی پێکەوە ژیانیان:

### 1-خێزان و شێوازی هاوسەرگیری:

بە شێوەیەکی گشتی لە کۆمەڵگای لادێیدا هەر زوو لە تەمەنێکی بچوکی دووای بالق بووندا ژن بۆ کوران دێنن و کچان بە مێرد دەدەن، لە کرمەڵگای شارنشینیدا ئەمە وا نیە، تاکگەرایی و پیشە دەستی و پسپۆری و شارەزایی و کارامەیی تاك خۆی دەور دەبینێت ، ئەم دیاردەیەش هۆکاری زۆرە ، یەکیك لە هۆکارەکان پێویستی بە دەستی کارو شانازیکردن بە مناڵی زۆرو پاراستنی کوران و کچانە لە تاوان و لادان ..بە پیچەوانەوە لە شاردا جگە لەوەی خەرجی منداڵ زۆرە ،بەهۆی سەرقاڵبوونی بە خوێندن و فێربوونی پیشەو نەبوونی خانوبەرەو ئەمانەوە هاوسەرگیری و پێکهێنانیی خێزان دوادەکەوێت بۆیە ژمارەی دانیشتوانیش بە بەراورد بە هۆزو خێڵەکان درەنگتر گەشە دەکات و کەمتر زیاد دەکات ، ئەگەر بە وردی سەیر بکەین لە سیاسەتی

تەعریبی کوردستاندا بە گشتی سود لە بنەماڵەو هۆزوخێڵە عەرەبەکان وەرگیراوە تا حێرا گەشە بکەن و ژمارەی دانیشتوانیان زیاد بکات، کەمتر خێزانە مەدەنی و شارنشینی و رۆشنبیرەکانی عەرەب لە کوردستاندا نیشتەجێ کراون، چونکە خێزانە مەدەنیەکانی عەرەب زووتر لەگەل کلتورو رۆشنبیریی کوردیدا دەگونجێن و فێری خو و رەوشت و دابونەریتەکانی کورد دەبن و تێکەڵاویەك دروست دەبێت ،لە ئایندەیەکی دووردا رەنگە ئەوان لە بۆتەی کلتوری کوردیدا خۆیان ببیننەوە و پشتیوانی کورد بکەن لە داواکاریەکانیدا ، یان بە لایەنی کەمەوە بە پیچەوانەوەی خێڵە کۆچەریەکانەوە تاڵانی کورد ناکەن.

لە قەزای دووبزدا، یان پیشتریش کە گوندبووە، هەر لەبەرەبەیانی ژیانی ئەم دەڤەرەوە ئەوەی خەڵکان لە بیریانە وای دەگێرنەوە دەڵین جاران وابووە زۆربەی هەرە زۆری کوڕان لە تەمەنی هەژدەساڵیەوە ئیتر بیر لە هاوسەرگیری یان بە زمانی ئەو قۆناغە کار بۆ دامەزراندنی کراوە. لە سیەکانیشەوە لە عیراق کە سیستەمی سەربازی ئیجباری هاتە ئاراوە، دایکان و باوکان زۆر جار لە وەسفی کورەکانیاندا دەیانگوت (تا عەسکەری نەکات کەڵکی خێزانداری نییە),ئەم بۆچوونە لەو روانگەوە سەرچاوەی گرتبوو کە دەیانگوت ئەوانەی سەربازی دەکەن دەبنە پیاو. فێرە زەبت و رەبت دەبوون .

گرفتێکی دیکەی هاوسەرگیری لە ناوچەکە مەسەلەی ژن بە ژن و نەبوونی خوشك بوو، چونکە بەزۆری کوڕان ئەگەر خوشکیان نەبوایە بەئاسانی ژنیان دەستنەدەکەوت, لە کوردەواریدا خەڵکان بەزۆری ژنبەژنەیان دەکرد, ئەودەم وابوو بەهۆی خزمو جیرانەوە لایەنێك لەو دوو خێزانە کەسێکیان ڕادەسپار بۆ

ئەو مەبەستە لە بەیندابوو (ژن بوایە یان پیاو)تا نیەت و خواستی هاوسەرگیەریەکەی وەکو خوازبینی بەیەکی دەگەیاندن و ڕێکی دەخستن, ئەگەرچب ئەو کارە نهێنیبوو کەس پێنەدزانی لەو دووخێزانە بترازی تا ئەو شەوەی لەیەك مارەدەکران, بەڵام بە هۆی بچوکی گوندەکان و پەیوەندی خزمایەتی و کاروپیشەی کشتوکاڵی و ئاژەڵداری و تێکەڵاوی کوران و کچانەوە هەمو یەکتریان دەناسی و ئاشنای یەکتربوون و شارەزای خوورەوشت و رەفتاری یەك بوون، بەڵام جاری وا هەبوو ، دوو خزم و ناسیاوی خۆیان لە گوندەکە یان گوندەکانی دەوروبەر بە نیازی هاوسەرگیری و خزمایەتی و ژن بە ژن بوون لەگەل خێزانێکی دیکەدا، کێیان پیشتر بکەوتایەتە خۆی و کاری بۆ بکردایە ، سەرەتاکەی بە نهینی دەست پێ بکردایە بۆ ئەوەی پیاو خراپ کارەکەیان لێتێکنەدا,بە پەلەو یەکسەر کارەکەیان دەبراندەوە، ئێوارەکەی هەردوولا (دایك و باوك کچەکان و کوڕەکان) هەریەکەو چەند خزموو برادەری خۆیان ئاگادار دەکردەوە بۆ سەعاتی مارەبڕین, دوای نانی ئێوارەش یەکێك دەچوو مەلای ئاگاردەکردەوە بۆ ئەوەی دوای نوێژی عیشا بێتە ماڵی یەکێکیان بۆ ئیشی خیر, هەردوو خێزانەکە لەوی کۆدەبونەوەو دوای ئەوەی ئەو شەوە هەردوو کچە لە هەردوو کوڕە مارەدەکرا و شیرنی دەخورایەوە ، بە قۆناغی مارەکردن ، پیش گواستنەوە دەگوترا دەسگیرانداری .

عادەت وابوو، ئەگەر پیشتر ئاسایی کورەکان و کچەکان یەکتریان دەدی و بەڵام لە قۆناغی دەسگرانداری و دووای مارەکردن یەکتریان نەئەبینی تارۆژی گواستنەوە, دیارە ئەمەش لەو قۆناغەدا هۆکاری خۆی هەبوو،

مەترسی دوگیانبوونی پیش گواستنەوە بە هۆی نزمی ئاستی زانیاری و بابەتی ژن بە ژن و ئەگەری دروستبونی کیشەو نەگواستنەوەو...هتد

لە بارەی چۆنیەتی گواستنەوەو کەلوپەلی مال و ئەمانەوە،شەوی مارە بڕین هەردوولا پێك دەهاتن لە سەر مارەیی و ڕۆژی جلك کڕین و ڕۆژی گواستنەوە, چەند رۆژێك لەوەدا هەردوولا یان هەرکە بۆ خۆی دەچوون بۆ کەرکوك یان موسڵ و هەولێر بەنیازی کڕینی زێڕ وجلو بەرگی تایبەت بە بووك, لە گەڵ ئەوەش چەند کیس خەنەو چەند دەرزەن دەستەسڕ و چەند دەرزەن گۆرەوی دەکڕدرا, خەنە بۆ خەنەبەندان و گۆرەوی ودەستەسڕیش دەبخشرایە ئەوانەی هاتوونە بۆ سەر ئەو شاییە, شایی واهەبووە چەند شەوو ڕۆژ شایی و هەڵپەڕکی کراوە, بەزۆری شاییەکان لە کۆتایی هاوین و سەرتای پایز بووە, لەوکاتە کۆتایی بە کاری خەلەو خەرمان هاتووە, هەریەك لەوان ژنی خۆیان دەگواستەوە, گواستنەوی بووك ئەگەر لە دوو دێ بوایە لەنیوەی ڕێگا ئەو بووکانە ئاڵوگۆڕ دەکران, بۆ هەموو ئەم قۆناغانەش گۆرانی و ئاوازی جۆری هەلپەرکێی خۆی هەبوو .

لە کۆتایی هاوسەرگیریەوە سەرەتای خێزانیکی نوی دەستی پێدەکرد، ئیتر ئەم خێزانە نوییە شوێنی تایبەت بۆ نیشتەجیبون و رایەڵەی پەیوەندی و خزمایەتی نوێی دەهێنایە ئاراوە ، لە رووی شوێنی نیشتەجێبونەوە ، تا حەفتاکانی سەدەی رابردوش لە قەزای دوبزو گوندەکانیدا جیابوونەوەی کوڕ لە دووای هاوسەرگیری زۆر کەم بوو، بەڵکو بە گشتی هەر لە مالی باوکدا ژوورێکی تایبەتیان بۆ ئامادە دەکرا بۆ نوستن و ئەو کەلوپەلانەی هەیانبوو، کەلوپەلەکانیش زۆر سادەوساکاربوون ، بە گشتی بریتی بوو لە سەندوقێك بۆ

پێخەف ،ئەم سەندوقە لە دار دروست دەكراو پیشەكەی بە جام و شوشە دەرازێنرایەوە ، زۆر جار وێنەی دوو ئافرەتی رەنگاورەنگ بە شێوە هێڵكاریەكی تایبەت دەنەخشێنرا و پییان دەگوون حۆری واتە فریشتە وەكو هێمای خیری و خۆشی بۆ ماڵەكە سەیر دەكرا، پێخەفەكانیش بریتی بوون لە تەنیا دۆشەكێك و لێفەو سەرینێكی دوونەفەری لای هەلاجەكانی كەركوك لە بازاڕی جوتقاوە دەدرایە رادان و دروستكردن بۆ بوك و زاوا ، ژیانی هاوسەری ئەو رۆژگارە وەكو ئێستا ئاڵۆزو سەخت نەكرابوو ، خێزانە نوێیەكە جگە لەو ژوورە و ئەو سەندوق و دەستە پیخەفە ،كەرەستەو ئامرازێكی دیكەی تایەبەتیان نەبوو. چیشتخانەو قاپ وقاچاغ و نانخواردن و خۆشوشتن و هاتوچۆیان لەگەل ماڵی باوكی زاوا هاوبەش و هەر پێكەوە بوون، لە هفتەی یەكەم بە دوواوە ئیتر وردە وردە دایكی زاوا كاری چیشتخانەو خواردن دروست كردن و نان كردنی دەدایە دەستی تازەبوك و چاودێریشی دەكرد ، لە تاموچیژو خوێ و بە تایبەت مەسەلەی رۆن دەركردن لە هیزە ...

لەم رۆژگارەدا لە قەزای دوبزیش وەكو زۆربەی ناوچەكانی دیكەی كوردستان ئەو رێورەسم و دابونەریتانە نەماوەو هاوسەرگیری و دروستكردنی خێزانی نوێ مۆدێل و شێوازی مۆدێرنی وەرگرتوە ، زۆربەی هاوسەرگیریەكان كەسی ناوێ ئەودوو خێزانە ڕێكبخاو بەیەكیان بەگەیەنی, كوڕ و كچ بەیەك دەگەن و دوای یەكتر ناسینێكی قووڵ هەردووك خێزانی خۆیان لە مەسەلەكە ئاگادار دەكەنوە و ئەگەر داك وباب ڕازی بوون ئەوكات هەر خیزانەو خزمو كەس و دۆستی خۆیان بە تەلیفۆنی ئەم سەردەم یا بەنامە ئاگادار دەكەنەوە بۆ ئامادە بوونی رۆژی ئاهەنگی(ختووبە/مارەبڕین) لە

نادی/یانە یان فەزایەکی کراوەی دەرەوەی شار ، ئاهەنگی جۆراوجۆریان بۆ داهێناوە، مارەکردن و نیشان کردن و گواستنەوەو چەند بۆنەیەکی دیکە، هەر هەموو ئەمانەش گرانی زیاتر دەخاتە سەر ماڵی کوڕ ، ئەمەش هۆکارێکە بۆ دوواخستنی هاوسەرگیری و بەرزبوونەوەی ریژەی قەیرەیی و دوواتر کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت لەسەر ژمارەی دانیشتوان ، بە تایبەت لە کۆمەڵگای لادێیی کوردستاندا، دەکرێ ئەمەش بە یەکێك لە ئاسەوارو شوێنەواری ئەو مەینەتیانە بدەینە قەڵەم کە کۆمەلگای لادێیی کورد لە سایەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریەوە رووبەرووی بوەتەوە، چونکەژیانی ئاسایی لادێیانەی کوردەواری لە بەر یەك هەلوەشاوەتەوە و ئاڵۆزی کردووە.

## 2-خزمایەتی و بنەچەی بنەماڵەکان:

لە سەرەتای ئاوەدان کردنەو ودەستپێکردنی ژیان لەم شوێنە, کۆمەڵەخزمێك کۆمەڵە خانوویەکی قەشەنگیان لە سەر زێی بچووك بەرامبەر گوندی شەناغەی دەشتی دزەیاتی سنووری کەندێناوە بەرز کردۆتەوە, هەر لە بەرەبەیانەوە قوولەی کەڵەشێر و باعەی مەڕ و حەپەی سەگ و حیلەی ئەسپ و قۆڕەی مانگا/چیر دەبیسترا, هەر لەو کاتانەشدا دووکەڵی تەندووربان وچێشت لێنان دەچووە تاقی ئاسمان, ئەو دیمەنەو ئەو جوانییەو ئەو تاماوە دەنگی داوە, زۆری نەبردووە خەڵکان لەملاو لەولاوە هاتوونەو دووبز لە چەند ماڵیکەوە خۆی لە 60بۆ70ماڵێك بە سەرەوەداوە, ئەو دۆستانەو ئەوخزمانە لە هەموو خۆشی وناخۆشییەکدا بەشداری یەکبوونە بێ فەرقو جودایی, لەودەمە تا ئەمڕۆ تەنها خوای گەوە بەخۆی ئەزانی چەند هەزار خێزان لە خزمو ئاشناو بێگانە روویان لەم شوێنە کردووە و پاشان بەهەر

هۆیەکەوە ئێرەیان جێهێشتووە, هەریەك لەو خێزانە کوردەوارییەی ئەو خزمانەئێرەیان ئاوەدان کردۆتەوە خاوەند ئەزموون و بەسەرهاتێکی زۆرن لە چێشتنی تاڵی وتورشی ونەخۆشی و برسێتی و سەرماو گەرما ونەهاتی و قاتوقڕی و بێکاری و بێخزمەتگوزاری و نەخۆیندەواری, ئەمانەو جگەلە شەوگار کوشتنی شەوی زستان لەبەر ترووسکەی چراو خۆ گەرمکردنەوە و وشککردنەوەی لێوار کوانی و ئاگردان, ئاگر کردنەوە بەتەپاڵە/سەرگین وقشپل/پشقل و چیلکەو شووری کفر و کۆتەرەی وشکەوەکراو, یالەسەر تەندوربان دەتەکێندرا ئێواران جلوبەرگی لەبەرکراویان هەموو خامو چاوپان و شاخبێزی بوو, گۆدەگیرا لە قرچەقرچی رشك و ئەسپێ لە کاتی تەکاندیان, پێڵاوی پێ هەموو کەوش و سۆل و یەمەنی بوو دەکڕدرا بە دراوی لیرەو روپیە و فلس و عانە, یا بە گەنم وجۆ ئەویش دەپێورا بەتەرازووی لە چوکوڵ و پووش دروست کرای, بە پەیوەری پارسەنگی باتمان و حۆقەو ئیزرەم و ئەلیدرەم, ئەو دراوانە هەرهەمووی پەیدا دەکرا  بە کاری کرێکاری ڕەنجبەری شوانی و گاوانی و بەرخەوانی و جووتیاری و سەپانی و شەغرەکێشان و گێرەو کاکێشان و شینایی وچواربێستان و جووتکردنی جووتیاری بەیانیان, خواردنەوەیان لە ئاوی ساردی کوندەی سەر کوندەڵان لە گەڵ دۆی تورشی بن هەنگڵی ژنان دەبرا بۆ سەر پەرێز و جۆخین وخەرمان, دەیانخواردەوە تێلەکێش و پاڵە و سەپان, گێرەش دەکرا بە جەنجەڕی بەستراو بەگوریس و کەژی لە موو دروستکراو, لە بری (بۆربەرین)ی ئەمڕۆ بۆ ئاسان سوڕان بە کاریان دەهێنا کارەموو بۆ سوڕانی جەنجەرَ و سیوسیوەی قەناتی بیری ئاوکێشان, ئەوی نووسراوە هەمووی کراوە بە زەبری قۆڵو باسکی خۆیان هاوین کردوویانە و زستان

خواردوویانە, بەرهەمی ئەوسەردەمیان هەمووی بە پشتی وڵاخ8,7سەعاتەڕێ دەبرد بۆ كەركوك, لەوێ دەفرۆشرا و پێداویستی ناو ماڵ دەكڕدرا وبۆ ماڵیان هێناوەتەوە,~ بۆ تێك نەچوونی شیرازەی خزمایەتی و هاوسێیەتی وئاشنایەتی ئەو خزمانە هەر سەردەمەو چەند جوامێرە پیاوێكیان بەدەم سپی و خەمخۆر زانیوە و رێزیان لێگیراوە, لەكاتی سەرهەڵدانی هەر كێشەو گرژییێك ئەو پیاوماقولانە هەڵساون بە چارەسەركردنی كێشەكان لە شارەدێی دووبز. ئەو كەلتوور ودەستوورە دەستاو دەست هاتووە و هەروا بووە تا سەردەمێكی كەم بەر لەمڕۆ, دیارە ڕەوڕەوەی ژیان لەهەموو ناوچەیەك و لای هەموو تیرەو هۆزێكی كوردەواری گۆرانكاری بەسەردا هاتووە, لێرەشدا ئەو شیرازەیە وە جاری جاران نەماوە زۆر كاڵبۆتەوە, تەنها هەندی لەو خزمانەی كە خۆیان بە دانیشتووی ڕەسەنی ناوچەكە دزانن پەیڕەوی ئەو كلتوورە دەكەن و لایان پیرۆزە و رێزی لێ دەگرن.,

لە بنەڕەتدا زۆربەی دانیشتوانی گوندەكانی قەزای دوبز لە سەر ئاستی گوند یان چەند گوندێك ، لە رووی خزمایەتی و بنەچەی رەچەڵەكیەوە دەچنەوە سەر یەك بەرەباب، واتە لە بنەڕەتدا لە خێزانێكەوە دروست بوون، ئیتر نەوەی ئەو خێزانە دەبنە بنەماڵەو تایەفەو تیرەو خێڵ و هوزی گەورەی لێ كەوتوەتەوە، ئەمە بابەتێكی زۆر گرنگە لە زانستەكانی كۆمەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆژیادا،ئاستی یەكانگیری و هەماهەنگی گروپە مرۆییەكانمان بۆ روون دەكاتەوە، ئێمە لەم نوسینەدا بە داخەوە نەمانتوانی بۆ هەموو گوندەكانی قەزای دوبز درەختی بنەماڵەیی دروست بكەین، بەڵام وەكو نمونە بۆ ئەوەی قەبارەی مەینەتیەكانی كۆمەڵگای لادیی كورد لە قەزای دوبزدا بزانین ،لە

ڕێگای پیاوانی بەتەمەنی گوندەكانەوە درەختی بنەماڵەییمان بۆ یەك گوند دروست كردووە ئەویش گوندی گوندی (قوتانی خەلیفە) یە ئەم گوندە یەكێكە لە گوندە دێرینەكانی قەزای دوبز، لە ڕووی ڕیشەی بنەماڵەییەوە سەر بە خێڵی لوڕن ، لە بنەچەدا دەگەڕێنەوە سەر خێڵی شوانكارەی كورد ، خاوەن ئیمارەت و میرنشینێكی بەهێزبوونە و پایتەختیان شارۆچكەی بەدرە بووە، تا ساڵی 1354ی زاینی دەسەڵاتیان هەبووە لە ناوچەی مەهران و بەدرەو جەسان و زەرباتیە و..هتد دوواتر لە لایەن چەند بنەماڵە و میرێكی فارسەوە پەلامار دراون و لە ژێر فشاری ئەواندا ڕووەو باكور هاتوون، میرو سەركردەكانیان لە گوندی دارەمان و خەڵكەكەی تریش بە ناوچەكانی دەوروبەری دارەماندا بڵاو بوونەتەوەو لە گوندەكانی سمایل بەگی و حاجی بەیخان و جانقزو مامان و ناروجەی حاجی جەرجیس و أحمەد رەجەب و قوتانی خەلیفەو كەڵورو چراغ و دۆرم و...هتد نیشتەجێ بوونە، دوواتر نەوەكانیان ماونەتەوەو ئەم گوندانە پەرەیان سەندووە، بۆیە قوتانی خەلیفە هەر بە ناوی ئەو خێزانەوە نراوە كە لە گوندەكەدا نیشتەجێ بووە كە ناوی (خەلیفە فەتاح أحمد مكائیل ئیسماعیل بەگ بووە) ، واتە لە بنەچەدا خەلیفە كوری اسماعیل بووە، گوندی سمایل بەگیان ئاوەدان كردوەتەوەو دوواتر كە نەوەكانی پێگەیشتون ، خەلیفە گوندی قوتانی ئاوەدان كردوەتەوە و لەو شوێنەدا نیشتەجێ بووە ، بۆیە دەكرێ لە هێڵكاریەكدا لە شێوەی درەختی بنەماڵەیی هەموو ئەو خێزانانەی لە گوندی قوتان نیشتەجێبون و دەچنەوە سەر یەك بەرەباب ڕوون بكەینەوە([9])، بە پێی ئەو چاوپێكەوتنانەی لەگەڵ هەندێك

[9] -لە سەرەتادا بۆ نوسینی ئەم بەرگەی كتێبەكە لە بەرنامەدا بوو بۆ هەموو گوندەكان هێڵكاریەكی لەم جۆرە دروست بكەین ، بەڵام ئەم كارە كات و ماندوبون و شارەزایی و

لە پیرو بەساڵاچو وبەتەمەنکانی ئەم گوندانەدا کراوە، بروانەی هێڵکاری ژمارە (1)،

سمایل بەطي (ئیسماعیلي کورِي بەطیة)

جبرائیل أحمد میکائیل حمة خان

عەلي شالَي) کویَخا بەکر

أحمد

محمدفقيَ عبدالله محمد(تەلَيَخان)

عمرفقي صالح علي فەتاح

رسول حسن خەلیفة (طوَرِةکەي لة

بناري حەمرینة)و قوتاني خەلیفة بة ناوي ئەمة

رحمن محمود سلیمان قادر

حسن أمین ستار جبار عبدالله أحمد جبار مستەفا

أمین صالح محمد

قادر (قالة عەنة)

خلیفة أحمد فتاح

أحمد قادر حسین اسماعیل

أحمد علي محمد عبدالله سعید رحمان

حمەرشید رسول

خورشید رەزا مستەفا محمد أحمد

حسن محمد مکائیل

خۆتەرخاند کردن و ئیمکاناتی زیاتری دەوێت ..هەموو ئەمانەش لەم قۆناغەدا بەردەست نین

حميد

حسين ياسين عمر تەها اسعد حسن عبدالله مجيد صالح زەكي

حسين محمود عبدالله كاكەرەش

محمد عرفان هيوا جوتيار

صفر

صباح صلاح فلاح

علي عمر فتح الله أسماعيل

فهمي سامي أحمد صباح

دلێر صلاح سربست أوذين

ئێستا نەوەی (خەلیفە)كە دانیشتوی رەسەنی كەركوك و یەكێك لە گوندە نزیكەكانی كەركوكن، بە لایەنی كەمەوە (200) خێزان دەبن و ژمارەیان زیاتر لە (1000)هەزار كەس دەبێت، بە هۆی زوڵم و ستەمی حكومەتە یەك لە دووای یەكەكانی عیراقەوە، ئاوارەی شارەكانی هەولێرو سلێمانی و رانیەو كۆیەو دەرەوەی عیراقن ، ئەوەی شایانی باسە لە سەرژمری ساڵی 1957 ژمارەی دانیشتوانی ئەم گوندە تەنیا (150)كەس بووە، بە پێی هەموو تێۆرە دێموگرافیەكانیش ئیستا ئەم دانیشتوانە دووای زیاتر لە شەست ساڵ ،پێویستە

سێ جار بە قەد خۆیان زیادیان کردبێت واتە نزیکەی هەزارو دووسەدکەس ببن لە شاری کەرکوکدا.

ئەگەر ئەو دەرکردنەی کورد لە کەرکوك لە سەر ئاستی یەك گوند بەو قەبارەیە بێت ، ئەوە تەنیا لە قەزای دوبزدا (128)گوند هەبووە، کە زۆربەیان لە گوندی قوتانی خەلیفە گەورەتر بوون ،لەم قەزایە و دەوروبەریدا وێران کران و دانیشتوانەکەی راگوێزران و لە جێگەیاندا عەرەبی کۆچەری نیشتەجێکران، بە پێی سەرژمێری ساڵی 1957 ژمارەی دانیشتوانی ئەو (128) گوندە بەو شێوەیە بووە :

| ز | ناوی گوند | ژمارە 1957 | ساڵی روخانی | ساڵی ئاوەدانکردنەوەی | ژمارەی خێزانەکانی تا 2017 | ژمارەی خێزانەکانی 2020 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | قەرەچەم | 229 | نەروخێنراوە | | | |
| 2 | قەرەدەرە | 679 | 1963 | 2003 | | |
| 3 | عەمشە | 237 | 1963 | 2003 | | |
| 4 | قەلاهەربەت | 463 | 1963 | 2007 | | |
| 5 | مەرعی | 46 | 1963 | 2009 | | |
| 6 | قوشقایە | 214 | 1963 | 2008 | | |
| 7 | ئیدریس تەمر/کێف | 309 | نەروخێنراوە | عەرەب | | |
| 8 | ئیدریس خەزعەل | 121 | نەروخێنراوە | عەرەب | | |
| 9 | ئیدریس هەیاس | 133 | نەروخێنراوە | عەرەب | | |
| 10 | چەخماغە | 212 | 1975 | 2005 | | |
| 11 | سابونچی | 125 | نەروخێنراوە | عەرەب | | |
| 12 | ئیدریس عەرەب | 62 | نەروخێنراوە | عەرەب | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 13 | دۆرم | 294 | نەروخێنراوە | عةرةب | | |
| 14 | مەلاعبدڵا | 370 | نەروخێنراوە | عةرةب | | |
| 15 | کونە رێوی | 97 | نەروخێنراوە | عةرةب | | |
| 16 | بای حەسەن | 491 | نەروخێنراوە | عةرةب | | |
| 17 | مشێرفە | 89 | نەروخێنراوە | عةرةب | | |
| 18 | ئەبوخورجە | 88 | نەروخێنراوە | عةرةب | | |
| 19 | مامە | 346 | 1975 | 2005 | | |
| 20 | عەلاغێر | 381 | 1975 | 2005 | | |
| 21 | تویڵعە | 76 | نەروخێنراوە | عةرةب | | |
| 22 | مەلحەی خواروو | 105 | نەروخێنراوە | عةرةب | | |
| 23 | مەلحەی سەروو | 176 | نەروخێنراوە | عةرةب | | |
| 24 | مەحگوڕ | 64 | نەروخێنراوە | عةرةب | | |
| 25 | مەنسیە | 97 | نەروخێنراوە | عةرةب | | |
| 26 | روبێزە | 281 | نەروخێنراوە | عةرةب | | |
| 27 | گوبێبە (الکبە) | 153 | نەروخێنراوە | عةرةب | | |
| 28 | قوتان خەلیفە | 150 | 1963 | 2003 | | |
| 29 | قوتانی بچوك | 83 | نەروخێنراوە | 2003 | | |
| 30 | قوتانی گەورە | 144 | 1963 | 2003 | | |
| 31 | هەنجیرە | 128 | 1963 | 2003 | | |
| 32 | عەلاو محمود | 217 | 1987 | 2003 | | |
| 33 | چراغ | 129 | نەروخێنراوە | عةرةب | | |
| 34 | باجوان | 285 | نەروخێنراوە | عةرةب | | |
| 35 | گومبەتلەر | 653 | نەروخێنراوە | عةرةب | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | عەرەب | نەروخێنراوە | 32 | قەرەتەپە (قرەیال) | 36 |
| | | عەرەب | نەروخێنراوە | 65 | رەمل | 37 |
| | | | نەروخێنراوە | 1045 | ناوەندی دوبز | 38 |
| | | عەرەب | نەروخێنراوە | 535 | مەلحەوالی | 39 |
| 20 | 60 | 2003 | 1975 | 485 | شەناغە | 40 |
| چۆڵکراوە | | ئاوەدان نەکرایەوە | 1975 | 184 | دەر بەندسارەلو | 41 |
| 8 | 25 | 2003 | 1975 | 97 | چەرت | 42 |
| 65 | 50 | دەرنەکراون | | 125 | دڕکەی گەورە | 43 |
| 10 | 42 | 2003 | 1975 | 102 | دڕکەی بچوك | 44 |
| 3 | 10 | 2003 | 1987 | 205 | گابەرەکە | 45 |
| 3 | 40 | 2003 | 1975 | 95 | گێسمە | 46 |
| 15 | 45 | 2003 | 1975 | 45 | تەلهیلالە | 47 |
| 2 | 30 | 2003 | 1975 | 229 | گەزوەشان | 48 |
| 100 | 150 | 2003 | 1987 | 307 | شەحەل | 49 |
| 20 | 50 | 2003 | 1987 | 125 | سلێمان پەخشان | 50 |
| 14 | 32 | 2003 | 1987 | 183 | داودگورگە | 51 |
| 40 | 110 | 2003 | 1987 | 226 | پەڵکانە | 52 |
| چۆڵکراوە | 7 | 2003 | 1987 | 264 | کەندال | 53 |
| 6 | 50 | 2003 | 1987 | 636 | خە رابە | 54 |
| 45 | 80 | 2003 | 1987 | 539 | سەرگەڕان | 55 |
| | | | | | خەسرەوبولاق | 56 |
| چۆڵکراوە | 10 | 2003 | 1975 | 126 | عەولافات | 57 |
| 2 | 15 | 2003 | 1975 | 346 | سەربەشاخ | 58 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 59 | دەر بەندی گۆمی | 517 | 1975 | 2003 | 15 | 2 |
| 60 | قوچ | 86 | 1987 | 2003 | 10 | 3 |
| 61 | لهێبان | 438 | 1987 | 2003 | 80 | 70 |
| 62 | خۆشاو | 123 | 1987 | 2003 | 20 | 60 |
| 63 | سێقوچان | 232 | 1987 | 2003 | 30 | 35 |
| 64 | قەپلان | 417 | 1987 | 2003 | 45 | 50 |
| 65 | جاستانە | 533 | 1975 | 2003 | 10 | چۆڵكراوە |
| 66 | قەرەبۆتك | ؟ | 1987 | ئاوەدان نەكرایەوە | | چۆڵكراوە |
| 67 | دەرماناو | 49 | 1987 | 2003 | 5 | چۆڵكراوە |
| 68 | پیرمهێدی | 141 | 1987 | 2003 | 8 | چۆڵكراوە |
| 69 | چاربەردان | 219 | 1987 | 2003 | 20 | 9 |
| 70 | قەڵاتەسۆرانی بامەند | 183 | 1987 | 2003 | 13 | چۆڵكراوە |
| 71 | سارتك | 112 | نەروخاوە | | گوندی عەرەبە | 2014روخا |
| 72 | هەمین مردی | 30 | 1987 | ئاوەدان نەكرایەوە | | چۆڵكراوە |
| 73 | هەمزاغا | 76 | 1987 | ئاوەدان نەكرایەوە | | چۆڵكراوە |
| 74 | دوازدەهەوار | 116 | 1987 | 2003 | 20 | چۆڵكراوە |
| 75 | خازر | 200 | نەروخاوە | | گوندی عەرەبە | 55 خیزانە |
| 76 | گردرەوە | 138 | 1987 | 2003 | 10 | چۆڵكراوە |
| 77 | گەڕاو | 177 | 1987 | 2003 | 60 | چۆڵكراوە |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 78 | کەندی بەکر | 43 | 1987 | 2003 | | |
| 79 | قەرغەتوو | 260 | 1987 | 2003 | | |
| 80 | کتکەی سەرو وخوارو | 429 | 1987 | 2003 | 25 | 25 |
| 81 | چیاچەرمگی گەورە | 290 | 1987 | 2003 | | |
| 82 | بیرەسپاتی گەورە | 435 | 1987 | 2003 | | |
| 83 | بیرسپانی بچوك | 245 | 1987 | 2003 | | |
| 84 | قەرەبەگ | 375 | 1987 | 2003 | 20 | 20 |
| 85 | دەرماناوی گەورە | 333 | 1987 | 2003 | | |
| 86 | دەرماناوی بچوك | 168 | 1987 | 2003 | | |
| 87 | چیاچەرمگی بچوك | 116 | 1987 | 2003 | | |
| 88 | گەڵۆزی | 500 | 1987 | 2003 | 265 | 257 |
| 89 | نەبیاوە | 353 | 1987 | 2003 | | |
| 90 | گورزەیی | 225 | 1987 | 2003 | | |
| 91 | گەوەنی | 32 | 1987 | 2003 | | |
| 92 | قەرەسالمی خواروو | 136 | 1987 | 2003 | 28 | 28 |
| 93 | قادرباغر | 149 | 1987 | 2003 | 23 | 23 |
| 94 | رۆژبەیانی | 183 | 1987 | 2003 | | |
| 95 | یارمجە | 251 | 1987 | 2003 | | |
| 96 | قەزنەفەر | 113 | 1987 | 2003 | | |
| 97 | شانشین | 140 | 1987 | 2003 | | |
| 98 | کەڵور/باڵتۆپە | 190 | 1987 | 2003 | | |
| 99 | دارەمان بچوك | 164 | 1987 | 2003 | | |
| 100 | گۆڵدەرەی گچکە | 146 | 1987 | 2003 | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | 2003 | 1987 | 222 | گۆڵدەرەی گەورە | 101 |
| | | 2003 | 1987 | 427 | حەسار گەورە | 102 |
| | | 2003 | 1987 | 369 | کەلور/خورمالوچە | 103 |
| 6 | 6 | 2003 | 1987 | 137 | بیبانی بچوك | 104 |
| 13 | 13 | 2003 | 1987 | 360 | زەردك | 105 |
| 25 | 25 | 2003 | 1987 | | تولکی | 106 |
| | | 2003 | 1987 | | دوبزنی | 107 |
| | | 2003 | 1987 | 134 | قادرزەمە | 108 |
| | | 2003 | 1987 | 170 | تۆراغ | 109 |
| | | 2003 | 1987 | 115 | حەسارتەها | 110 |
| | | 2003 | 1987 | 213 | بیراڵك | 111 |
| | | 2003 | 1987 | 131 | کاریز وەتخر | 112 |
| | | 2003 | 1987 | 384 | عەلی بەیان | 113 |
| | | 2003 | 1987 | 190 | شەوگێر | 114 |
| | | 2003 | 1987 | 179 | پەڵکانە | 115 |
| | | 2003 | 1987 | 146 | دەرماناو | 116 |
| | | 2003 | 1987 | 310 | حەمدۆن | 117 |
| | | 2003 | 1987 | 309 | مەرزیخەی خواروو | 118 |
| | | 2003 | 1987 | 261 | مەرزیخەی ژوورو | 119 |
| | | 2003 | 1987 | 108 | کانی رەش | 120 |
| | | 2003 | 1987 | 158 | جگێلە | 121 |
| | | 2003 | 1987 | 116 | حەسەن قەباغ | 122 |
| | | 2003 | 1987 | 73 | جەوەجەوە | 123 |
| | | 2003 | 1987 | 201 | قولی بەگ | 124 |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 125 | نەیبەسەره | 126 | 1987 | 2003 | | |
| 126 | حەسار کچکە | ؟ | 1987 | 2003 | | |
| 127 | رێدار | ؟ | 1987 | 2003 | | |
| 128 | قەرەسالم سەروو | 257 | 1987 | 2003 | | |
| 129 | شێخەیی | | 1987 | 2003 | 10 | 10 |
| 130 | بیبانی گەوره | | 1987 | 2003 | 20 | 20 |
| 131 | چۆمەزەردەڵە | | 1987 | 2003 | 60 | 60 |
| 132 | سەربیر | | 1987 | 2003 | 40 | 40 |
| | | | | | | |

## 3-تیرەو خێڵەکان:

لە ناو شاروچکەی دووبزدا چەندین خێزان و بنەماڵەی تێدایە لە رووی باگراوندی خێڵایەتیەوە دەچنەوە سەر تیرەو هۆزە جیاوازەکانی کورد ، بە تایبەت ئەو هۆزانەی کە مێژوویەکی دووردرێژیان هەیە لە ناوچەکە بە گشتی وەکو ساڵەیی و شوان و سیان و بلباس و..هتد کە لەئەنجامی پرۆسەی گەشەکردنی دانیشتوان و شارنشینی و پەرەسەندنی باری ئابوری قەزاکە بە شێوەیەکی سروشتی ئەو خێزان و بنەمالانە لە کاروکاسنبی و پیشەی کشتزکالی و ئاژەڵداریەوە گۆڕاون بۆ فەرمانبەری و پیشەدەستی و بازرگانی و کرێکاری رۆژانەو پیشە مەدەنیەکانی دیکە وەکو شوفیری و بەرگدروو و دارتاشی و چاکردنەوەی کەرەستەو ئامێری ناوماڵ و..هتد بەلام سەرەرای نیشتەجێبوونیان لە ناوەندی قەزاکەش هیشتا نازناو و ناسنامەی خێڵایەتیان پاراستوەو شانازی پێوە دەکەن ، ئەمەش لە ناونیشانی ئەو شوێنی کارو نوسینگەو دوگان و کارگانەدا دەردەکەوێت کە بە ناوی خێڵەکانیانەوە کراون وەکو هۆزی کوردی تێدایە, لەوانە هۆزی ساڵەیی کە دووبز بە جێگاوشوێنی

ئەو هۆزە ناسراوە, جەگە لەوان چەندین خانەوادەی هۆزی شێخ بزینی و شوان و لەك و بڵباس و هەمەوەند و سیان و مامەسێنی وبیبانی و ..هتد هەن, ئەوان و جگە لە چەند تیرەی عەرەبی ئەم هۆزانە: ئەلبوحەمدان و ئەلبوسحاگ و بەنی تمیم و هەندی خێزان و خانەوادەی دهێمات و تەی و جبوری, ئەوانیش وەك لای سەرەوە ئاماژەمان پێداوە بۆ بژێوی ژیان كاتی خۆی بەرەو دووبز هاتوون

## 4-پێكەوەژیانی ئاینی و نەتەوەیی لە دوبز:

ئێرە بەدەرنییە لە شوێنانی تری ئەم وڵاتە, لێرەدا كوردو عەرەبی سوننەمەزهەبی عەقیدە شافعی و كەمایەتییەكانی تری وەك توركمان و چەند خێزانێكی عەرەب و توركمانی شیعەو كلدوئاشووری لە ناوەندی دووبزدا دەژین, بەڵام لە چەند دێیەكی ئەم سنوورە بەر لە پرۆسەی ئازادی عیراق و نەمانی ڕژێمی بەعس بەسەتان خێزانی عەرەبی جەعفەری شیعە بەمەبەستی بەعەرەبكردنی سنوورەكە بەعس هێنابوونی لە دێیەكانی شەناغەو چراغ/شەلامچە و زەهرا و ئالبدێر نیشتەجێی كردبوون, لەگەڵ پرۆسەی ئازادی هەر هەموو پایدۆزیان لێكردوو ماڵ و حاڵیان جێهێشتو خۆیان دەرباز كرد, پاش ماوەیەكی زۆر هەندێكیان گەڕانەوە سەر ماڵوحاڵی خۆیان, لەوەداش و بەر لەهاتنی چەتەكانی (داعش) بۆ سنوورەكە دیسان هەموو ماڵ و حاڵیان جێهێشت و لە ناوچەكە نەمان, دوای 16ی ئیكتۆبەر هەندێك لەوان بە سەڵتی گەڕاونەتەوە بۆ سنوورەكەو بەرۆژ دەردەكەون و بە شەو لە كەركوك و شوێنانی تر دەمێنەوە, بەڵام لەوسەردەمی هاتن و لە سنوورەدا

جێنشین بوون نەکورد ونەعەربی سوونە لاریان لەوە نەبوو مەزهەبێکی جیاواز بۆ سنوورەکە هاتووە, بەپێچەوانەوە بە هۆی ئەوەی لە پێشتر هاوسێیەتی ئەوان نەکرابوو خەڵك دەویست شارەزای هەڵس و کەوت و کلتوور و دەستووری ئەو مەزهەبە تازەیەوەبێ بەنسبەتی ناوچەکە.

## بەشی چوارەم: دەسەڵات و دامەزراوە خزمەتگوزاریەکان:

1-دەسەڵات و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی:

2-حیزبە سیاسایەکان:

3-پەیکەری کارگێری:

أ-پەروەردە:

ب-تەندروستی:

ج- شارەوانی:

د-ئاوئاوەرۆ:

## بەشی چوارەم: دەسەڵات و دامەزراوە خزمەتگوزاریەکان:

### 1-دەسەڵات و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی

لە رووی مێژووییەوە ،دووبز دوای لەناوچونی دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە ساڵی 1918 و دوواتر پێکهێنانی حکومەتی عێراقی لە ساڵی 1921و لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەو حکومەتە تازە دروستکراوەوە لە ساڵی 1925 تا 9ی مانگی نیسانی ساڵی 2003 لە ژێر چنگی حکومەت و دەسەڵاتدارانی عەرەبدا بووە، بە درێژایی ئەم مێژووە هەوڵی سەپاندنی کلتوری عەرەبی و پەراوێزخستنی ناسنامەی کوردی ناوچەکە دراوە .

دێی دووبز لە رۆژی 1960/8/14 بە مەرسوم جەمهوری ژمارە 486 کراوە بەناحیە و فایق عەلی دەرچووی یاسا کراوە بە یەکەم مودیر ناحیە لە دووبزدا , وەکو ناوەندێك بۆ کۆکردنەوەی ژمارەیەك گوندو کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە، لە یەکەم پێکهاتنی ناحیەی دووبزدا ئەم دێهاتانەی خراوەتە پاڵ :

| ژ | ئەو گوندانەی لە | ئەو گوندانەی لە | ئەو گوندانەی لە |
|---|---|---|---|

| | پردێ دابڕان | حەویجە دابڕان | مەرکەزی کەرکوك دابڕان |
|---|---|---|---|
| 1 | قەرەچەم | مشێرفە | قوتان خەلیفە |
| 2 | قەرەدەرە | ئەبوخورچە | قوتان گچکە |
| 3 | عەمشە | مامە | قوتان گەورە |
| 4 | مەرعی | عەلەغێر | هەنجیرە |
| 5 | قەڵاهەربەت | تویلعە | علاومەحمود |
| 6 | قوشقایە | مەڵحەی خوارو | چراغ |
| 7 | ئیدریس تەمر/کێف | مەڵحەی سەرو | باجوان |
| 8 | چەخماغە | مەحگوڕ | گومبەتلەر |
| 9 | ئیدریس خەزعەل | مەنسیە | قەرەتەپە |
| 10 | ئیدریس هەیاس | روبێزە | رەمڵ |
| 11 | سابونچی | گوبێیە | |
| 12 | ئیدریس عەرەب | | |
| 13 | دورم | | |
| 14 | مەلاعەبدوڵڵا | | |
| 15 | کونەرێوی | | |
| 16 | بای حەسەن | | |
| کۆی گشتی | 16 | 11 | 10 |

ئەوەی شایانی باسە لە کاتی پێکهێنانی ناحیەکەدا وەکو یەکەم هەنگاو گوندەکانی ( قەرەچەم و قەرەدەرە و عەمشە و مەرعی و قەڵاهەربەت قوشقایە و ئیدریس تەمر/کێف و چەخماغەو ئیدریس خەزعەل و ئیدریس هەیاس و سابونچی و ئیدریس عەرەب و دورم ومەلاعەبدوڵڵا و کونەرێوی و بای حەسەن )کە ژمارەیان (16) گوند بوو لەسنووری ناحیەی پردێ گواستەوە بۆ سەر ناحیە تازەکەی دووبز, هەروها گوندەکانی (مشێرفە و ئەبوخورچە و مامە و عەلەغێر و تویلعە و مەڵحەی خوارو و مەڵحەی سەرو و مەحگوڕ و مەنسیە و روبێزە و گوبێیە)کە ژمارەیان (11) گوند بوو لەقەزای حەویجە دابڕی خستیە پال سنووری ناحیەی دووبز , وە دێیەکانی ( قوتان خەلیفە و قوتان گچکە و قوتان گەورە و هەنجیرە و علاومەحمود و چراغ و باجوان و گومبەتلەر و قەرەتەپە و رەمڵ)کە ژمارەیان (10)گوند بوو لە قەزای ناوەندی لیوای کەرکوکی ئەوسەردەم دابڕاوە و خراوەتە سەر سنووری ناحیەی دووبز، بەمەش لە سەرەتای دروستبوونیدا ناخیەی دوبز لە ناوەندی ناحیەو (37)گوند پێکهات..

ئەگەر لە رووی نەتەوەییەوە سەیری بکەین ئەمە بەشێکە لە سیاسەتی تەعریب و دوورخستنەوەی هەژموونی کلتوری لە حەویجەو ناوەندی شاری کەرکوك و هەڵکشانی کلتوری عەرەبی بۆ باکورو باکوری رۆژهەلات دووای پەرینەوە لە رووباری دیجلە بۆ تێپەراندنی زێی بچوك

هەر بۆیە دەبینین لە قۆناغەکانی دوواتر ،بە مەرسوم جەمهوری ژمارە (33) لە رۆژی 1975/11/6 ئەم دێیانە لە ناحیەی کەندێناوەی قەزای مەخموری

پارێزگای هەولێر دابڕاوە و خراوەتە پاڵ سنووری ناحیەی دووبزی پارێزگای کەرکوك:

| ژ | ئەو گوندانەی لە ناحیەی دیبەگە دابڕان | ئەو گوندانەی لە قەزای مەخمور دابڕان |
|---|---|---|
| 1 | مەلحەوالی | بیرمهێدی |
| 2 | شەناغە | قەڵاتەسۆرانی بامەند |
| 3 | دەربەند سارەرلو | سارتك |
| 4 | گابەڵەکە | هەمین مردی |
| 5 | درکەی گەورە | هەمزەئاغا |
| 6 | درکەی گچکە | دوازدە هەوار |
| 7 | چەرت | خازر |
| 8 | گێسمە | چاربەردان |
| 9 | تەلهەلالە | گرد ڕەوە |
| 10 | گەزوەشان | گراو |
| 11 | شەحەل | کەندی بەکر |
| 12 | کەنداڵ | |
| 13 | سلێمان بەخشیان | |
| 14 | داودگورگە | |
| 15 | سەرگەڕان | |
| 16 | خەرابە | |
| 17 | پەڵکانە | |

| | | |
|---|---|---|
| 18 | خەسرەو بۆڵاق | |
| 19 | عەۆڵافات | |
| 20 | سەربەشاخ | |
| 21 | دەربەندی گۆمی | |
| 22 | قووچی لهێبان | |
| 23 | خۆشاو | |
| 24 | سێقوچان | |
| 25 | قەپڵان | |
| 26 | جاستان | |
| 27 | قەربۆتك | |
| 28 | دەرماناو | |
| کۆی گشتی | 28 | 11 |

( مەلحەوالی و شەناغە و دەربەند سارەرلو و گابەڵەکە و درکەی گەورە و درکەی گچکە و چەرت و گێسمە و تەلهەلالە و گەزوەشان و شەحەل و کەنداڵ و سلێمان بەخشیان و داودگورگە و سەرگەڕان و خەرابە و پەڵکانە و خەسرەو بۆڵاق و عەۆڵافاتی و سەربەشاخ و دەربەندی گۆمی و قووچ و لهێبان و خۆشاو و سێقوچان و قەپڵان و جاستان و قەربۆتك و دەرماناو)کە ژمارەیان (28)گوند بوو، هەروها بە هەمان مەرسوم دێیەکانی(بیرمهێدی و قەڵاتەسۆرانی بامەند و سارتك و هەمین مردی و هەمزەئاغا و دوازدە هەوار و خازر و چاربەردان و گرد ڕەوە و گراو و کەندی بەکر)کە ژمارەیان

(11) گوند بوو، لە سنووری قەزای مەخموری پارێزگای هەولێری دابڕی و خستیە پاڵ سنووری ناحیەی دووبزی پارێزگای کەرکوك، لە راستیدا ئەمە جێگای پرسیارە؟ لە کاتێکدا رژێمی بەعس بە هەموو شێوەیەك هەوڵی دەدا، ژمارەی کورد لە پارێزگای کەرکوك کەم بکاتەوەو گوندە کوردیەکانی پەشوبڵاوە پی دەکرد، بۆچی بە پێچەوانەوە ئەم گوندانە لە سەر ناوچە ئۆتۆنۆمیە کارتۆنیەکەی خۆی لادەبات و دەیانگوازێتەوە بۆ سەر کەرکوك؟

ئەگەر لە هەنگاوەکانی ساڵانی دوواتر ورد بینەوە ، هۆکاری ئەم هەنگاوەمان بۆ روون دەبێتەوە، لە بیرو هزری سەرکردەکانی بەعسدا بەرنامەی چۆڵکردن و روخاندنی گوندە کوردیەکان رابردوویەکی قولی هەیە ، هەر لەسەرەتاوە بە نیازی لە ناوبردنی کۆمەڵگای لادێی کورد بوونە، کاتێك لەم گوندانەدا نەوت بە رێژەیەکی زۆر دۆزراوەتەوە، ئەم گوندانەش سەر بە پارێزگای هەولێر و ناوچە ئۆتۆنۆمی کە خۆیان دانیان پێدا نابوو واتە خاکی کورد بوون، بە کوردیان رەوا نەدەبینی کاتێك هەموو گوندەکانیش تێك دەدەن، رووبەرێکی زەوی بکەوێتە دەست کورد نەوتی تێدا بێت ، بۆیە پێش روخاندنی گوندەکان لە رووی ئیداریەوە گواستیانەوە سەر پارێزگای کەرکوك بە هزری خۆیان کەرکوك خاکی کوردان نەبوو!

لە ئەنجامی ئەمەشدا ژمارەی گوندەکانی ناحیەی دوبز گەیشتنە (76)گوند، بۆیە بە مەرسومی جەمهوری ژمارە (72) لە رۆژی 15/ 2/1976 دووبز دەکرێ بە قەزا و (عەبدالرەزاق خەیروڵڵا عەلی) تا ساڵی 1978 بووە بە یەکەم قائمقامی دووبز .

ئەمجارە بە پێچەوانەوە ، پیشتر دوبز گوندێك بوو سەر بە ناحیەی پردێ ، ئیستا دوبز بووە قەزاو پردیش تەنیا ناحیەی قەزاکەی پێکهێنا، لە سەرەتادا جگە لە پردێ قەزای دوبز هیچ ناحیەیەکی دیکەی نەبوو .

ئەگەر لە رەفتاری بەعسیەکان ورد بینەوە ،دەبینین بە بەرنامە سەرقاڵی لە ناوبردنی کورد بوون، سەرنج بدەن، تەنیا لە ماوەی (29) ساڵدا دووبز چیی بەسەر هاتووە؟!

لە گوندێکەوە بوو بە ناحیەو بوو بە قەزاو کرایەوە بە ناحیەو بوەوە بە قەزا! تەنیا بە مەبەستی کەرتکەرت کردنی کورد لە ناوچەکەو زاڵکردنی پێکهاتەی عەرەبی و تەعریبکردنی قەزاکە ، لەبەر ئەوەی ناوچەیەکي دەوڵەمەند بە سامانی سروشتی و لە شوێنێکی هەستیاری ململانیی نەتەوەیی نێوان کورد و دەسەڵاتە شۆفینیزمە یەك لە دووای یەکەکانی عێراق بوو.

ئیتر مەترسی قۆناغەکەو دڵنیابوونیان لە نەمانی مەترسیەکان و بیرکردنەوە لە هەنگاوی دیکەو تەعریبکردنی ناوچەیەکی دیکە بەر ەو باکور و باکوری رۆژهەڵات بە ئاراستەی لە ناوبردن و قڕکردنی کورد لە عێراقدا نەخشەو پلانی گەورە کردن و بچوك کردنەوەی دوبزیان دارشتووە لە رووی کرگێریەوە.

کاتێك سەرانی رژێم بە تەواوی لە تەعریب کردنی قەزاکە دڵنیا دەبن و کوردی تێدا بە رێژەیەك کەمدەکەنەوە کە بە مەترسی نازانن،پێیانوایە کاتی ئەوە هاتووە هەنگاوێکتر بەرەو ناوچە کوردنشینەکان هەنگاو بنێین، بۆیە بە مەرسومی جەمهوری ژمارە (434) لە رۆژی 1989/9/11 دووبز دەکەنەوە بەناحیە و دەیخەنە سەر ناوەندی قەزای کرکوك و (قەیس عەبدول

کافی حوسێن) تا ساڵی 1992 بووە بە یەکەم مدیر ناحیە، بۆ ئەوەی تەعریبی ناوەندی کەرکوك بکەن، پێیانوابوو بە تەواوی دوبز تەعریبکراوە هەتا ئەم ناحیەیە لەسەر ناوەند رێژەی عەرەب لە ناوەند بەرز بکاتەوە، لە هەمان کاتدا بۆ فشار خستنە سەر کلتوری کوردی لە هەولێر و تێکدانی پێکهاتەی نەتەوەیی شارەکە دڵ بە ناحیەی پردێ خۆش دەکەن، سەرەتا لە مانگی چواری سالی 1987هەموو کوردەکانی ناحیەی پردێ دەردەکەن و دەیگوازنەوە بۆ ئۆردۆگا زۆرەملێکانی پارێزگای هەولێر ، هەروەکو دەزانین سەدان ساڵە لە ناحیەی پردێشدا هەردوو پێکهاتەی کورد و تورکمان دەژین ،بۆیە سەرانی رژێم دەیانەوێت لە رێگای چەند خێزانێکی تورکمان و عەرەبی هاوردەی ناحیەکەوە وردە وردە کار لەسەر پێکهاتەی دانیشتوانی هەولێر و نوێنەرایەتیکردنیان لە ئەنجومەنەکانی یاسادانان و راپەراندنی ئۆتۆنۆمیە کارتۆنیەکە بکەن ، وا پیشان بدەن هەولێریش ریژەیەکی زۆری کورد نیە!

لە دنیا هیچ شارێك نیە لە (100%) دانیشتوانەکەی یەك نەتەوەو یەك ئاین و یەك مەزهەب و یەك جۆری کلتوری بێ جیاوازی و وەکو یەك بێت، ئەوەی جێگای تێرامانە دەسەڵاتی وڵاتەکە خۆی هەولی زەقکردنەوەی ئەو جیاوازیانە بدات کار بۆ ئەوە بکات وردە وردە یەکێکیان بسڕێتەوەو ئەوەی زۆر بچوك و بێ کاریگەرە زاڵ بکات !

لەو روانگەی کە دانیشتوانی هەولێر وەکو هەر شارێکی ئەم جیهانە لە 100% لە یەك نەتەوەو ئاین و مەزهەب و لێکچوو پێکنەهاتووە، جۆراوجری وردە کلتوری تێدا دەژیت، بەڵام سەرانی رژێم لە سەر بنەمای سیاسەتێکی نەتەوەپەرستیانەی دوور لە مرۆڤایەتی دەیانەویست ئەو

جیاوازیانە بە زۆر گەورەتر پیشان بدەن ، لە رێگای بەکارهێنانی زەبروزەنگ وتوندوتیژیەوە جیاوازیەکان زەق بکەنەوەو پێکهاتەی دانیشتوانی هەولێر تێکبدەن، بۆ ئەم مەبەستە، ناحیەی پردێ کە سەر بە قەزای دووبز بوو، دووبز کرایەوە بە ناحیەو ناحیەی پردێش گواسترایەوە بۆ سەر پارێزگای هەولێری پایتەختی ئۆتۆنۆمیە کارتۆنیەکە بی ئەوەی بیر لەوە بکەنەوە سنوری ناوچەی ئۆتۆنۆمی فراوان دەکەن و ئەو پرسیارە بکەن بۆچی ئەم ناحیەیە دەدەنە کورد؟!

بەڵام لە هەمان کاتدا تەواوی زەوی وزاری ئەو گوندە کوردانەی سەر بە ناحیەکە بوون و لە مانگی چواری ساڵی 1987 چۆڵکران ،دانیشتوانەکەیان لە ئۆردوگا زۆرەملێکانی هەولێر نیشتەجێ کرابوون دەخاتە سەر قەزای ناوەندی کەرکوك هەتا ئەو زەویانەبەسەر ئەو خێزانە عەرەبانەدا دابەش بکات کە بەنیازی تەعریبی پارێزگاکە هێنرابوون.

زەویوزاری ئەم گوندانە چۆڵەوانی بوون، بە ناوچەی سەربازی تۆمار کرابوون و هەر کوردێکیان لەو ناوچانە بگرتایە شوێنبزریان دەکرد ، کەچی ناوی گوندەکان وەکو خۆیان هاتووەو گواستراونەتەوە بۆ سەر ناحیەی دوبز کە ناحیەی دوبزیش لە رووی کارگێریەوە خرابووە سەر قەزای ناوەندی کەرکوك ، واتە هیچ گومان لەوەدا نیە تەنیا بۆ ئەم مەبەستە بوو دوبز لە قەزاوە کرایەوە بە ناحیە هەتا لە رووی کارگێریەوە بخرێتەوە سەر قەزای ناوەندی کەرکوك و زەوی و زاری گوندە کوردەکانی ناحیەی پردێش بخرێتە ناحیەی دوبز:

| ژ | ئەو گوندانەی لە پردێ | ئەو گوندانەی لە ناحیەی |
| --- | --- | --- |

| | دابڕان | شوان و (ناوەندی کەرکوك) دابڕان |
|---|---|---|
| 1 | قەرغەتو | هەنجیرە |
| 2 | کتکە | باجوان |
| 3 | قەرەبەگ | گومبەتلەر |
| 4 | چیاچەرمگ گچکە | عەلاوەمەحمود |
| 5 | چیاچەرمگ گەورە | قوتان خەلیفە |
| 6 | دەرماناو گچکە | قوتان گچکە |
| 7 | دەرماناو گەورە | قوتان گەورە |
| 8 | گەڵۆزی | تولکی |
| 9 | نەبیاوە | دووبزنی |
| 10 | گورزەیی | قادرزەمە |
| 11 | گەوەنی | تۆراغ |
| 12 | قەرەسالم | حەسار تەها |
| 13 | بیرەسپان گەورە | بیرالْك |
| 14 | بیرەسپان گچکە | کارێز |
| 15 | قادرباغر | عەلی بەیان |
| 16 | رۆژبەیانی | شەوگێر |
| 17 | یارمجە | پەڵکانە |
| 18 | قەزنەفەر | دەرماناو |
| 19 | شانەشین | حەمدون |

| | | |
|---|---|---|
| 20 | کەڵور/باڵتوپە | مەرزیخەی خواروو , |
| 21 | کەڵور/خورمالوجە | مەرزیخەی سەروو |
| 22 | دارەمان گچکە | کانی رەش |
| 23 | حەسار گەورە | جگیلە |
| 24 | گۆڵدەرەی گچکە | حەسەنقەباغ |
| 25 | گۆڵدەری گەورە | نەیبەسەرە |
| 26 | بیبانی گچکە | جەوەجەوە |
| 27 | زەردك | رێدار |
| 28 | دارەمان گەورە | قولی بەگ |
| کۆی گشتی | 28 | حەسار گچکە |

هەموو ئەم لە سنووری ناحیەی پردێ گوازراونەتەوە بۆ سنووری ناحیەی دووبز( قەرغەتو, کتکە, کەرتی کشتوکاڵی ژمارە40ی پردێ بەری کەرکوك و قەرەبەگ و چیاچەرمگ گچکە و چیاچەرمگ گەورە و دەرماناو گچکە و دەرماناو گەورە و گەڵۆزی و نەبیاوە و گورزەیی و گەوەنی و قەرەسالم و بیرەسپان گەورە و بیرەسپان گچکە و قادرباغر و رۆژبەیانی و یارمجە و قەزنەفەر و شانەشین و کەڵور/باڵتوپە و خورمالوجە و دارەمان گچکە و حەسار گەورە و گۆڵدەرەی گچکە و گۆڵدەری گەورە و بیبانی گچکە و زەردك ودارەمانی گەورە) کە ژمارەیان (28)گوند بوو..

هەر بە هەمان مەرسوم جەمهوری ئەم دێیانەی لای خوارەوە لە ناحیەی شوان کە لە مانگی شەشی 1987 بە مەرکەزی ناحیەو هەموو گوندەکانیەوە چۆڵکراو خەڵکەکەی بۆ ئۆردوگاکانی پارێزگای هەولێر راگوازران و هەندێك لەم گوندانەش لە ناوەندی قەزای کەرکوکەوە گواستەوە بۆ سنووری ناحیەی دووبز کە ژمارەیان (29) گوند بوو( هەنجیرە و باجوان و گومبەتلەر و عەلاوەمەحمود و قوتان خەلیفە و قوتان گچکە و قوتان گەورە و توڵکی و دووبزنی و قادرزەمە و تۆراغ و حەسار تەها و بیراڵك و کارێز و عەلی بەیان و شەوگێر و پەڵکانە و دەرماناو و حەمدون و مەرزیخەی خواروو , مەرزیخەی سەروو , کانی رەش , جگیلە و حەسەنقەباغ و نەیبەسەرە و جەوەجەوە و رێدار و قولی بەگ و حەسار گچکە). .

ئەوەی شایانی باسە ،جارێکیتر بەمەرسومی جەمهوری ژمارە (245) لە رۆژی 2000/10/25 دووبز دەکرێتەوە بە قەزا و بەهەمان مەرسوم ناحیەی سەرگەڕانی پێشووی دەخرێتەوە سەر, و یەحیا جاسم حەمادی کراوە بە قائمقام, هەمان سنووری سەردەمی ناحیەکەی دەخرێتەوە پاڵ، چونکە سەرانی رژێم لە بەرنامەیاندا بوو هەموو ئەو گوندە چۆڵکراوانەی کورد لە ناحیەی شوان و ناوەندی کەرکوك بە هەزاران خێزانی مەڕداری عەرەب پڕ بکاتەوە، چەند کۆمەڵگایەکی عەرەب نشین لەسەر ئەو زەویانە دروست بکات و دوواتر لە ناحیەیەکدا کۆیان بکاتەوەو بیخاتەوە سەر قەزای دوبز، ئەوە بوو لە گوندەکانی کەڵور و گەڵۆزی و حەسارو دوبزنی و....هتد،بە دەیان خانوبەرەی گەورەی دروست کردو هەندێك بنەماڵەی عەرەبی بە ناوی شێخ و سەیدو سەرۆك خێڵ و عەشیرەتەوە نیستەجێکرد، بە دەیان بیری ئیرتوازی و کەرەستەو ئامیری کشتوکاڵی بۆ ئەو خێزانانە هێناو لەسەر ئەو پارچە

زەویە کشتوکالیانەی کوردی نیشتەجێکردن، بەڵام بە بە هۆی رووداوەکانی ساڵی 2003 هەموو ئەو پرۆژانەی تەعریب راوەستان.

خوێندنەوەیەکی وردی پرۆژەو بەرنامەو سیاسەتەکانی تەعریب لەو قۆناغە سودێکی زۆری ئاسایشی نەتەوەیی کورد هەیە، بۆ ئەوەی بزانین بەرنامەی داگیرکەران چی بوو ؟ بە نیازی چی بوون؟ئامانجیان چی بوو؟ میکانیزمەکانی هێنانەدی ئەو ئامانجانە چی بوون؟ هەتا لەم قۆناغەدا لە بەردەوامی ئەو پرۆژانە تێ بگەین ، ئایا ئەو سیاسەتە راوەستاوە؟ ئایا ئیستاش کار بۆ هەمان ئامانج ناکرێت؟ میکانیزمەکانی ئیستا چین؟ هەوڵ دەدەین لە کۆتایی ئەم نوسینەدا وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە.

## 2-حیزبە سیاسایەکان:

لە دووای رووخانی حکومەتی عێراقی لە 9ی نیسانی 2003 و هاتنی هاوپەیمانان و بەشداری پێکهاتەکان لە دەسەڵات و نوسینەوەی دەستورێکی نوێ بۆ عێراق ، کاریگەری لەسەر تەواوی گەلانی عێراق دانا، بۆیە بۆ دوزیش وەکو هەموو ناوچەکانی دیکە و بەتایبەت ئەو ناوچانەی پێکهاتەی جیاوازیان تێدا دەژیا لە رووی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبیەوە ، قۆناغێکی نوێ لە ژیانی کۆمەڵایەتی و کلتوری قەزای دوبزدا دەستی پێکرد،بۆ یەکەم جاربوو لە ژیانی تاك حیزبی و دەسەڵاتی دیکتاتۆریەوە بۆ جۆرێك لە فرەحیزبی و کرانەوەو پراکتیزەکردنی ژیانی دێموکراسی لە رێگای هەڵبژاردن و بە ئازادی کارکردنی سیاسی بە خۆوە ببینێت، خەڵکەکە بە پشتوانی هێزی هاوپەیمانان توانییان ئەنجومەنی شارەوانی لە قەزایەکە دابمەزرێنن, بەم ڕێژەیە:

| ژ | نەتەوە | چەندایەتی |
|---|---|---|
| 1 | کورد | 4 |
| 2 | عەرەب | 4 |
| 3 | تورکمان | 2 |
| 4 | کلدوئاشور | 2 |
| | کۆی گشتی | 12 |

لە یەکەم دروستکردنی ئەنجومەنی قەزای دوبزدا دووای گۆرانکاریەکانی 2003 ، ئەنجومەنەکە لە هەموو پێکهاتەکانی ناوچەکە دروستکرا بە ریژەی چوار ئەندام لەنەتەوەی کورد و چوار ئەندام لە نەتەوەی عەرەب و دوو ئەندام لە نەتەوەی تورکمان و دوو ئەندامیش بۆ پێکهاتەی کلدوئاشوریەکان،لە بارەی پۆستەکانیشەوە سەرۆکی ئەنجومەنی قەزایەکە یەکێك لە ئەندامە کوردەکان وەری گرت بەناوی (کامل عومەر کاکل), قائمەقامی قەزاکەش بۆ پێکهاتەی کورد، ئەویش کەسایەتیەکی قەزاکە بە ناوی (هادی محەمەد مستەفا)، ناسراو بە هادی غەزایی وەریگرت ..

## 3-پەیکەری کارگێری:

### أ-پەروەردە:

دوای ئاوەدانکردنەوەی دێی دووبز و دروستکردنی مزگەوتی دووبزی کۆن لە لایەن خەڵك و دانیشتوانی رەسەنی گوندەکەوە ، وەکو یەکەم دامەزراوەی

پەروەدەیی ، پیش ئەوەی قوتابخانەو دەزگای فەرمی هەبێت بۆ پەروەدەو فێرکردن، منداڵانی گوندەکەو گوندەکانی دەوروبەریش چوونەتە بەر خوێندن لای مەلای گوندەکە لە حوجرەدا, کە ئەو سەردەمە تەنیا شێوازی خوێندەواری و رۆشنبیرکردن بووە، بۆیە سەرەڕای کەموکورتی و سادەبوونی ئەو جۆرە خوێندنە هێشتا سودێکی زۆری هەبووە بۆ خەڵك ، بۆ وریا کردنەوە و ئاشنا کردنی جەماوەری ناوچەکە بە بە زانیاریەکانی سەردەم ،جگە لەوەی هەندێك لەو خوێندکارانەی حوجرەی فەقێیان بوونە بە مەلای مزگەوت و لە گوندەکانی دیکەدا خەڵکیان رێنمایی کردووەو مناڵانیان فیری خوێندەواری کردووە.

دوای هاتنی خوێندنگای فەرمی بۆ دێیەکە بۆ یەکەمجار لە ساڵی(1949)بەناوی قوتابخانەی دوبزی تێکەڵاو، بەڵام بە زمانی عەرەبی (ابتدائیە دبس المختلگە)، سەرەڕای بە فەرمی ناساندنی زمانی کوردی لە عیراق و پێدانی مافی خوێندن بە زمانی دایك بەڵام وەکو ئامرازێك بۆ تەعریبکردن و پەراوێزخستنی زمانی کوردی بە تایبەت لە کەرکوك و قەزایەکی وەکو دوبز کە دەوڵەمەندبوون بە نەوت و سامانی سروشتی ، حکومەتی عیراقی ئەو کاتەش بە بەرنامە هەوڵی سەپاندنی زمان و کلتوری عەرەبی داوە.

یەکەم مامۆستایەك لە قوتابخانەی سەرەتای دوبز وانەی گوتبێتەوەو دەرگای قوتابخانەکەی کردبێتەوە ، مامۆستا(بەهجەت) ناوێك بوو خەڵکی کەرکوك, سەرەتای هاتنی خوێندنگا بۆ دووبز ناو شارەدێیەکە جێگای شیاو نەبووە بەڵکو لە خانوویەکی کۆمپانیای نەوت لە(نمرە8)ی خەزرەج دانراوە, تا

ئەوکاتەی کۆتایی بە دروست کردنی خوێندنگایەکە هاتووەو گواستراوەتەوە ناو گوندەکە، ئیستا زیاتر لە حەفتا ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر دروستکردنی یەکەم قوتابخانە لە ناو قەزاکەدا ، گۆرانکاری زۆر گەورە روویانداوە لە بواری پەروەردەییدا، نەك هەر سەرەتایی بەڵکو هەموو قۆناغەکانی خوێندن ، بە باخچەی ساوایانیشەوە لە قەزاکەدا هەیە ، لە ئاماری پەروەردەیی سالی خوێندنی 2003-2004 یەکەم ساڵی خوێندنی دووای رووخانی حکومەتی عێراقی ،(2)باخچەی ساوایان و (43)قوتابخانەی سەرەتایی و (2)قوتابخانەی ناوەندی و (4)قوتابخانەی دووا ناوەندی لە قەزای دووبزدا هەبووە([10])بروانە خشتەی(5).

خشتەی(5)ناوی قوتابخانەو ژمارەی مامۆستاو قوتابیانی دوبز روون دەکاتەوە لە 2003-2004

| ژ | قۆناغ | ناوی قوتابخانە | ژمارەی قوتابی | ژمارەی مامۆستا |
|---|---|---|---|---|
| 1 | باخچەی ساوایان | نەمارق | 110 | 4 |
| 2 | باخچەی ساوایان | فاروق | 52 | 3 |
| 3 | سەرەتایی | ئاراس | 204 | 7 |
| 4 | سەرەتایی | ئەبو بەکری | 177 | 19 |

-جمهورية العراق , وزارة التربية, بالتعاون مع منظمة يونسيف, الأحصاء التربوي, 2003-2004 , الجزء الثالث, الأطلس المدرسي ص:244.[10]

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| | | سەدیق | | |
| 5 | سەرەتایی | عەبدولوەهاب بەیاتی | 182 | 12 |
| 6 | سەرەتایی | ئەنوار | 291 | 19 |
| 7 | سەرەتایی | ئەبو خورجە | 63 | 3 |
| 8 | سەرەتایی | بای حەسەن | 250 | 6 |
| 9 | سەرەتایی | ئیدریس تەمر | 229 | 8 |
| 10 | سەرەتایی | مەڵحە | 266 | 1 |
| 11 | سەرەتایی | دۆرم | 61 | 1 |
| 12 | سەرەتایی | قەرەچەم | 140 | 10 |
| 13 | سەرەتایی | خەرابە روت | 84 | 5 |
| 14 | سەرەتایی | توێڵعە | 187 | 6 |
| 15 | سەرەتایی | قەرە دەرە | 16 | 3 |
| 16 | سەرەتایی | عەمشە | 28 | 3 |
| 17 | سەرەتایی | قوشقایە | 113 | 11 |
| 18 | سەرەتایی | سمایلاوە | 56 | 3 |
| 19 | سەرەتایی | سابونچی | 65 | 4 |
| 20 | سەرەتایی | چەغماغە | 69 | 7 |
| 21 | سەرەتایی | شەمسولحوریە | 188 | 16 |
| 22 | سەرەتایی | مەرعی | 102 | 8 |
| 23 | سەرەتایی | کونە رێوی | 62 | 3 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 24 | سەرەتایی | سورکێو | 300 | 8 |
| 25 | سەرەتایی | جدیده | 15 | 1 |
| 26 | سەرەتایی | مستەفا جەواد | 195 | 12 |
| 27 | سەرەتایی | مشیرفه | 39 | 3 |
| 28 | سەرەتایی | نەجلای کچان | 103 | 11 |
| 29 | سەرەتایی | عروه بن وەرد | 165 | 14 |
| 30 | سەرەتایی | چراغ | 65 | 5 |
| 31 | سەرەتایی | قوتان | 199 | 9 |
| 32 | سەرەتایی | عەلاو مەحمود | 116 | 9 |
| 33 | سەرەتایی | باجوان | 201 | 18 |
| 34 | سەرەتایی | قەڵەم | 170 | 11 |
| 35 | سەرەتایی | عەلس | 24 | 1 |
| 36 | سەرەتایی | ئەلسەباح | 130 | 4 |
| 37 | سەرەتایی | شناغه | 20 | 3 |
| 38 | سەرەتایی | گەیسومه | 15 | 1 |
| 39 | سەرەتایی | مەڵحەوالی تێکەڵاو | 23 | 4 |
| 41 | سەرەتایی | جابر ولئەنساری | 267 | 21 |
| 42 | سەرەتایی | کاوه | 209 | 4 |
| 43 | سەرەتایی | عەلاغێر | 82 | 6 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 44 | سەرەتایی | تەڵحەی کوڕان | 126 | 9 |
| 45 | سەرەتایی | پەڵکانەی تێکەڵاو | 84 | 2 |
| 46 | ناوەندی | هوازن | 42 | 8 |
| 47 | ناوەندی | تاجولمەعارك | 99 | 9 |
| 48 | دوواناوەندی | خەدیجە کوبرا | 242 | 14 |
| 49 | دوواناوەندی | جەواهیری | 395 | 20 |
| 50 | دوواناوەندی | فاروق | 205 | 14 |
| 51 | دوواناوەندی | کەنداوی عەرەبی ئێواران | 107 | 3 |
| | | | | |

هەروەها لە ئامارێکی ساڵی 2008-2009 جگە لەو قوتابخانانەی لەسەرەوە ئاماژەیان پێکراوە ناوی چەند قوتایخانەیەکی تریش هاتووە سەرجەمی مامۆستایانی سنوورەکە 492 مامۆستابوون, لەوانە(246) نێر(246) مێ بووە, کۆی سەرجەم قوتابیانی خوێندنگاکان گەشتبوە (8104) خوێندکار ,لەوانەش(3378)یان کوڕ و (4726)یان کچ کچ بوونە.

لە بارەی زمانی خوێندنی قوتابخانەکانەوە، دابەشبوونە بەسەر خوێندنی کوردی و خوێندنی عەرەبیدا، بەڵام لەبەر ئەوەی لە ناوەراستی هەشتاکانەوە هیچ گوندێکی کورد لە ناوچەکەدا نەما کە بەشێکی زۆری ئەو گوندانە

قوتابخانەیان لێ بوو ، بۆیە ژمارەی قوتابخانە کوردیەکان زۆر کەمبوەوە، دووای 2003 کە هەندێك لە گوندەکان ئاوەدان کرانەوەو قوتابخانەیان بۆ بونیادنرایەوە بەڵام ژمارەی قوتابیان و مامۆستایانیان زۆر کەم بوو، لە زۆربەیاندا لە هەشتاکان قوتابیان زۆرتر بوو. بە پیچەوانەوە لە ماویە ئەم پەنجا ساڵەدا گوندە عەرەبیەکان تا رادەیەك گەشەیان کردو گەورەبوون و قوتابخانەی نوێیان بۆ کرایەوە، لەراستیدا ئەمە جێگای دڵخۆشیە خزمەت بە ناوچەکە بکرێت بەڵام لەسەر حیسابی هیچ پێکهاتەیەك نەبێت .

خوێندنگا عەرەبییەکانی ناوەندی قەزای دووبز وەکو دوواناوەندی دوبزی تێکەڵاو و خەدیجە کوبرای کچان و عەلی وەردی ئێواران و ناوەندی زبزی کچان و ناوەندی (حور بن ریاحی تێکەڵاو و ناوەندی عەبدولکەریم قاسمی تێکەڵاو ) و قوتابخانە سەرەتاییەکانیش وەکو جابر ئەنساری تێکەڵاو و ئەنوارو ئەبی بەکری سەدیق و عەبدولوەهاب بەیاتی و مستەفا جەوادو رەخا و ئەجیال جەدیدەو سەباح جەدیدە و باخچەی ساوایانی نەمارق))هەموو ئەمانە لە ناوەندی قەزای دوبزدان، قوتابخانە عەرەبیەکانی گوندەکانیش وەکو قوتابخانەی سەرەتایی باس حەسەن و مەڵحەو ئیدریس تەمرو مەرعی و سەرەتایی و ناوەندی کۆمەڵگای کبریت و سەرەتایی توێڵعەو جەدیدە و ئەبوخورجە و عەڵس و کونەرێوی و سابونچی و دۆرم و سەلام و زەهرا و قوتانی عومەر بەگ ))کە بە هەموویانەوە نزیکەی (26)قوتابخانەو خوێندنگەو باخچەی ساوایان دەبن..

خوێندنگا کوردییەکانییش بە هەمان شێوە دابەشبوون بەسەر ناوەندی قەزاکەو گوندەکانی دەوربەریدا ، وەکو دوواناوەندی وڵات و ناوەندی و دووا

ناوەندی حەپسەخانی نەقیب و سەرەتایی سورکێو ئاراس و هەوارە بەرزەو شەهیدان و دوبزو باخچەی ساوایانی ساز)لە ناو قەزای دوبزو لە گوندەکایشدا وەکو قوتابخانەی ناوەندی و سەرەتایی زێڕین لە گوندی عەلاو مەحمود و سەرەتایی قەرەدەرەو عەمشەو نادراوەی سەرو نادراوەی خوارو چەخماغە و قوشقایە ) ئەگەر بە هۆی ڕووداوەکانی ئۆکتۆبەری 2017 و دوواتر دەوامی خوێندن لە هەندێکیاندا گرفتی تێکەوت و دوواتر ئاسایی بوەوە بەڵام لە قوتابخانەی قوشقایەو قوتانی گەورەو سمایلاوەو خەرابەرووت خوێندن ڕاگیرا.

بۆ خوێندنی ساڵی 2019 – 2020خوێندنگایەکی ئەهلی لەناوەندی قەزای دووبز کرایەوە بەناوی خوێندنگای (جینان/جنان)ی تێکەڵاوی ئەهلی بە زمانی کوردی و عەرەبی . .

**ب- تەندروستی :**

تەندروستی لە قەزای دووبز, لە سەرەتای ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردووە بنکەی تەندروستی/مستوصف الصحی لە شارەدێی دووبزدا کراوەتەوە, بەپێی ڕۆژگار وبەپێی زۆربوونی دانیشتوانەکە ئەوبنکەیە زیاتر بایەخی پێدراوە و پەرەی پێدراوە, لە ئێستادا ئەو بنکەیە بووە بە کەرتی چاودێری تەندروستی/قگاع رعایە الصحیە, ئەو کەرتە لەمڕۆدا چاودێری مەڵبەندی تەندروستی دووبز و چەند بنکەیەکی تەندروستی دەکات وەك بنکەکانی: 1- سەرگەڕان 2- پەڵکانە 3- چەرت و(ماڵی تەندروستی شەناغە/بیت الصحی)لە سنووری ناحیەی سەرگەڕان وبنکەی تەندروستی 1- مەڵحە 2-قوشقایە 3-چەخماغە 4-باجوان 5-صابونچی 6-ئیدریس تەمر/کیف

7-مەرعی لەسنووری ناوەندی قەزای دووبز و بنەکەی تەندروستی 1-باجوان 2-عەمەلە شەعبی 3-قزلیار لە سنووری ناحیەی یایچی و بنکەی تەندروستی 1-کۆپری 2-گەڵۆزی 3-حەساری گەورە لەسنووری ناحیەی کۆپری و بنکەی تەندروستی 1-شوان 2-خاڵخاڵان و(مەفرەزەی تەندروستی پەڵکانەی شێخ بزێنی) لە سنووری ناحیەی شوان, لەئێستادا ئەوکەرتی چاودێری تەندورستییە بەدەیان و پتر پزیشك و کارمەند لە خۆدەگرێ.

## بەشی پێنجەم: ئاین و بیروباوەڕی دانیشتوانی دوبز:

1-ئاین و مەزهەب:

2-داب ونەریتی کۆمەڵایەتی:

أ-بۆنە ئایینیەکان:

ب-مردن و رێورەسمی ناشتن:

## بەشی پێنجەم: ئاین و بیروباوەری دانیشتوان دوبز:

### 1-ئاین و مەزهەب:

لەمەوبەر ئاماژەمان بەوەداوە كە لە سنووری قەزای دوبزدا سوننەی كورد و عەرەب و هەندێ خەڵكی عەرەبی شیعەی هاوردەی خوارووی عێراقیان بەمەبەستی تەعریب كردنی ناوچەی كورد هێناوەو لە گوندەكانی ئال بدێر حوتتەینی خواروو شەلامچە و زەهرا و شەناغەیان جێنشین كردون, بەڵام لەگەڵ رووخانی سەدام و نەمانی بەعس ئەوانیش هەموو پایدۆزیان لێكرد و ماڵ و حاڵیان هەموو جێهێشت, دوای هێور بوونەوەی وەزعەكە هەندێك لەو عەرەبە شیعانەی دانیشتوانی دێی ئال بدێر زەهرا گەڕانەوە ئەوانیش لەگەڵ هاتنی (داعش) بۆ ناوچەكە هەموو دیسان پایدۆزیان لێكردو ماڵ و حاڵیان هەموو جێهێشت, نەگەڕانەوە تا 16ی ئیكتۆبەر بەدواوە, لە ئێستادا هەندێك لەوان تەنها بەسەڵتی هاتوونەو ئەگەر بەرۆژ بێنە ناوچەكە, لە سەردەمی

ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو چەند خێزانێکی مەزهەب جەعفەری شیعە بەهۆی کارکردن هاتوونە و لە قەزاکەدا گیرساونەتەوە, ئەوانیش بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن, جگە لەوان چەند خێزانێکی تورکمانی جەعفەری بەهۆی کاکردنیان لە دامودەزگا حکومیە کان گواستراونەتەوە بۆ سنووری قەزای دووبز, چەندین خێزانی مەسیحی کە ئێستا کلدو ئاشوورییان پێدەوترێ بەر لە هاتنە سەر دەسەڵاتی بەعس ئەوانیش بەهەمان هۆوە نیشتەجێ ئێرەن, ئەوان لەمڕۆدا دوو یان سێ خێزان ماون, سەردەمێك خێزانێکی داودی(صبی) لە ناوەندی قەزایەکەدا بوو ئوانیش باریان کرد و لێرە نەماون ، بۆیە بە گشتی رووی ئاینی موسڵمان و مەزهەبی سونە لە قەزای دوبزدا گشتیەو ئەگەر هەر ئاین و مەزهەبێکی دیکەی لێ بێت بە دڵنیاییەوە خەڵکی رەشەنی قەزاکە نیە و بە هەر هۆکارێکەوە هاتبێت لێرە نیشتەجێ بووە، بەڵام ئەوەی شایانی باسە هیچ کاتێك لە سەر ئاستی کۆمەلایەتی و پەیوەندی نێوان دانیشتوانی قەزای دوبز پرسی ئاینی و مەزهەبی نەبووەتە گرفت و کێشەی بۆ دانیشتوانەکەی دروست نەکردووە، بەو پەڕی ئازادی و ویستی خۆیانەوە پراکتیزەی بۆنە ئاینیەکانیان کردووە ،

## 2-داب ونەریتی کۆمەڵایەتی:

### أ-بۆنە ئایینیەکان:

وەکو ئاماژەمان پێکرد .خەڵکی دوبز وەکو زۆرینەی خەڵکی کوردستان پەیڕەی بۆنە ئاینیەکانی مەزهەبی سونی شافعی موسلمانان دەکەن، رۆژانە پێنج جار لە مزگەوتەکانی بانگ دەدرێت و بەشێکی خەلکەکەی نویژەکانیان بە جەماعەت دەکە، جگە لەوەی لە رۆژانی هەینیدا بە رێژەیەکی زۆر زیاتر

بەشداری لە نوێژی جەماعەتدا دەکەن، تا تێکدانی گوندەکان لە ناوەراستی هەشتاکاندا لە زۆربەی گوندەکاندا مزگەوت هەبوو، لە هەر گوندێك مەلای خۆی هەبوو. وەکو ئاماژەمان پێکرد سەرەتا بڵاوبونەوەی خوێندەواری لە ناو ئەم مزگەوتانەوە دەستی پێکردبوو، لە هەندێك لە گوندەکاندا تا ناوەراستی شەستەکانی سەدەی رابردوو حوجرەی فەقێیاتی هەبوو، چەند مناڵێك لای مەلای گوندەکە دەیانخوێند ، مزگەوت ببوە قوتابخانە جگە لەوەی شوێنی نوێژو کۆبونەوەو گفتوگۆکردن بوو لەسەر کێشەکان،هەروەها لە رۆژانی جەژنیشدا بە کۆمەڵ نویژی لی دەکرا و سەرەتای جەژنە پیرۆزە لە مزگەوتەوە دەستی پێ دەکرد.

وەکو بۆنەی ئاینی خەڵکی دوبز دوو جەژنی ئاینیان هەبو . یەکێکیان جەژنی رەمەزان ، دووای بەرۆژوبوون بۆ ماوەی مانگێك ، لەو مانگەدا عیبادەت و خواپەرستی زیاتر چڕ دەکرایەوە ، شەوانەش نویژی تەراویح و خوێندنی قۆرئان و زیکرو خواپەرستی دەکراو بە تایبەت لە شەوی بیست و حەوتەمیندا زۆرجار بە کۆمەل تا بەیانی دادەنیشتن ، بە شەوی قەدریان دەزانی، ئەویتریان جەژنی قوربان بوو کە نزیکەی حەفتا رۆژ دووای جەژنی رەمەزان دێت، لەم جەژنیەدا لە زۆربەی گوندەکان قوربانی دەکرا، کەڕ یان کۆلك یان جوانەگا دەکرایە قۆربانی ، گشتەکەی بەسەر خەڵکی گوندەکەدا دابەش دەکرا..

ئەوەی شایانی باسە تا ئیستا ئەم بۆنە ئاینیانە جێبەجێ دەکرێن و هەندێکیان زۆر قوڵتر و کاریگەرتر لە جاران ئامادەییان هەیە..

## ب-مردن و رێورەسمی ناشتن:

داب ونەریتی مردوناشتن و رێورەسمی کۆمەلایەتی تایبەت بە مردو پەیوەندی مردوو بە زیندوانەوە یەکێکە لە بابەتە سەرەکی و بنچینەییەکانی هەندێك لە زانستە مرۆیی و کۆمەلایەتیەکان ، چونکە مردن کاریگەری زۆری لەسەر ژیانی کۆمەلایەتی کۆمەڵگاکان هەیە ، بە تایبەت کۆمەڵگا سەرەتایی و لادێییەکان.

لە سنوری قەزای دووبزدا ئاسەواری سێ گۆڕستانی لێبووە, یەك لەو گۆڕستانانە ئاسەواری تائەمرۆ بەجوانی دیارە, گۆڕستانی دوبزی ئەمڕۆ بەتەنیشت ئەو گۆڕستانەوە نوێ کراوەتەوە, گۆڕستانەکان: گۆرستانی سۆفی عەلی و ئاسەواری گۆرستانی گەبرەبێز و ئاسەواری گۆرستانی عەلۆدەباشی بووە, گۆڕستانی ئەمڕۆی دووبز بەتەنیشت ئاسەواری گۆڕستانی سۆفی علی یەوە نوێکراوەتەوە, گۆڕستانی گەبرەبێز تا بنیادنان و دامەزراندنی مەرکەزی پۆلیسی دووبزی کۆن لەو شوێنە ئەویش زۆر بە جوانی ئاسەواری دەبیندرا کێل بە کێلی گۆڕەکان دەبیندرا و دیاربوو, بەڵام لەوەپاش ئاسەواری بزربوو, گۆڕستانی عەلۆدەباشی ئاسەواری بزر بووە زۆردەمێکە, هەرچەندە کەسێك لەم سنوورە نەیزانیوە ئەو گۆڕستانانە بەر لەوەی دێی دووبز ئاوەدان بکرێتەوە چ خێڵ و تیرەو عەشیەتێکی کورد لەم سنوورە جێنشین بووە؟ و چەنێك بەرلەوان ئەو جێگاو شوێنە چۆلکراوە؟ و چەنێك ئەو شوێنە بەچۆڵی ماوەتەوە؟ یان ئەو گۆرانە مردووی چ خێل و تیرەو سەر بە چ ئاین و مەزهەب و رێبازێکی بیروباوەری تێدا نێژراوە؟

لەوەتەی ئەم خەڵکەی لێرەدا دەژین کەسێك نەیزانیوە مردوو لەهێچ گۆڕستانێکی تردا بنێژرێ تەنها هەندێ منداڵی کۆرپە لە سەر گردۆلکەکانی

خوارووی لێواری دووبزی کۆن چەندساڵێك دەنێژران, ئەویش لە کۆتایی ساڵانی هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوو بەدواوە کەس منداڵ لەوی نانێژێ, ئەوشوێنە وەك خۆی ماوەتەوە, سەردەمی زوو ئەوکاتەی غەوارەی هەمەچەشنەی کەم هاتبوویێ~ کاتێك دەزاندرا هەریەکێك لە هەر خێزانێك بمردبایە جگە لە منداڵ~ بە زۆری خەڵك هەر کارێکی لەبەر دەست بایە جێدەهیشت یا بۆ گۆڕستان بۆ گۆڕ هەڵکەندن دەچوو یا بۆ بەر دەرگایماڵی مردی دەچوو, چەند خێرخوازێکیش تایبەت بوون بە هێنانی بەردی سەرگۆڕ و کێل لەو زوورگ هەڵەتە, ئەوانی بۆ بەردەرگای ماڵ دەچوون دوای ئەوەی مردووەکە دەشۆردرا و کفن دەکرا لەگەڵ تەرمەکەدا بەپێ تا گۆڕستان یان دەبرد, لەماڵ یا مزگەوت یا لە سەر قەبران نوێژی مردوو دەکرا, ئەو سەردەم گۆڕ بە شێوەی لاگۆڕ هەڵدەکەندرا, بە بەردی ئەو زوورگ و هەڵەتە کە بە پشتی وڵاخ دەهات تەرمی پێ دادە پۆشرا, کونوو کەلەبەرەکانیش بە قوڕ سوواق ئەدرا, خۆڵ دەکرایە سەری, ناوەڕاستی گۆڕەکە لە نیو مەتر تا65 سم بەخۆڵ بەرز دەکرا, هەردوو تەنیشی لەگەڵ زەوی یەك مستەوابوو, لای سەرو پێی گۆڕ هەرلایەو بەردێکی تۆزێ درێژ قیت دەکراوە بەخۆڵ قایم دەکرا بۆ ئەوەی گۆڕەکە بزر نەبێ, دوای ئەوەی مەلا (تەڵقینی) مردووەکەی ئەدا و فاتیحایەك دەخوێندرا بۆ رووحی مردووەکە, هەموو ئەو خەڵکە ئەگەڕانەوە ماڵێ, ئەگەر کاتی نانخواردنی سبیانی بووایە خاوەند مردوو لەماڵی یەکێك لە هاوسێیەکان نانی ئەودەمیان دەخوارد, کاتی نیوەڕۆ بووایە بەزۆری خەڵکی ئەو شارەدێیە هەرکەو لە ماڵی خۆی چ خواردنێك ئامادەبوایە پیاوان دەیانبرد بۆ مزگەوت و ژنانیش بۆ ماڵی مردوو, یاکاتی ئێوارەبوایە بە هەمان شێوەی نیوەڕۆ خواردندەبرا, ئەو کارە بۆ ئەوەبوو

لەئازار و دڵتەنگی خاوەند مردوو کەم بێتەوە, بۆ ژەمەکانی دواتر خاوەند مردوو خۆیان خواردنیان کردووە, پرسە بۆ ماوەی سێ رۆژ پتر دەماوە, لە رۆژانی پرسەدا هەرکەو چەندی لەدەست دەرچووبایە دەیدا بەوکەسەی تایبەت کرابوو بۆ کۆکردنەوی یارمەتی خاوەند مردوو, ئەو یارمەتییەو ئەو داب ونەریتە تا کۆتایی ساڵانی نەوەتەکانی سەدەی ڕابردوو هات بەڵام هێدی هێدی کاڵ بۆوە, بۆ ساڵی 2003 بەداوە بە یەك جاری سپی بۆوە ئاسەواری نەما, لە ئیستادا بە شێوەی پێشی نەماوە هەرکە یەکێك دەمرێ لەمزگەوتان بانگەواز دەکرێ, هەندێ خەڵکی خێرخواز چاپووکانە کەرەسەی گۆڕهەڵکەندنیان لەبەردەست دایەو هەریەکەو بە ئۆتۆمبیلی خۆی دەچێ بۆ گۆڕستان بەماوەیەکی کەم گۆڕ ئامادە دەکرێ, بە هۆی ئاسانی پەیوەندی کردنەوە ، هەر زوو خەڵکیکی زۆر لە خزم و کەس و ناسیاو و دۆستی ئەو خێزان و بنەماڵەیە لە بەردەرگای ماڵە مردوو کۆ دەبنەوە دوای شۆرێنی تەرمی مردوو کفن کردنی, یالە مزگوتێك یا لە گۆڕستان نوێژی مردوو دەکری, پاشان دەخرێتە ئۆتۆمبیل و بە دیان ئۆتۆمبیلی تر دەکەونەدوای ئەو ئۆتۆمبیلەی مردووەکەی هەڵگرتووە, هەموو تاگۆڕستان دەچن, لەمڕۆدا گۆڕ بەشێوەی لاگۆڕ نییە, بەڵکو لەناوەراستی گۆڕەکە بە درێژی شەق دەکری بەقەد پانی بارستەی ئەو مردووە لە 35 تا 50سم بەسەرەوە قوڵدەکرێ, دەڵین لە پێشادا واهاتووە گۆڕلێدان یابەشێوەی (لحد) یا بە شێوەی (شق) بووە, بەو دوو شێوەیە هەردووکی گۆڕ هەلقەندراوە, دوای ئەوەی گۆڕەکە ئامادە دەبێ و تەرمی مردووەکەش ئامادەیە چەند کەسێك هەڵی دەگرن و شۆڕی ناو چاڵەکەی دەکەن و بەردی تایبەت بەو کارە بەچیمەنتۆ و شیش و قم وچەگل ئامادەیەو دای دەپۆشن بەو بەردانە و نایلۆنی بەسەردا دەدەن و خۆڵی

بەسەردەکەن و دەیپەستن, لە ئێستاش هەر وەکو پێشوو ناوەڕاستی گۆڕ لە 50 بۆ 65سم بەرزی دەکەن بەخۆڵ, ئاوڕشێنی دەکەن و دەیپەستن بۆ ئەوەی توندبێ وخۆڵکە نێتەخواریّ, لەمڕۆدا تەڵقین خوێندن و فاتیحە لێدان کەم بووە, برا سەلەفییەکان چەندین ساڵە کاریان لەسەر ئەوە دەکرد پرسە دانەنرێت و واز لەو عادەتە بێنن .تا بڵاو بونەوەی نەخۆشی کۆرۆنا لەم دووایيانەدا تا رادەیەکی زۆر ئەو دیاردەیەی نەهێشت ، جگە لە کۆرۆناش ئیستا زۆر بەکەمی خاوەند مردوو دەچێتە ماڵان, نانخواردنی هەردوو ژەمی نیوەڕۆ و ئێوارەی پێشوو نەماوە, یارمەتی دانی خاوەند مردووش زۆر کەمبووە, تەنها چەند بنەماڵەیەك ناو خۆیان شێوازێکی تایبەت بە خۆیان هەیە چۆن وچی خڕدەکەنەوە هەر خۆیان دەیزانن ...

## تەوەری دووەم : یەکە کارگێریەکانی قەزای دوبز:

بەشی شەشەم : ناحیەی پردێ:

باسی یەکەم کورتەیەکی مێژوویی ناحیەی پردێ

باسی دووەم: ئیکۆلۆژیای ناوچەی پردێ:

باسی سێیەم: ئابوری و سەرچاوە سروشتیەکانی ناوچەکە:

باسی چوارەم: سیستەمی سیاسی و خزمەتگوزاری:

## باسی یەکەم: کورتەیەکی مێژوویی ناحیەی پردێ .

لە رووی مێژووییەوە پردێ وەك یەکێك لە ناوچە دێرینەکانی کوردستان بە لانکەی شارستانیەت و ئاوەدانی و سەرەتاکانی نیشتەجێبوونی مرۆڤ دادەنرێت, چ ئاماژە بە ناوی ئاوەدانیەکانی ناوچەکە لەسەرچاوە مێژوویەکان و چ پاشماوە شوێنەواریەکانی بەڵگەی ئەو راستیەن کە سنوری ئێستای ناحیەی پردێ شوێنی مانەوەو جێگیربوون و ئاوەدانی مرۆڤی سەرەتایی بووە، بێگومان ئەم شوێنەی کە ئێستا کەوتۆتە سەر زێی بچووک بەدیاریکراوی نزیکەی (٤٥) کیلۆمەتر لە هەر یەك لە شاری کەرکوک و شاری هەولێر دوورە، واتە لە ناوەندی رێگای سەرەکی هەولێر-کەرکوکە، بەهۆی ئەوەی لەم شوێنە بواری پەرینەوە لە زێ بچووک ئاسانترە،

بەدرێژایی سەردەمە مێژووییەکان ئاوەدان یان ڕێگای بەیەکەوە بەستانی ئاوەدانیەکان بووە.[١]

هۆکارە سروشتیەکان رۆڵی گرنگیان گێڕاوە لە دیاریکردنی ئەم شوێنەدا بۆ ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوون،هەبوونی ئاو و زەوێکی بەپیت، هەبوونی بەردی پێویست لە ناوچەکانی دەوروبەری بۆ بیناکردنی ئاوەدانی، هەروەها بڕی دابارێنی ساڵانەی باران کە بەشی بەرهەم هێنانی گەنم و بەرهەمە ڕووەکییەکان دەکات بێ ئەوەی پێویستی بەئاودێری هەبێت، بۆیە ئەم ناوچانەی نێوان زێی بچووک و زێ گەورە و دەوروبەریان، لە لای توێژەران بە ناوچەی مانگی کەوانەیی (Fertile Crescent) ناسراوە، وەک ناوچەی دەستنیشانکراو بۆ ناسین و دیاریکردنی شوێنەکانی جێگیربوون و سەرهەڵدانی مرۆڤی سەرەتایی لە سەردەمە کۆنەکاندا.[٢]

سەبارەت بە پردێ لە قۆناغەکانی پێش مێژوو، هیچ ئاماژەیەکمان نییە، بەڵام ناوچەکانی دەوروبەری ئاوەدان بووە، بەهۆی گونجاوی ئاو و هەوای ناوچەکە لە چاو ناوچەکانی تر، دەبینین زنجیرەیەکی نەپچڕاوی دروست کردووە لە شارستانیەتە یەک لە دوای یەکەکان، کە لە (بەردەبەڵکە)دا (ماوەی چنینەوەی خۆراک) بووە، لە (باڵێ گەورە) دا ماوەی (کۆتایی قۆناغی کۆکردنەوەی بەکارهێنانی خۆراک) بووە، لە (کەریم شایەر)دا ماوەی (سەرەتایی بەکارهێنانی خۆراک) بووە، لە (چەرمو)دا ماوەی (سەرهەڵدانی

[١] طه باقر و فؤاد سفر، المرشد الى مواطن الاثار والحضارة، الرحلة الخامسة (بغداد_اربيل)، اصدرتها مديرتة الفنون والثقافة الشعبية في وزارة الثقافة والاشارد، بغداد، ١٩٦٦م، ص 2

[٢] سيتون لويد، اثار بلاد الرافدين، ترجمة: محمد طلب، مطبعة دار دمشق، دمشق، 1993م، ص 24.

گشتکاری و کاری هەرەوەزی و پێکەوەیی لە ناو گروپەکاندا بووە، هەموو ئەم ناوچە شوێنەواریانە بەڵگەن لە سەر ئاوەدانی ناوچەکە لە سەردەمەکانی پێش مێژوودا (چاخە بەردینیەکان).[٣]

هەر لەگەڵ دەرکەوتنی نوسین لە دۆلی دوو ئاوان (میسۆپۆتۆمیا)، سەردەمە مێژوویەکانیش دەستی پێکرد، یەکەم ئاماژەی بوونی ئاوەدانێش لە پردێ، دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی سێیەمی پێش زایین کە لە دەقێکی فەرمانڕەوایی ئەفسانەی (ئائێنێپادا)ی ئور ناوی (سیمورو/ سیمور simur (ru)) هاتووە، سەرەڕای بیروڕا جیاوازەکانی سەبارەت بەوەی (سموروم) ناوی شانشین یان ناوی شارە یان ناوی وڵاتیک بێت، چونکە لە سەرچاوە نووسراوەکان دەردەکەوێت (سموروم) هەم ناوی وڵات (Matum)ی ئەکەدی بووە، هەم ناوی شاریش (alum)ی ئەکەدی بوو، لە سەرچاوە کۆنەکاندا تا بابلی کۆن ناوەکە بە (سیموروم simurru) دەنوسرا.[١]

(سموررومم) وەک شار یان وڵات سنوری کەوتبووە سەر زێي بچووک لە نزێک پردێ (ئاڵتون کۆپری) و کۆنترین ڕا لەم بارەیەوە (مایسنەر) لە ساڵی (١٩١٩) لە نووسنێکیدا خستیە بەرچاو، بەڕای ئەو دەبێت (سموررومم) لە ناوچەی کەرکوک لە نزیک وڵاتی (لوللوبوم_ لولوبی) بوو بێت، چونکە هەردووکیان ناویان لە دەقە کۆنەکاندا، پێکەوە هاتووە، هاتنی ناوی (سیموررومم) بەرامبەر بەناوی (زابان) لە هەندێک لە دەقەکانی دواتر،

---

(٣) ئاران، ئەرابخای وڵاتی کوردەواری لە مێژوودا، گۆڤاری هەزار مێرد، ژمارە(١٦)ی ساڵی چوارەم، حوزەیرانی ٢٠٠١ز، ل ٢٢٣.

(١) ڕەسوڵ بۆسکێنی، شانشینەکانی زاگرۆس (کوردستان)، چاپخانەی حەمدی،ب.ش، ٢٠١٩ز، ٢٩١_٢٩٢.

هاندەرێکی تر بۆ باوەڕ بەبوونی (سیمورروم) لە نزیک پردێ، چونکە بەپێی سەرچاوە کۆنەکان (زابان، کەمێک لە باشووری زێی خواروو بووە.[٢] بۆچونێکی کۆنە تا ئێستاش (سیمورروم) بە نزیک پردێ دادەنرێت،شوینەوارناس (گوتسە) رای وایە بەدڵنیاییەوە لە باشووری زێی بچووکدایە، نزێک لەو ڕووبارە.[٣]

لە دەقەکانی سەردەمی ئەکەدی لە تۆمارەکانی ساڵنامەی سەرگۆنی ئەکەدی، وتۆمارێکی یەکێك لە ساڵنامەکانی (نارام سین)یش و تۆمارێکی تر لە دوو دەقی (خەفاجی) باشووری باقووبە لەسەر پارێزگای دیالە، هەیە باسی بەزاندنی سیمورروم دەکات، گرتنی پاشای (سیمورروم) کە ناوی (بابا) بوو.[٤]

سیموروم نەک تەنها لە سەردەمی ئەکەدی بەڵکو لە سەردەمانی دواتریش، واتە سەردەمی گوتی و پاش ئەو سەردەمی ئور و ئینجا بابلیی کۆن، وڵاتێکی پڕجووڵەو چالاکی بووە و یەکێک لە کێشەکانی دەوڵەتانی ناوچەکە ووڵاتی دوو ئاوان یان دووروبار یان (مسیۆپۆتامیا) بوو.[٥]، بە پیتی دەڤەرەکە زۆرجار کێشەی بۆ دروستکردوون بۆیە چەندین جار کەوتووەتە بەر شالاوی پەلامارو هێرشی داگیرکەران چ ئەو گروپە مرۆییانەی هاوسنوری بوون یان گروپە مرۆییەکانی دوواتر کە لە ئەوروپا یان ناوەراستی ئاسیاوە دەهاتن .

---

[٢] کۆزاد محەمەد ئەحمەد، کوردستانی ناوەڕاست لە نیوەی یەکەمی هەزارەی دووەمی پ.ز دا، چاپی دووەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠٠٨ز، ل ٢٢٩.
[٣] فاضل قەرەداغی، مێژووی کوردستان، کتێبی یەکەم، ل ١٦.
[٤] هەمان سەرچاوە، ل ١٧.
[٥] کۆزاد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٩٠ .

لە ساڵانی 1116 -1090پیش لە دایکبوون شەڕێکی گەورە لە نێوان تفلات پلاسەری ئاشوری و بابلیەکان لە نزیك شاری (زین) کە دەکەوتە بەرامبەر شاری (ئەرزهان)روویدا" بە بۆچوونی زۆر لە توێژەران ئەو شەرە لە سنوری ئیستای پردێ بووە، واتە لەو سەردەمەوە ئاوەدانی گەورە وەکو شار لە ناوچەکەدا هەبووە، بەڵام جگە لە بە پیتیەکەی لەبەرئەوەی کەوتبووە سەر ڕێگای لەشکرکێشی شانشینەکانی ناوچەکە بەو هۆیەشەوە لە تۆمارە کۆنەکانەوە چوار هێرش و وێرانکاری بۆ سەر سیموروم ڕوویدا، شولگی(پاشایکی بنەماڵەی ئور)ە، لە تۆماری ساڵی (٢٥)مدا بۆ یەکەم جار باسی لە شکرکێشی دژی سینوروم دەکات، لە ساڵی دواتر لەشکرکێشی دووەم واتا ساڵی (٢٦)، لە ساڵی (٣٢) وێرانکاری و هێرش بۆ سەر سیموروم بۆ جاری سێیەم تۆمار کراوە، ئینجا تۆماری ساڵی (٤٤) دێت کە لولوم و سیموروم بۆ نۆیەمین جار وێرانکران، لەو ژمارە زۆرانەی وێرانکردنی سیموروم، تەنها تۆماری ساڵەکانی سەرەوەمان هەیە ساڵەکانی تری لەشکرکێشی واتە لە (چوارەم تا هەشتەم) نازانرێت، ئەو هەموو لە شکرکێشیە دژی سینوروم لولوبوم و ئەربیلوم، نیشانەن لە سەر ئەوەی ئەو بەرەیە مایەی ناڕەحەتییەکی زۆر بووە بۆ ئەو پادشایەی سەردەمی سۆمەری و بەڵگەش لە سەر ئەوەی شولگی نەیتوانیوە دەسەڵاتی خۆی لە ناوچە بسەپێنێت، هەر بۆیەش شورای دروستکردوو بۆ شارەکان، ئەو باوەڕەش هەیە کە شولگی پاش وێرانکردنی سیموروم، دەسەڵاتی خۆی لە ناوچەکانی چەسپاند و نازناوی (پاشای چوار لاکانی جیهانی)ی لە خۆی نا.[١]

---

[١] فازل قەرەداغی، مێژووی دێرینی کوردستان، ل ١٩_٢٠.

وێرانکردنەکان بەتەواوی نەبوون، بەڵکو دیارە هەر هێرش بووە بۆ داگیرکردنی و هێنانە ژێر دەسەڵاتی خۆیان ، بە ئامانجی دەست بەسەرداگرتن و کۆنترۆڵکردنی سەرچاوە سروشتیەکانی دەڤەرەکە بووە وەکو رێگای پەرینەوەو بەرهەمە کشتوکاڵی و ئاژەڵداریەکانی.

دواتر ناوی سیموروم، لە نوسینە مێخینیەکاندا دەرناکەوێت، بەپێی لیستی جواگرافییەکانی سەردەمی نوێی ئاشووری (زابان_ Zaban) چووە جێگەی سیموروم، ناوی زابان لە سەردەمی پاشایانی ئاشوریدا زۆر جار ناوی هاتووە، وەک: فەرمانڕەوای ئارابخا بۆ شاری زابان دەربچێت، لێرە دیارە شاری زابان سەر بەهەرێمی ئارابخا (کەرکوکی ئێستا) بووە.[٢] بۆیە زابان وەکو شارێکی ناودار مایەوە لە سەر زێ بچووک لەلای پردێ (ئاڵتون کۆپری).

زابان و (زاب) و وشەی (زێ) پەیوەندێکیان لە نێوان هەیە، کە هەندێک پێیان وایە (زاب) لە زابانی کۆنەوە وەگیراوە،[٣] ئەگەر سەرنج بدەین میلی قابرا باسی هێرشی (دادوشا) لە دەوروبەری (١٧٩٩پ.ز) کاتێک ئارابخا (کەرکوک) دەگرێت بەرەو زێ بچووک دەچێت، دەڵێت: لە ڕۆژی بیستەمدا لە زێ (Za'ibum) پەریمەوە، دواتر شارەکانی قابرا و ئوربی ئێل (هەولێر) داگیر دەکات.[١]

---

[٢] هەمان سەرچاوە، ل ٧٣_٧٤.

[٣] ئەردەڵان عوسمان حەسەن، پارێزگای هەولێر لە سەرچاوە مێخییەکاندا، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، بەرگی دووەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوە بەردرخان، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٦٠١.

[١] فاضل قەرەداغی، مێژووی دێرینی کورد، ل ١١٨.

لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پێش زایینەوە (میدییەکان) دەرکەوتن لە ناوچەکە بووە بەشێک لە دەوڵەتی میدیا، جوولەکەکان لە بابلیەکان یاخی بوون، ئەوانێش ناچارکران لە قەلای کەرکوک و نشینگەکان دەوروبەری نیشتەجێ بن، ئەمەش سەرەتای بڵاوبوونەوەی جوولەکە بوو لە ناوچەکەدا دوای میدیەکان ئەخمینیەکان دەرکەوتن،[٢]پردێ لە سەردەمی ئەخیمینیەکاندا، شوێنێکی زۆر ستراتیژی بووە، ڕێگای شاهانە بووە، چونکە ناوچەکانی ئاسیایی بچووکی بە شاری (برسیبولس) دەبەستەوە، کە دواتر پێگەیێکی گرێنگی وەرگرت لە ڕۆژهەلاتی نزیک،[٣] دواتر ئەلیکساندەری مەقدونی لە (٣٣١_ ٣٣٠) هاتە ناوچەکە، دوای شەڕی ئەربیلا، لە زێ بچووک پەریوە، هەر بەهەمان شوێندا بەرەو کەرکوک چوو. هەر لە سەردەمی (هیلینی) لە ساڵی (١٢٨پ.ز) لە هەرێمی ئەرابخا (کەرکوک) شانشینێک دروست بوو، کە بنەماڵەی (إیزدین)ی (سکسی) سەرکردایەتی دەکرد، لەم ماوەیە بەهۆی ناوی (شهرا_زوو) چەند پاشایێکیان بە شێوازی (شهر_ یان شهرات) ناوبانگیان دەرکردبوو، یەکێک لەو پاشانە شاری (شهرت_ Sahra- kart) ی لە سەر زێ بچووک دروستکرد، کە لای کورد بە پردێ (pride) (پردێ) ناسراوە و ئارامیەکان بەشێوەی (شهرقذ) لە (شهرا کرت) ەوە تۆماریان کرد.[٤]

پردێ لە ژێر دەسەلاتی بنەماڵەی شاهانەی (ئێزدین) بوو کە فەرمانڕەوای ناوچەی کەرکوکیان دەکرد، ئەم بنەماڵەیە داب ونەریتی ئاینی و شێوازی

---

[٢] جەمال ڕەشید ئەحمەد، کەرکوک لە چەرخە کۆنەکاندا، و: حەسەن جاف، چاپخانەی خانێ، دهۆک، ٢٠٠٨، ل٥٢.
(٣) طه باقر و فواد سفر، المرشد الى مواطن الاثار والحضارة، ص ٢.
[٤] جەمال ڕەشید ئەحمەد، کەرکوک لە چەرخە کۆنەکاندا، ل ٥٨.

خواپەرستی خۆیان واز لێ هێنابوو" ئەوانەشی ببوونە جوولەکە، لەگەڵ بلاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی وازیان هێنا، هەر لە سەرەتاکانی دەرکەوتنی مەسیحیەت واتا سەدەی یەکەم بوونە مەسیحی و ئایینەکەیان کردە ئایینی فەرمی لە ناوچەکەدا،[٥] پردێ (ئالتون کوپری) یەکەم مەڵبەندی مەسیحی بوو، لەوێوە ناوچەکانی تر مەسیحیەتی تێدا بڵاوبوویەوە، یەکەم نێردراوێش ناوی دیار بێت، (ماری) بووە، کەوتە بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحیەت کە نێرداربوو بۆ بڵاوکردنەوەی ئەم ئایینە لە ناوچەکانی (باجرمی_ گەرمیان) یەکەم ناوچەش دەستی پێکرد لە شاری (شەهرکرت - پردێ) بوو.[١]

(شهرکرت_ پردێ) بنکەی بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت بوو لە ناوچەکە شان بەشانی هەولێر، تا وای لێهات مەترانی (شهرکرت_ پردێ) دانرا هەر لە ماوەی (١٠٠ز) زایینی مەترانی پردێ هەردوو کورسی (بیث باجرمی_ گەرمیانی) و (کرخ بیث سلوخ_ کەرکوک) بەدەستەوە بوو، دواتر لە ساڵی (١٣٠) زایینی بۆیە یەکەمجار کورسی ئەسقەفی (کەرخ سلوخ_ کەرکوک) درایە (طرقویطس) لە سەردەمی (ئەدربانوسی) قەیسەری رۆما، ئەمەش بەرەزامەندی مەترانی (شهرکرت_ پردێ)،کرایە ئەسقەفی (کەرخ سلوخ_ کەرکوک).[٢]

لێرەدا مەسیحیەت بڵاوبوویەوە، لە ناوچەکە و ڕێکخستنەکانی کەنیسە دامەزران، ساسانییەکان دوای ئەوەی دەستیان کرد بە فەرمی کردنی ئایینی

---

[٥] هەمان سەرچاوە، ل ٥٩.

[١]دانا، مێژووی بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی لە ناوچەی کەرکوک لە ڕوانگەی سەردەمە مێژوویی یەکانەوە، گۆڤاری (هەزارمێرد، ژمارە (١٦) سالی چوارەم، حوزەیرانی (1٠٠٢ز)، ل ٨٩.

[٢] هەمان سەرچاوە، ل ١٠٣.

زەردەشتی کەوتنە چەوساندنەوەی مەسیحیەکان، چونکە هەموو کات بەچاوی هاوکارو و پێشتیوانانی ئیمپراتۆریەتی رۆمانی سەیرکراون، کاتێک سەیری مێژووی کەنیسەکانی ناوچەکە دەکەی پڕە لە یادەوەری قوربانیانی سەرەتای بڵاوبوونەوەی مەسیحیەت بەتایبەتی لە سەردەمی ساسانییەکان[٣]، گەورەترین ڕووداویش کە لە پردێ ڕوویدا بێت لە کوشتاری مەسیحییەکان، کاتێک شاپوری ساسانی ساڵی (٣٤٣) زایینی، گەیشتە پردێ، بەتۆمەتی هەڵگەرانەوە و لادان لە ئایینی زەردەشتیەت، (نرسی) کە لە (شهركرت_ پردێ) لە دایک ببوو، و ئەسقەفەکەی (پردێ) بوو، لەگەڵ قوتابیەکەی کە ناوی (یوسف) بوو، لەگەڵ (١٢٨) کەسی تر لە سێدارەی دان.[٣]،

تا دەرکەوتنی ئایینی ئیسلام ناوچەی پردێ وەک سەردەمانی پێش زایین بەردەوام لە گەرمەی ململانێکاندا پشکی گەورەی بەرکەوتووە، کاتێک ئایینی ئیسلام لە کەرکوک و ناوچەکە بڵاوبوویەوە هێزەکانی موسلمانان ساسانیەکانیان شکاند، مەسیحیەکانی ناوچەکە وەک فریادرەس لە موسلمانەکانیان ڕوانی، بۆ ڕزگار بوون لە زولم و چەوساندنەوەی ساسانیەکان، کاتێک ئیسلام سیاسەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ مەسیحیەکان (اهل الذمة)بوو، واتە لە بەرامبەر دانی (جزية_سەرانە) ئازادیان کردوون لە کاروباری ئاینیان و بەشداری سەربازیان نەکردووە.[١] لە سەرەتاکانی ئیسلام تاوەکو سەدەی شەشەمی کۆچی ناوی شارەکانی کەرکوک و هەولێر بەکەمی

---

[٣]ئارام داود ، مێژووی کڵێسای کوردی لە سەردەمی ساسانیەکاندا ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، 2002ز، ل 40-41.

[٣] جەمال رەشید ئەحمەد، کەرکوک لە چەرخە کۆنەکاندا، ل ٦٠.

[١] حەکیم ئەحمەد خۆشناو، کورد و کوردستان لە دیدی گەڕیدەو وڵاتناسانی موسڵمان (٢٣٢_٦٢٦ک/ ٨٤٦_١٢٢٩ز)، و: شوکر سلێمان، چاپخانەی موکریان، هەولێر، ٢٠١٤، ل ٢١١.

دێت، هەر چەندە گەریدە موسلمانەکان لە کتێبە جوگرافیاکانیان ئاماژەیان پێداون بە کورتی ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ کەم بوونەوەی رۆڵیان لە ململانێیەکان و فراوانی سنووری ئیسلام و هەرچەندە لەملمڵانێی و کێشە سیاسی و لەشکرکێشەکانی ناوخۆ بەردەوام ناو (الزاب الاسفل - زێ بچووک) بەرچاو دەکەوێت وەک خالی بەستنەوەی ناوچەکان.[٢]

لە سەردەمی تەیمور لەنگ لە ساڵی (١٤٠١ز) پاش داگیرکردنی هەولێر و کەرکوک، دووای ئەوەی چەندین کاری وێرانکاری لە ناو کەرکوکدا ئەنجامدا , هەندێ لەو تورکمانانەی لە ناوچەکەدا جێهێشت کە لەناو لەشکرەکەیدابوون " دوواتر ئەمانە نیشتەجێبوون و تیایدا مانەوە ، ئەمەش یەکەم نیشتەجێ بوونی تورکمان بوو لە ناوچەکە، دواتریش لە ئەنجامی ملْملانێی سەفەوی و عوسمانی، و سەرکەوتنی عوسمانیەکان لە سالی (١٥١٤ز)جەنگی چاڵدێراندا ، سولتان سەلیم ڕێگای بە (٧٥) هەزار تورکماندا لە شارەزوور و تاوەکو سوریا نیشتەجێ ببن، پێشتریش لە سالی (١٥١١ز) کاتێک بەسەر تورکمانە شیعەکان (قزلباشەکان) سەرکەوت پاشماوەکەیانی لە نێوان کەرکوك و رێگاکانی سنوور نێوان قەڵەمڕەوی خۆی و فارسەکان بڵاوکردنەوە.[٣]

لە رووی مێژوویەوە ئەوەی پەیوەستە بە رێگای پەرینەوەو هەبوونی پردو قەنتەرەیەك لەم ناوچەیەدا، گومانی تێدا نیە، پێش سەردەمی عوسمانیەکانیش پردەکەی سەر زێی بچووک هەبووە، وە ناوچەکە ئاوەدان بووە، لەو شوێنەی

---

[٢] مەتران لویس ساکو، کورتە مێژووی کەنیسەی کلدان، و: جمیل عیسی، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٩، ل ٣٢.
[٣] جەمال رەشید ئەحمەد ، کەرکوک لە چەرخە کۆنەکاندا، ل ٦٤.

ئەمرۆ بە (پردێ_ ئالتون کوپری) ناسراوە، هەروەکو لە کتێبی (زەفەرنامەی)ی شەرەفەدینی عەلی یەزدی کە یەکێك بووە لە نوسەرانی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆیەمی کۆچی و کتابەکەی بە زمانی فارسی نوسیوەو لە ساڵی (828)کۆچی بەرامبەر(1424)پاش لە دایکبوون تەواو بوە، دەڵێت (ئەو لەشکرەی ئاڵای سەرکەوتن بە زەمانەتی خواو پشتیوانی ئەو هەڵگرتبوو لە رێگای پردێوە پەریوە بەرەو بەغدا) جگە لەمەش بەڵگەیەکی تر کتێبی (التاريخ الغياثي)یە، کە لە لایەن (عبدالله بن فتح الله البغدادي) ناسراو بە (الغياث)، کە لە سەدەی دەیەمی کۆچی /شازدەی زاینی ژیاوە، ئاماژەی پێداوە،[٤] کەواتە پێش عوسمانیەکان پردەکە هەبووە نەوەک لە سەردەمی عوسمانیەکان دروست کرابێت،هەموو ئەو سەرچاوانەش ئاماژە بە سوڵتان مورادی چوارەم دەکەن کە پردەکەی دروست کردبێت راست نیە تەنیا بریتی بووە لە نۆژەنکردنەوەو دراشتنەوەی بە نەخشەسازیەکی پیشکەوتو تر و مەحکەمتر.

نەك هەر سوڵتان موراد بەڵکو بەهۆی پێگەی گرنگی ئابوری و سەربازی و ستراتیژی (پردێ) لە نێوان هەولێر و کەرکوک و لیوا و سەنجەقەکانی سەردەمی عوسمانی ئەو ڕۆڵە گرنگەی هەیبووە لە بازرگانی و بەیەکەوە بەستنی ڕێگا بازرگانیەکان، بەڵکو ڕێگای سەرەکی بووە لە ویلایەتی

---

[٤] عبدالله بن فتح الله البغدادي(الغياثي)، تاريخ الدولى الإسلامية في الشرق(التاريخ الغياثي)، تح/ طارق نافع الحمداني، دار المكتبة الهلال، بيروت 2010، ص 364_3030_283

شارەزووردا،[١] هەر بۆیەش والی بەغدا، حســـن پاشا، لە ساڵی (١٧١٣ز)، جارێکی تر بڕیاری نۆژەنکردنەوەی پردەکەی دەرکردووە، دواتر تورکمانەکان داوایان کرد بۆ پاراستنی پردەکە و گرنگی ناوچەکە لەبەیەکەوە بەستنەوەی نێوان کەرکوک و هەولێر، بەرپرسی پرد (امیر جسر)ی بۆ دابنرێت، لە ژێر ناوی (کوپری بکی/ واتە بەرپرسی پرد، وەک لە بەڵگەنامەکان هاتووە لە ڕێکەوتی مانگی سەفەری ساڵی ( ١١٢5ک/ ئازاری ١٧١3ز) داواکەیان کردووە[٢] .

دواتر لەسەر ئەو داوایەو لایەنە ئابوریەکەشی کە لەگەڵ پەرەسەندنی بەروبووم و پیشکەوتنی بازرگانیدا بەهای ئەو پردەش زیادی دەکرد ،دەوڵەتی عوسمانی سێ هۆزی تورکمانی کۆچەری لە پردێ نیشتەجێ کرد بەپێی بەڵگەنامەکە ئەوانیش هۆزەکانی: (کوپروجی (کوبرولي) وصالحی وچناقچی) بوون، بەهۆی باشی پەیوەندی تورکمانەکان و دەسەڵاتدارانی عوسمانی حاجی حوسین کە پۆستی بەرپرسی پرد (کوپری بکی) پێ بەخشرابوو، نامەی بۆ دیوانی هومایون نارد، ئاگاداریکردنەوە لەوەی بەم سێ هۆزە تورکمانە بە بەراورد بە کوردەکان،ژمارەیان زۆر کەمەو هیچ زەوی کشتوکالیان بەرناکەوێت، هەر بۆیەش فەرمانی سوڵتانی بۆ والی بەغدا دەرچوو لە (ناوەراستی مانگی رەمەزانی 1126ك/ئەیلولی 1714ز)، کە

---

[١] هاشم سوادي هاشم، طرق و وسائط النقل في كركوك و أثرها على الحركة التجارية في العهد العثمانى الأخير 1831_1914، مجلة التربية والعلم، المجلد (15)، العدد (2) لسنة 2008. ص2.

[٢] بۆ بینینی بەلگە نامەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (1).

زەوی بۆ ئەم سێ هۆزە تەرخان و دیار بکات و هەر بۆیەش وەزیر حسن پاشا والی بەغدا، زەوی لە پردێ پێدان.[٣]

لە لایەك بۆ دڵنیایی رێگاو بانەکان و لە لایەکی تریش بۆ پاراستنی ئەو هۆزو بنەماڵە تورکمانانەی لە ناوچەکەدا نیشتەجێ دەکران لە پاڵ ناوی بەرپرسی پرد، سەربازگەیەکي گەورەی تورکی لە پردێ دامەزرا، هەروەکو گەریدەی ئینگلیزی (جاکسۆن) لە سالی (١٧٩٧ز) بەسەرپردەکەی پردێ تێپەڕیوە و باسی سەربازگەکەی کردووە.[٤]بە هۆی ئەمەشەوە تێکەڵاوبوونی کوردو تورکمان لە ناوچەکە مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە و هەمیشە پێکەوە بە ئاشتەوایی و برایەتی ژیاون وهەرگیز لە پردێدا ناکۆکی و دووبەرەکی نەتەوەیی لە نێوان کوردو تورکماندا نەبووە ، لە کاتێکدا نەك هەر دووای رووخانی دەوڵەتی عوسمانی بەڵکو لە کاتی بەهێزی و فراوانی دەسەڵاتی عوسمانیشدا زۆرجار و بۆ دەیان ساڵ پردێ و دەوروبەری لە ژێر دەسەڵاتی میرو سەرۆك خێڵ و بنەماڵەکانی کورددا بووەوهیچ جیاوازیەك لە نێوان دانیشتوانی ناوچەکەدا نەکراوە .

بۆ نمونە لەگەڵ بەهێز بوونی میرنشینە کوردییەکانی سەردەمی عوسمانی بەتایبەتی میرنشینی سۆران، بەدیاریکراویش سەردەمی میر محەمەد پاشای گەورە، پردێ بوژانەوەی گەورەی بەخۆیەوە بینی، ئەمانەش لە گەشتەکەی دکتۆر رۆس دیاردەکەوێت لە سالی (١٨٣٣)ز، دکتور رۆس باسی ئەوە دەکات کاتێک گەیشتە پردێ داوای هیچ سەرانەو بەخشیشێکیان لێ نەکرد و

---

[٣] بۆ بینینی ئەم بەڵگەنامەیە بڕوانە پاشکۆی ژمارە (2).
[٤] جاكسون، مشاهدات بريطاني عن العرق سنة 1797، ترجمة: خالد فاروق عمر، الدار العربية للموسوعات، بيروت، 2000م، ص 113.

ناوچەکە رازاوەبوو بە دەغل و دان و دەولەمەند بوو، هەر دکتۆ رۆس بەراوردی دەکات بە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی والی بەغدا کە زۆر خراپ بووە و زۆر جیاوازە ژیان لە نێوان وڵایەتی بەغداو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی میر محەمەد میری سۆران[١] بەڵام لە دوای لەناوچوونی میرنشینە کوردیەکان لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەمدا و کەمکردنەوەی دەسەلاتیان، پردێ لە سالی (١٨٤٤ز) وەک لە بەڵگەنامەیێکی عوسمانی دەردەکەوێت دەبێتە قەزا سەر بەویلایەتی شارەزوور، و قائیمقامەکەی ناوی (حسن ئاغا) بووە، موچەکەشی (١٢٥٠) قورش بووە،[٢] ئەمەش گرینگی و گەورەی پردێ لە ڕووی کارگێری لە سەردەمی عوسمانیەکان دەردەخات، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا ، لە تۆمارەکانی عوسمانییدا هاتووە، کۆپری کە ( ئالتون کۆپری - پردی زێرین) و (قەنتەرە)شی پێدەڵێن، ئاواییەکی گەورەیە لە نێوان دوو لقی زێ بچووکدا ، کەوتۆتە سەر ڕیگای کاروانەکان، پردێکی نایابی کەوانەیی هەیە ، ژمارەی دانیشتووانی بریتییە لە (1704)کەس لە ڕەگەزی نێر ، (798) ماڵ ،واتە بە لایەنی کەمەوە دانیشتوانی ناوەندی ناحیەکە لەو سەردەمەدا نزیکەی (3500)سێ هەزارو پێنجسەد کەس بووەة ئەمەش بۆ ئەو قوناغە ئاوەدانی و چڕی دانیشتوان و نیشتەنیەکی شارنشینی گەورە بووە، چونکە بۆ نمونە هەتا نزیکەی هەشتا ساڵ لەوە دووا (1925)دانیشتوانی شارێکی وەکو هەولێر نزیکەی بیست هەزار کەس بووە، بۆیە چڕبوونەوەی دانیشتوان لە پردێ لەو قوناغەدا نیشانەیەك تری ئاوەدانی و گەشەکردنی شارستانیە لە ناوچەکەدا، هەر لەو قۆناغەدا

[١] کەریم شارەزا ، محەمەد پاشای رەواندز (لە گەشتەکەی فرێزەر و یاداشتەکەی دکتۆر رۆسدا)، ئنسکلۆپیدیای هەولێر بەرگی پێنجەم، ل ١٩٢٤.

[٢] بۆ بینینی بەڵگەنامەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە ( 3 ).

(2) مزگەوت بۆ وتاری هەینی و ،(1) نوێژخانە(مسجد)، (2) میوانخانە (ئوتێل)، (81) فرۆشگا و دووکان، (6) قاوەخانە ، (5) باخچە و بێستان ، (4) ڕنگسازی ، جگە لەوانەش رێژەیەکی زۆری دانیشتوانەکەی خەریکی کشتوکاڵی بوونە کە (2741) کێلگەی کشتوکاڵی تێدا هەبووە ، بەرێوە بەرایەتی کارگێرییش بریتی بووە لە بەریوەبەری ناحیە ، بەریوەبەری تەلەگراف، یەك کارمەندی باج و یەك کارمەندی دەیەك .[٣]

پردێ سەرەرای هەڵکەوتە جوگرافیەکەی کە سەرە ڕێگای لەشکرکێشەکان بوو، شوێنەکەشی کەوتۆتە سەر زێی بچووک. بەهۆی لە ناکاو بەرزبوونەوەی ئاوەکەی بەزێ شێتە ناسراوە، ئەمەش وایکردووە لافاو دروست بێت، و زیان بەشارەکە بگەێنێت لەڕووداوە مێژوویەکانی ئەم شارە لافاو و زیانەکانی شوێنێکی گەورەیان گرتووە، تا کۆتاییەکانی عوسمانیەکانیش دووبارە بۆتەوە، لە بەڵگەنامەێکی سالی (١٨٨٩ز) دەردەکەوێت کە بەرێوەبەری ناحیەی پردێ_ ئالتون کوپری) داوای هاوکاری قەرەبوو دەکات، بەهۆی لێکەوتەکانی لافاو لە شارەکە، کە زەرەو زیانەکانی بەنزیکەی (٥٠) ماڵ و (١٠) دوکان، و (٢٠) خانە (شوێنی کارکردن)، و (٢ چایخانە و (١) مزگەوت، و (١) دیوەخان، مەزندە دەکات.[٤]، هەموو ئەمانە نیشانەی گەشەکردنی بەردەوامو هەنگاو لە دووای هەنگاوی شارەدێی پردێ بووە لە قۆناغە میژووییە جیاوازەکاندا بە تایبەت لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتی عوسمانیدا بە هۆی پێداویستیە زۆرەکانی بە رێگاکانی

---

[٣] ڤیتال کیونێ، سنجاقی شارەزوور (کەرکوک) و سلێمانی لە کۆتایی سەردەی نۆزدە هەمدا، و: نەجاتی عەبدوڵلا، گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی، ژمارە (٢٤) ی سالی (٢٠١٣ز)، ل ٣٠٧.

[٤] بۆ بینینی بەڵگەنامەکە بڕوانە پاشکۆی ژمارە ( 4 ).

هاتوچۆو پەرینەوەو بەرزبوونەوەی ژمارەی كاروانچیەكانی ، وەكو ئاماژەمان پێكرد پردێش بە هۆی شوێن و سەرچاوە سروشتیەكانیەوە بە خاڵی گرێدان و پێكەوەبەستنی ئاستانەو بەغدا دانراوە بۆیە هەمیشە بایەخی پێدراوە.

بەڵام ئەو گەشەسەندنەی پردێ بەردەوامی بەخۆیەوە نەبینی،كاتێك جەنگی جیهانی یەكەم لە ئابی 1914 هەڵگیرسا و عوسمانیەكان چوونە پاڵ ئەڵمانیا و لایەنێكی ئەم شەرەبوون، هەر لەسەرەتاوە بەریتانیا بریاری داگیركردنی ویلایەتەكانی بەسرەو بەغدایاندا، لە پێنجی تشرینی دووەمی 1914 هێزەكانی بەریتانیا لە فاو دابەزین و دووای داگیركردنی بەسرە بە كەناری زێی دیجلەدا بەرەو بەغدا پێشرەویان كرد، تا لە یازدەی ئاداری 1917دا بەغدایان داگیر كردو تا چیای حەمرین هاتن و لە نزیك فەتحە راوەستان ،ئەمەش باشترین و روونترین بەڵگەی سنوری هەرێمی كوردستانە لە عێراقدا، دوواتر بەریتانیەكان بریارێكی تریان دەركرد بۆ داگیركردنی كەركوك ، تا لە شەشی ئایاری 1918 هاتنە ناو كەركوكەوە، بەڵام بێ ئەوەی لە شارەكەدا بمێننەوە بەجێیانهێشت و عوسمانیەكان گەرانەوە " لەم رۆیشتن و هاتنەوەیەدا خەڵكی ناوچەی پردێ و دەوروبەری كەركوك زیانێكی گەورەیان لی كەوت ، بە تایبەت بە هۆی ئەو تالانیەی سوپا تێكشكاوەكەی عوسمانی لە ناوچەكەدا كردی كە ماوەی چەند ساڵێك بوو لەشەردا ماندوو شەكەت و برسی بوبو بە زۆر خۆراكیان لە گوندنشینەكان وەردەگرت و مەروماڵاتی لادێكانیان دەبرد، كە لەناو خەڵكی ناوچەكەدا بە ساڵانی گرانیەكە ناسراوە ، بە هەزاران كەس لە برسا مردوون، بۆیە بە دڵنیاییەوە لە دووای جەنگی جیهانی یەكەمەوە گۆرانێكی دێموگرافی گەورە لە ناوچەكە روویداوە، چ هەموو ئەو خێزانانەی

لایەنگری عوسمانیەکان بوون و لەگەڵ سوپاکەیدا شەریان دەکرد یان ئەو جەندرمەو پلەدارانەی لە سوپای عوسمانیدابوون ناوچەکەیان چۆلکرد و لەگەڵ عوسمانیەکاندا رۆیشتن و چ ئەوانەش بەشداری شۆرشکەی شێخ مەحمودیان کرد دژی ئینگلیزەکان هەموو ئەمانەش لە رووی سیاسایەوە بە قازانجی پێکهاتەی عەرەبی بوو لە بونیادنانی حکومەتی عێراقیدا لە رووی جوگرافی و ئیکۆلۆژیەوە بۆشاییەکی زەویوزار و لەوەڕگا و چۆڵەوانی دروست بوو" کە ئەمەش بە قازانجی خێڵە مەردارەکانی بەدووی عەرەبی بوو بۆ پرکردنەوەی ناوچەکە .

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤_١٩١٨ز)، و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ساڵی (١٩٢١ز) بەدواوە ، هەموو ئەورووداوانەو ئەو بۆشاییانە هۆکاری لە بارو زەمینەی گونجاوبوون بۆ هەڵکشانی خێڵە عەرەبەکان و تێپەرانی چیای حەمرین و نیشتەجێبوون لەو شوێنانەی بە هۆی شەرو نا ئارامیەوە چۆڵکرابوون .

بۆیە لە دووای دروستبوونی حکومەتی عێراقیەوەو لکاندنی ویلایەتی موسڵ بەو حکومەتە تازە دروستکراوەوە لە ساڵی 1925، مێژووی پردێ بە ئاراستەیەکی تردا رۆیشتووە، ئیتر پردێ و دەوروبەری بووە جێی چاوتێبڕینی هزری شۆڤینی عەرەبی و ویلایەتی موسڵ یە گشتی و پردی و دەوروبەری کەرکوك بە تایبەت بوونە گۆرەپانی سیاسەتی تەعریب، هەر لە سەرەتای دروستبوونی عێراقەوە ئاراستەیەکی نەتەوەیی عەرەبی کاری لەسەر سرینەوەی سیمانەتەوەییەکانی کورد و بەعەرەبکردنی عیراقی دەکرد بە گشتی و دەتوانین ئاسەوارەکانی ئەو هزرە شۆڤینیە بە روونی لە رووداو و

گۆرانکاریەکانی ناوچەی پردێدا ببینین ، بە تایبەت لە قۆناغی کۆماری و نەمانی دەسەلاتی پادشایەتی لە عێراق لە دووای 14ی تەموزی 1958ەوە.

هەنگاوەکانی بە عەرەبکردنی ناوچەی پردێ جگە لە گۆرانکاریە دێموگرافیەکان لە گۆرینی نەخشەی کارگێری و بچوکردنەوەی هەندێك ئاوەدانی و گەورەکردنی هەندێکی تردا بە دەردەکەوێت، ئەگەر بە وردی سەیری مێژووی ناوچەکە بکەین بە دەیان دەستکاری لەو جۆرە دەبینین ،هەر پردی بۆ خۆی وەکو ناحیە سەرەرای ئەوەی لە سەردەمی عوسمانیدا وەکو قەزا مامەڵەی لەگەڵ کراوەو لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی عێراقیشدا یەکێك بووە لە ناحیە سەرەکیەکانی سەر بە لیوای کەرکوك کەچی هەمیشە هەوڵی بچوکرکردنەوەی دراوەو یەکێك لە گوندەکانی سەر بە ناحیە پردێ کە گوندی دوبز بووە کراوەتە ناحیەو دوواتر دراوەتە قەزا و پردێ لەسەر کەرکوك لابراوەو خراوەتە سەر ئەم قەزا دروستکراوەو دوواتر لە سەر نەخشەی کارگێری پارێزگای کەرکوک دابراوە و خراوەتە سەر نەخشەی کارگێری هەولێر بەپێی مەرسومی کۆماری ژمارە (٤٣٤) کە لە (9/11/ ١٩٨٩ز) دەرچووە[٣]، لەو سەردەمەدا حکومەتی بەغدا دڵنیابوو لە تەعریب کردنی ناوچەکەو بە نیازی پەلهاویشتن بوو بۆ تەعریبی هەولێرو دەوروبەری ، دەیویست لە رێگای بەکارهێنانی ئەو خێزانە تورکمان و عەرەبانەی لە پردێ هەبوون لە خولەکانی ئایندەدا ئەنجومەنی یاسادانان و جێبەجێکردنە کارتۆنیەکەی خۆی بە کوردی دابوو هەندێك نوێنەری کوردو تورکمانی تێ بکات" بەڵام بە هۆی گۆرانکاریەکانی سەرتای نەوەدەکان جارێکی تر

---

[٣] الوقائع العراقية ، العدد (3274) ، 1989/9/25.

ناحیەی پردێ خراوەتەوە سەر دوبز، هەموو ئەمانەش تەنیا لە روانگەی بە عەرەبکردنی ناوچەکەوە کراوە، ئیتر تەواوی مێژوو هاوچەرخی شارەکە پڕە لە وێرانکاری و نەهامەتی، بە تایبەت بەهۆی دەوڵەمەندی و هەبوونی نەوت و سامانی سروشتی ناوچەکە کەوتە بەر شالاوی تەعریب، لە 1963ەوە تا 1988 تەنیا ئاوەدانیەکی کوردنشین لە سنوری کارگێری پردێدا نەما کە ژمارەیان بە پێی ئامارو سەرژمێری ساڵی 1957 (62)شەست ودوو گوندو ژمارەی دانیشتوانیان (15264)پازدە هەزار و دووسەدو شەست و چوار کەس بوو، ئەگەرچی لە کۆتایی هەشتاکاندا وەکو یەکەی کارگێری لە پردێ بەڵگەو دیکۆمێنتەکان تەنیا (٣١)گوند راگواستراوە، کە ژمارەیان (٢١٨٢) خێزانی کورد بوون.[٢]بەڵام ئەمە بە هۆی سیاسەتی گۆرینی دێموگرافی ناوچەکەوە ژمارەی گوندەکانی کەم بووەتەوە، گوندەکانی خراوەتە سەر قەزای دوبزو قەزای ناوەند ،دوواتر ئەوانیش بە هەمان شێوە لە 1987/4/21دا بە بریاری عەلی حەسەن مەجید کە ئەو کاتە بەرپرسی رێکخستنەکانی باکوری حیزبی بەعس بوو ، تەواوی گوندە کوردنشینەکان چۆڵکران و بۆ ئۆردوگاکانی دارەتو و بنەسڵاوەو تۆبزاوەو جدیدە لە شاری هەولێر راگوازران، دەست بەسەر تەواوی موڵك و زەویوزارو رەزو باخەکانیاندا گیرا و لە باشوور و ناوەراستی عێراقەوە بە هەزاران خێزانی عەرەبیان هێنا لەو گوندانە نیشتەجێکران .

لە راپەرینی خەڵکی کوردستاندا لە ساڵی 1991 ناحیەی پردێش وەکو هەموو ناوچەکانی کوردستان لە رۆژی 1991/3/13 راپەرین و ناحیەکەیان ئازاد

---

[٢] حەمید عبدوڵڵا ساڵح، نەخشەکانی تەعریب لە کەرکوک، گۆڤاری سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی، ژماری (٣) سالی شانزەهەم، ئابی (٢٠٠٨ز)، ل ٣٠.

کرد، پردێ بووە شوێنی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی سیاسی کوردو سەنتەری نەخشەدانان بۆ رزگارکردنی کەرکوك و ناوچەکانی تر، وەکو سەربازگەیەك بۆ کۆکردنەوەو رێکخستنی هێزی پێشمەرگە و خۆسازدانەوە ، بۆیە پردی رۆڵی گرنگی هەبووە لە مێژووی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کوردا، لەم پێناوەشدا قوربانی زۆریداوە بە تایبەت دووای گەرانەوەی هێزی حکومەتی بەغدا لە 31ی ئاداری 1991 وەکو کۆمەڵکوژیەك کە (36)سی و شەش لاوی ناحیەکەی شەهید کرد([11]) ،وەکو تۆڵەسەندنەوەیەك لە خەڵکی راپەریوی ناوچەکە بە زەبری هێزو هەرەشەو تۆقاندن کەوتە تەعریبکردنی پردێ لە رێگای دەرکردنی دانیشتوانە رەسەنەکەی و هێنانی خێزانە عەرەبە مەردارەکان بۆ گوندەکانی دەوروبەری ناحیەکە، بە هەزاران دۆنم زەوی کشتوکاڵی بەسەر ئەو مەردارانەدا دابەشکردو بیری ئیرتیوازی بۆ لێدان و ئامێرو کەرەستەی کشتوکاڵی زۆر پێشکەوتوی بۆ ئامادەکردن، هاتوچۆی ئەو گوندانە لە کورد قەدەغەکرا، بە شێوەیەکی زۆر خێرا عەرەبەکان گەشەیان کرد بەڵام هەرگیز دڵنیا نەبوون وتەنانەت مردوویەکی خۆیانیش لەو دەڤەرەدا نەدەناشت ،چونکە ئەو راستیەیان دەزانی کە زەویوزاری بە زۆرداگیرکراو نابێتە موڵکی ئەوان و ناتوانن هەتا سەر لەو شوێنەدا بمێننەوە" بۆیە هەر لەو قۆناغەشدا بەزۆری کرێکاری کشتوکاڵی کوردیان دەگرت بۆ کارەکانیان ، کرێکارە کوردەکانیش لە بنەڕەتدا خەڵکی ئەو گوندانەبوون ئەگەر بە پارەیەکی کەمیش بووایە لە خۆشی سەردانی کردن و چوونە سەر گۆرو بینینەوەی

---

نبيل قصاب، الذكرى 16 لمذبحة ألتركمان في ألتون كوبري، لە پێگەی ئەلکترۆنی لە رۆژی 2ی ئاداری 2006
http://previous.cabinet.gov.krd/a/d.aspx?l=14&smap=010000&a=10095 -[11]

شوێنەوارو خانوە رووخاوەكانیان ئاهێكیان هەڵدەكێشا و نەیاندەوێرا بڵێن ئەو موڵك و ماڵی ئێمە ، یان ئەوە گۆری ئازیزانمانەو بەزۆرەملێ لێرە راگوازراوین ..

دووای هێرشی ئەمریكا و هاوپەیمانان و رووخانی حكومەتی بەغدا لە 9ی نیسانی 2003 ، ناحیەكە ئازاد بوو ،كەوتەوە ژێر دەسەڵاتی خەڵكی ناوچەكە خۆیان ، بۆیە هەر لەسەرەتای هێرشەكەوە هەموو ئەو عەرەبانەی بە سیاسەتی گۆرانی دێموگرافی نیشتەجێ كرابوون هەڵاتن وبیرو كەرەستە و ئامێرە كشتوكاڵیەكانیان جێهێشت ،بەشێكی زۆری گوندنشینە كوردەكان گەرانەوە سەر زەویوزارەكانیان و شەپۆلێكی ئاوەدانكردنەوە ناحیەكەو گوندەكانی دەوروبەری گرتەوە، لە هەر گوندێكدا چەند ماڵێك گەرانەوەو دەستیان كردەوە بە كاری كشتوكاڵی و ئاژەڵداری و بەخێوكردنی مەروماڵات، ئەم ژیانە تا رادەیەك بۆ منداڵی ئەم خێزانانە سەخت بوو، چونكە نزیكەی شازدە ساڵ بوو چیانی لادێییان جێهێشتبوو و لەسەر شێوازی ژیانی شارنشینی راهاتبوون ، بە لایەنی كەمەوە ئاو و كارەباو بازارو قوتابخانەو خزمەتگوزاری باشتری لێ بوو، ئاوەدانكردنەوەی گوندێكی وێران كراوو درستكردنەوەی خانوبەرەو كرینی مەرو ماڵات و دەستپێكردنی ژیان لە شوێنێكدا كە ئەو منداڵانە هیچ یادگاری و بیرەوەیەكیان لێ نەبوو ، شەوانی تاریك و چۆڵ و بێ كارەبا بۆ ئەوان بە تایبەت لە سەرەتای قۆناغەكەدا سەخت بوو، بۆیە وەكو تێكرا لە كۆی گوندەكانی پردێ رێژەی (20تا25%)ئەو خێزانانەی لە 1987 لەو گوندانەبوون گەرانەوە" بە پێچەوانەوە (75 تا 80%)خێزانەكان نەگەرانەوە و لە ئۆردوگاكانی دارەتو و

بنەسڵاوەو ناو شاری هەولێردا مانەوە، ئیتر گوندەکان وەکو پێویست ئاوەدان نەکرانەوە ،بە هۆی کۆمەڵێك هۆکاری سیاسی و کارگێری و یاسایی و کلتوریەوە کە لەسەرووی هەموویانەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ پلانێکی ستراتیژی نەتەوەیی نەبوو بۆ ئەوەی ناوچەکە بە پێی بەرنامەو نەخشەیەکی زانستی ئاوەدان بکاتەوە بە جۆرێك تەواوی پلانەکانی پێشوو بۆ تەعریبکردنی ناوچەکە هەڵبوەشێنێتەوەو ئەو سیاسەتە لە رەگەوە ریشە کێش بکات ، ئیتر رۆژ لە دووای رۆژ ئەو ریژەیەش کە لەسەرەتاوە گەرانەوە کەمتر دەبوەوە، هەندێك لە خێزانەکان دەگەرانەوە ناو شارەکان بە تایبەت لە 2014 بە دوواوە کە مەترسی داعش و سەرهەڵدانی گروپە تیرۆریستیەکان پەیدابوو " بە هەزاران خێزانی عەرەب لە باشوورو شارەکانی ناوراستی عێراقەوە ئاوارەبوون ، ئەمجارە بە پێچەوانەوە جوتیارو خاوەن موڵکە کوردەکان لەم گوندانەدا کرێکار و خێزانی عەرەبیان هێناو لە شوێنەکانی خۆیان نیشتەجێیان دەکردن و خۆیان دەگەرانەوە ناو شارەکان، هەتا دوواتر بە هۆی وروژاندنی مەسەلەی سەربەخۆیی و پرسی جیابوونەوەو ئەنجامدانی ریفراندۆم بێ رەزامەندی هەموو لایەنەکان وپێش چارەسەر و یەکلایی کردنەوەی سنووری هەرێمی کوردستان ، هەموو ئەمانە وەکو رووداوی گەورەو یەکەوتەکانی ئەو راپرسیەو رووداوەکانی ئۆکتۆبەری 2017ەوە جارێکی تر ناوچەکە کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی حکومەتی ناوەندو هەندێك لەو خێزانە کوردانەی گەرابوونەوە سەر گوندەکانیان جارێکی تر ئاوارەبوونەوە، گەرانەوە ئۆردوگاکانی هەولێر لە دارەتو و بنەسڵاوەو ..هتد بەڵام ئەمجارە وەکو ئاماژەمان پێکرد بجوتیارە کوردەکان ە رەزامەندی خۆیان خێزانی عەرەبیان هێناوەو کاری بەخێوکردنی ئاژەڵ و مەروماڵات و

کشتوکاڵیان بۆ دەکەن " ئیستا هیچ گوندێکی ناحیەی پردێ نیە چوار تا پێنج خێزانی عەرەبی لێ نەبێت کە لە پارێزگاکانی نەینەواو سەلاحەدین و رومادیەوە هاتوون " بە هۆی شەرو نائارامی و بێکاری لە پارێزگاکانی خۆیان پەنایان بۆ گوندەکانی ناحیەکە هێناوە.و لە ژیانی ئەم گوندانەدا راهاتون و منداڵەکانیان خۆیان بە خەڵکی ئێرە دەزانن لە بەرامبەریشدا منالانی خێزانە کوردەکان خۆیان بە هەولێری دەزانن ..

**باسی دووەم: ئیکۆلۆژیای ناوچەی پردێ:**

سەرەتای گرنگیدانی مرۆڤ بە ژینگەی کۆمەلایەتی و ئەو پەیوەندیەی لە نێوان ژینگەی سروشتی و بونیادی کۆمەلایەتی کۆمەلگاکاندا هەیە دەگەرێتەوە بۆ سەرەتای ژیانی مرۆیی و بایەخدانی بە ناسینی ئەو ناوەندەی تێیدا دەژیت و پەیوەندی بە تایبەتمەندیی ناوچەکانی ترەوە ، لە رێگای بەراوردکردنی شێوازی ژیان و باری گوزەران و روخسارو خەسلەتە بایۆلۆژیەکان و تا دەگاتە یاساو داب و نەریت و پەیوەندی هەمو ئەمانە بەو ژینگەی مرۆڤی تێدا دەژیت، ئیبن خەلدون راڤەی مێژووی مرۆڤایەتیی لە میانی پەرەسەندنی ئابوری و پێدراوە ژینگەییەکانەوە کردووە(12)لە چاخی راپەرین لە ئەوروپاشدا جەخت کرایە سەر گرنگی ژینگە لە پێکهێنانی دەرونی و هزری مرۆڤدا، وەکو حەتمیەتی جوگرافی رەنگدانەوەی لەسەر بۆچوونەکانی عەمانوئێل کانت و برتراند رازل و ئالین سەمپل و چەندینیتر

---

أبن خلدون, ولي الدين عبدالرحمن بن محمد ، المقدمة ،الجزء الأول, تحقيق, عبدالله محمد الدرويش,دار يعرب, ط1, 2004, ص: 87. 12-

دانا، مرۆڤیان بە بەبەرهەمی ژینگەكەی وەسف كرد(13) بۆیە لە روانگەی بایەخی ژینگە لە رەفتارو چالاكی و كارەكانی مرۆڤدا لەم خاڵەدا باسی هەندێك لە سیماو تایبەتمەندیە ژینگەییەكانی ناحیەكە دەكەین و هەوڵدەدەین ئاماژە بە هەندێك لە پەیوەندی و كاریگەریەكانی ئەو تایبەتمەندیە ژینگەییانە بدەین لە سەر پێكهاتنی كۆمەڵگای خۆجێیی ناحیەكەو شێوازی ژیان و چالاكیەكانی خەڵكی ناوچەكە بە گشتی :-

**1-ناو:**

لەسەر ناوی پردێ بە پێچەوانەی زۆربەی شارو شارۆچكەو ئاوەدانیەكانی كوردستانەوە، راوبۆچوونی جیاواز نیە دەربارەی ئەم ناوە، چونكە روون و ئاشكرایە ناوی ناحییەكە لەو پردەوە وەرگیراوە كە زۆر لە مێژە لەو شوێنەدا لەسەر رووباری زێی بچوك دروست كراوە بۆ پێكەوە بەستانی موسل و هەولێر بە كەركوك و بەغداو ناوچەكانی تری ناوەندو باشوری عێراقەوە، جگە لەوەی ئاوەدانیەكانی دەوروبەری خۆی وەكو دوبزو شوان وسالەیی و قوشتەپەی پێكەوە بەستووەتەوە ، بە هۆی ئەو پردەوە خالی بەیەك گەیشتنی دەڤەرە جیاوازەكان بووە(14) ، هۆكاری دروستبوونیشی پەیوەستە بە تایبەتمەندیە ئیكۆلۆژی و سروشتیەكانیەوە، چونكە زێی بچوك لەو شوێنەدا دەبێتە دوو لق ،قوڵایی و خێرایی ئاوەكەی كەم دەبێتەوە بە هۆی پەرتبوونی ئاوەكەوە" بۆیە بواری پەرینەوەو سود

[13]-أ.د. مضر خليل العمر و د. محمد احمد عقلة المومني، جغرافية المشكلات الاجتماعيه ، دار الكندي للنشر والتوزيع ، اربد ، 2000 (من ص 13 – 21)

4-باخەوان ،عبدالجبار مصگفی ،بردی ...التون كۆبری المدينه والمستقبل العمرانی ،مگبعه خاكة السليمانيه، 2008، ص: 12

وەرگرتن لە رووبارەکە وەکو سەرچاوەیەکی ئاو گونجاوترو ئاسانتر دەکات، بۆ نمونە کاری کشتوکاڵی لە کەنارەکانی باشتر ئاودێری دەکرێت جگە لەوەی وەکو رێگای بازرگانی بۆ هاتوچۆ مەترسی پەرینەوەی کەمترە ، ئیتر هەر لە کۆنەوە (پرد)ەکە بووەتە بنەمای کۆبوونەوەو بە کۆمەڵبوونی خێزانەکان و نیشتەجێبوونیان لەو پانتاییە جوگرافیەی تیایدا زێیەکە شێوەیەکی ئاسۆیی وەرگرتووەو بەسەر دوولقدا دابەش بووە ,لەم دابەشبوونەدا بۆشاییەکی وشکانی کەوتووەتە نیوان هەردوو لقەکەوە پێ دەچێت لە ئەنجامی کەمبوونەوەی ئاودا و لە سەردەمە جیۆلۆجیە جیاوازەکاندا بە تایبەت بە هۆی کەرتبوونی زێی بچوکەوە دووپرد دروستکراوە ،زەوی نێوان هەردوو لقەکە وەکو نیمچە دورگەیەکی لێ هاتووە بە تورکی پێیان گوتوە (ورتە یاقا) کە بە سەدان سال پیش لە دایکبوون ئاوەدانی لەو شوێنەدا هەبووە، هەموو ئەو هێزانەی ناوچەکەیان داگیر کردووە گرنگییان بەم پردە داوە کە لە هەندێك سەرچاوەدا مێژووەکەی بۆ سالی (228) پیش لە دایکبوون دەگەرێننەوە ،لەشکری رۆمانی وساسانی و ئیسلامی و تەتەری و مەغۆلی و عوسمانی و ئینگلیزی و هەمووان بەسەر ئەو پردەدا پەریونەتەوە " بە تایبەت پێش دروستبوونی فرۆکەو هێزی ئاسمانی لە جەنگەکاندا "هەر داگیرکەرێك حوکمی کوردستان و عێراق و ناوچەکەی کردبێت گرنگی زۆری بە ئەمن و ئاسایش و پاراستنی پردەکەی داوە، بۆ نمونە لە سەردەمی عوسمانیەکاندا بۆ چاودێری پردەکە پاسەوان و چەند خێزانێکی تایبەتی لەو شوێنە نیشتەجێکردووە، موچەی پێداون وەکوپیاو و چەکداری دەسەلاتی عوسمانی بێگومان هەموویان بە تورکی قسەیان کردووە چونکە سەر رێگای کاروانی بازرگانی و هاتوچۆی بەرپرسەکان بووە ،شوێنێکی هەستیار بووە بۆ

پەرینەوە،بۆیە ئاوەدانی لێ بووە ،بازارو کرین و فرۆشتنی لێ کراوە خەڵکی گوندەکانی دەوروبەری هاتوچۆیان کردووە ، هەموو ئەمانە پێکەوە نیشتەنیەکیان دروست کردووە شێوەی گوند یان لادێیەکی وەرگرتووەولە جیاتی(دێیەکەی لای پردەکە ) دەستەواژەی (پردە دێ)یان بەکارهێناوەو دوواتر بووەتە (پردیدێ) کوردیش وەکو یاسای کورتکردنەوەی ناوەکان و فرێدانی پیتەکان ، کە لەچەندین ناوی تردا دەبینرێت، چەمکی (پردێ) بۆ ناوی ئەو نیشتەنیە بەکارهاتووە، کە ئیستاش بە پردێ ناسراوە. واتە ناوی پردێ وەکو (گەورەدێ) یان (گەرەدێ) یان (دێی بەگە کە بووەتە دیبەگە) ...هتد پردەکە بووەتە ناسنامەی شوێنەکەو ناوی خۆی لەو پردەوە وەرگرتووە، هەروەکو چۆن لە سالنامەو تۆمارو نوسراوەکانی عوسمانیشدا بە ناوی (التون کوبری)،بە هۆی بایەخدانی سولتانەکانی عوسمانی بەم شوێنە ناوی پردێکی ئالتونیان لێ ناوە، گوایە سولتان موورادی چوارەم دوو پارچە ئالتونی بە دیاری هیناوەو بە پردەکەدا هەڵیواسیوە ئیتربە تورکی ناوی ئالتون کۆپریان بەسەردا بریوە..بەلام لە بنەرەتدا بە هۆی ئەو دەستکەوتە زۆرەوە بووە کە لە باجی پەرینەوە وەرگیراوە ، داهاتێکی زۆری هەبووە بۆ عوسمانیەکان بۆیە ئالتون کۆپریان پێ گوتووە.وەکو سەرچاوەیەکی زێر سەیریان کردووە و بایەخیان پێ داوە بۆ پاراستنی کاروانچیەکان لە نێوان باکورو باشووردا ،هەروەکو یەکێك لە گەشتیارو گەریدە ئەوروپیەکان بە ناوی (بارۆن ئەدوارد نۆلد )لە گەشتنامەکەیدا باسی دەکات و دەڵێت (سالانە کاربەدەستانی عوسمانی زیاتر لە هەشتا هەزار مارك وەکو باج و کرێی پەرینەوە بەسەر ئەم پردەدا وەردەگرن، کەچی هیچ گوێ بەوە نادەن کە

سالانە چ زیندەوەرو ئاژەل و ولاخە بەرزەیەك لەم پردەوە دەکەونە خوارەوەو لە ئاوەکەدا دەخنکێن(15) .

**2-شوێن و رووبەر:**

پردێ وەکو نەخشەی کارگێری ناحیەیەکە سەر بە پارێزگای کەرکوك ، تا رادەیەك لە ناوەندی رێگای هەولێر کەرکوکە، لە هەر یەکێکیانەوە نزیکەی (45)کیلۆمەتر دوورە ، لە باکورەوە ناحیەی قوشتەپە و لە رۆژهەلاتەوە ناحیەی شوان و لە باشورەوە قەزای ناوەندی کەرکوك و ناوەندی قەزای دوبزو لە رۆژئاواوە ناحیەی دیبەگەیە.

زێی بچوك کە بەم شوێنەدا تێدەپەرێت ناوەندی ناحیەکە (پردێ) دەکاتە سێ بەشەوە " چونکە وەکو ئاماژەمان پێکرد رووبارەکە دەبێتە دوو لق و دوواتر یەك دەگرنەوە، لەسەر ئەو بنەمایەش سێ گەرەکی جیاوازی پێکهێناوە ، باکوری رووبارەکە بریتیە لە گەرەکی کوردستان ،لە کەناری پردی یەکەمەوە کە درێژەیەکەی (116)مەترە دەست پێ دەکات بەرەو باکور، دانیشتوانەکەشی خەلکی ئەو گوندانەی باکوری پردێ و دەشتی هەولێرن ، لە ئەنجامی گەشەکردنی شارنشینی و بەشاربووندا ئاوەدان کراوەتەوە ،گەرەکی دووەمیش لە شێوەی نیمچە دورگەیەکە بە ناوی ئۆرتە یاقا هەر لەسەردەمی دەسەلاتی عوسمانیەکانەوە بە ناوە تورکیەکەیەوە ماوەو زۆربەی دانیشتوانەکەشی بە تورکمانی قسە دەکەن وەکو دانیشتوانە کۆنەکانی موسل و هەولێرو کەرکوك و تەواوی شارۆچکەو شار و یەکە نیشتەنیەکانی سەر

15- بارۆن ئیدوارد نۆلد ،گەشتێك بە عەرەبستان و کوردستان و ئەرمەنستاندا"

رێگای ئەستانە بەغدا(16) بۆ پاراستنی ئەم رێگا بازرگانیەو لە ژێر کاریگەری کلتورو رۆشنبیری عوسمانیدا بۆ ماوەی چوار سەدە هەموو ئەم ناوەندانە تەتریك کراون ، تەنیا گوندو نیشتەنیە دوورەکان لە رێگای بازرگانیەوە کە دەستی دەسەڵاتی عوسمانی پێرا نەگەیشتبێت توانیویانە سیما کلتوریەکانی خۆیان بپارێزن، بۆیە هەموو ئەو خێزانە کوردانەی لە شارو شارۆچکەو سەر رێگای کاروانی عوسمانیەکاندا نیشتەجێبوون لە ماوەی ئەو چوارسەد ساڵەدا بەشێکی زۆریان کوردییان لە بیرچوەتەوەوخۆیان بە تورك و دوواتر بە تورکمان زانیوە هیکە ئەو خێزانە کوردانەی لە ماوەی ئەم هەشتا ساڵەی دروستبوونی حکومەتی عێراقیدا لە بەغدا ژیاون ئێستا نەوەکانیان کوردی نازانن و هەندێکیان خۆیان بە عەرەب نوسیوە، خێزانە تورکمانەکانیش لە پردێ کە بە بێ هیچ جیاوازیەك لەگەڵ کورددا ژیاون لە نزیك یان نێوان هەرردوو پردەکە نیشتەجێبوون کە درێژی پردی دووەمیش (54)مەترە..گەرەکی سێیەمیش بە ناوی سالەیی دەکەوێتە باشورو رۆژهەلاتی رووبارەکەوە لە پردی دووەمەوە دەست پێ دەکات بۆ باشوورو رۆژهەلات ئەمانیش زۆربەیان خەلکی ئەو گوندانەی شوان و سالەیی دەوروبەری کەرکوکن ،بەپێی هەندێك لەو بەلگەنامانەی لە ئەرشیفی عوسمانیدا هەیە لە بارەی ئەم شارۆچکەوە دەبێ پردێ پێش شەری جیهانی یەکەم و لە کۆتایی دەسەلاتی عوسمانیدا زۆر گەورتر بووبێت " بۆ نمونە لە یەکێك لەو بەلگە نامانەدا بە قەزا ناوی هاتووە " لە بەلگەنامەیەکی تردا باسی ئەو زەرەرو زیانانە دەگات کە بە هۆی لافاوەوە لە رۆژی (10ی نیسانی

---

16 التقرير المقدم من لجنة الموصل إلى عصبة الأمم بتاريخ 16 يوليو/ تموز، 1925م: 100-.

1891)بەر پردێ کەوتوە بریتی بووە لە ژێر ئاو کەوتنی (50 خانوو ، 10 دوکان، دوو چایخانە، یەك میوانخانە)(17) .

ئەم رووبەرە  بە هۆی سیاسیەتی تەعریبەوە هەمیشە لە گۆران و لەتکردن و بچوکبونەوە بووە ،لە (67)گوندی چلەکانەوە بۆ (62) گوندی پەنجاكان و (49)گوندی شەستەکان  و دوواتر لە ناوەراستی هەشتاکاندا تەواوی گوندەکانی وێران کران و ئێستاش (36)گوندی ماوەتەوە"بۆیە  ئێستا رووبەری ناحیەکە بە تەواوی گوندەکانیەوە (758)کیلۆمەتری دووجایە کە دەکاتە (175762)دۆنم زەوی بەلام رووبەری ناوەندی ناحیەکە بە تەنیا وەکو شارەدێیەك نزیکەی (2،600)کیلۆمەتری دووجایە، ئەگەر ژمارەی ئەو گوندانە بە نمونە بێنینەوە کە لە سەرژمێری گشتی عێراقدا لە ساڵی 1957 تۆمار کراون و ژمارەی دانیشتوانی هەر گوندێك بە پێی رەگەز لە یەکتر جیا کراونەتەوە بە روونی قەبارەی سیاسەتی تەعریب و ئەو وێرانکاریانەمان بۆ روون دەبێتەوە کە لە لایەن حکومەتە یەك لە دووای یەکەکانی عێراقەوە لە پردێ ئەنجام دراوە بۆ سرینەوەی سیما نەتەوەیی و نیشانە کلتوریەکانی کورد و رێگری لە گەشەکردنی شارستانیەتی کورد لە ناوچەکە بروانە خشتەی (1)

خشتةي (1) سەرژمیری ساڵی 1957ی گوندەکان بە پێی دابەشبوونی رەگەزی (نێر)و (مێ) روون دەکاتەوە

| ز | ناوی گوند | نێر | مێ | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|

6-أورج، أشرف سعدون طه، مخطوطات ادارية ومالية من الأرشيف العثماني عن مدينة التون كوبري، مجلة الدراسات التراثية، بغداد، العدد (1)، 2017,

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 1 | سەنتەری پردێ | | | |
| 2 | قەرەچەم | 115 | 114 | 229 |
| 3 | بای حەسەن | 248 | 243 | 491 |
| 4 | موشێرفە | 49 | 40 | 89 |
| 5 | ئەبو خورجە | 43 | 45 | 88 |
| 6 | شیرناو | 122 | 138 | 260 |
| 7 | مەڵحەی سەروو | 91 | 85 | 176 |
| 8 | مەڵحەی خواروو | 52 | 53 | 105 |
| 9 | تەوێلعە | 34 | 42 | 76 |
| 10 | عەلا غێر | 181 | 200 | 381 |
| 11 | مەحکور | 31 | 33 | 64 |
| 12 | مامە | 155 | 191 | 346 |
| 13 | خەرابە رووت | 69 | 67 | 136 |
| 14 | سمایلاوە | 67 | 82 | 149 |
| 15 | تەق تەق | 79 | 82 | 161 |
| 16 | کونە رێوی | 55 | 42 | 97 |
| 17 | دۆرم | 140 | 154 | 294 |
| 18 | ئیدریس خەزعەل | 53 | 68 | 121 |
| 19 | ئیدریس خەباز | 56 | 77 | 133 |
| 20 | ئیدریس پاپۆچ | 36 | 26 | 62 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 21 | ئیدریس نەمر | 150 | 159 | 309 |
| 22 | عەمشە | 114 | 123 | 237 |
| 23 | مەرعی | 22 | 24 | 46 |
| 24 | سابونچی | 55 | 70 | 125 |
| 25 | چەغماغە | 105 | 107 | 212 |
| 26 | قوشقایە | 105 | 109 | 214 |
| 27 | قەلاهەربەت | 236 | 226 | 463 |
| 28 | دوبز | 553 | 492 | 1045 |
| 29 | قەرەدەرە | 344 | 335 | 679 |
| 30 | قایەباشی | 123 | 115 | 238 |
| 31 | كتكە | 210 | 219 | 429 |
| 32 | قەرغەتوو | 130 | 130 | 260 |
| 33 | گورزەیی | 116 | 109 | 225 |
| 34 | نەبیاوە | 170 | 183 | 353 |
| 35 | شانشین | 76 | 64 | 140 |
| 36 | غەزنەفەر | 56 | 57 | 113 |
| 37 | كەڵور پاڵوتەپە | 99 | 91 | 190 |
| 38 | دارەمان گەورە | 125 | 134 | 259 |
| 39 | دارەمان بچوك | 94 | 70 | 164 |
| 40 | حەسار گەورە | 217 | 210 | 427 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 41 | حەسار کوێخا رەزا | 42 | 40 | 82 |
| 42 | حەسار بچوك | 115 | 109 | 224 |
| 43 | قەرەبەگ | 163 | 212 | 375 |
| 44 | چیا چەرمك بچوك | 65 | 51 | 116 |
| 45 | چیاچەرمك گەورە | 123 | 167 | 290 |
| 46 | دەرماناو گەورە | 169 | 164 | 333 |
| 47 | دەرماناو بچوك | 82 | 86 | 168 |
| 48 | سەربیر | 242 | 239 | 481 |
| 49 | گەڵۆزی | 240 | 260 | 500 |
| 50 | گەوەنی | 15 | 17 | 32 |
| 51 | رۆژبەیانی | 93 | 90 | 183 |
| 52 | قادر باغر | 72 | 77 | 149 |
| 53 | بیرەسپانی گەورە | 236 | 199 | 435 |
| 54 | بیرەسپانی بچوك | 113 | 132 | 245 |
| 55 | یارمجە | 132 | 119 | 251 |
| 56 | بیبانی بچوك | 62 | 75 | 137 |
| 57 | بیبانی گەورە | 177 | 182 | 359 |
| 58 | زەردك | 187 | 173 | 360 |
| 59 | کەڵور خورماڵوچە | 183 | 186 | 369 |
| 60 | گۆڵدەرەی بچوك | 70 | 76 | 146 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 61 | گۆڵدەرەی گەورە | 105 | 117 | 222 |
| 62 | قزلْقایە | 30 | 28 | 58 |
| 63 | وەلی پاشایی | 87 | 76 | 163 |
| 64 | سەقزلی | | | |
| | کۆی گشتی | 7579 | 7685 | 15264 |

واتە دانیشتوانی لادێیی لە ناحیەی پردێدا (جگە لە ناوەندی ناحیەکە) (15264)پازدە هەزار و دووسەدو شەست و چوار کەس بووە لە سەرژمێری ساڵی 1957دا..

**3-تۆپۆگرافیای زەوی:**

لە رووی تۆبۆگرافیاو بەرزی و نزمی زەویەوە ناحیەی پردێ بە هەڵکەوتەی گردۆلکەیی و ناوچەی پەرینەوە دادەنرێت لە تەختانیەوە بۆ ناوچە چیاییەکان، زنجیرەیەك گردۆلکەی بەرزیان تێدایە و شێوەی زنجیرە چیایەکیان وەرگرتوە کە لە هەر چوار لاوە سنورێکی سروشتی چیاییان بۆ پردێ پێکهێناوە، بەڵام لە نێوان ئەو زنجیرە گردۆلکانەدا رووبەری زەوی تەختایی فراوان هەیە کە بۆ چاندن و کاری کشتوکالی زۆر بە پیتن ،بە تایبەت لەبەشی باشوورو باشووری رۆژهەڵاتی ناحیەکەوە تا کەرکوك کە بە ناوچەی ساڵەیی ناسراوە بە یەکێك لە زەویزارە زۆر بە پیتەکانی کوردستان دادەنرێت،رێگای سەرەکی کەرکوك-هەولێرو لە چلەکانی سەدەی رابردووشەوە هێڵی شەمەندەفەر بەم تەختاییەدا راکێشرابوو، زنجیرە گردۆلکەکانی کانی دومەلان

کە لە کەرکوکەوە دەست پێدەکەن و بە رووباری زێی بچوک کۆتاییان دێت ،سنوری رۆژئاوای ئەم رووبەرە تەختە پێکدێنن, دوواتر هەر هەمان ئەم زنجیرە گردۆلکانە لە ناوەندی ناحیەکەوە بەرەو باکورو رۆژئاوا درێژدەبنەوە تا زێی گەورە ،لە دەشتی هەولێردا پێیان دەگوترێت گردۆلکەکانی زوورگەزراو کە لەسنوری کارگێری ناحیەی پردێ دەردەچن، جگە لەم زنجیرەیە لەبەری رۆژئاوای ناحیەکەو سنوری قەزای دوبزدا زنجیرەیەکی تر بە هاوتەریبی زنجیرەکانی کانی دومەڵان و زورگەزراو درێژ دەبێتەوە بەرەو باکور تا قەزای مەخمورو پێکگەیشتنی زێیی گەورەو رووباری دیجلە دەروات بەمەش رووبەرێکی شێوە چوارگوشەییان دروست کردووە لە نێوان زێی گەورەو رووباری دیجلەو زێی بچوك و ئەم زنجیرە گۆدۆلکانەدا.لە رووی جیۆپۆلۆتیکەوە ئەم رووبەرە گرنگی وبایەخێکی زۆری هەیە بۆ پاراستنی هەولێر و هەرێمی کوردستان بە گشتی..

**4-رێگاوبان ..**

ناحیەی پردێ یەکێکە لە ناحیە کۆن و دێرینەکانی کوردستاني عێراق و وەکو ئەوەی ئاماژەمان پێکرد یەکێك بووە لە خالی بەیەك بەستنەوەی باکورو ناوەندو باشور لە عێراقدا " لە سەر رێگای بازرگانی و هاتوچۆی کاروانەکان بووە، هەمیشە لە هەر چوار لاوە رێگای پەیوەندی و هاتوچۆی ناوچەکانی پێدا تێپەریوە، رێگای کەرکوك و هەولێر یان دوبزو تەقتەق جگە لە رێگای بەستنەوەی گوندەکان بە پردێوە رێگای بازرگانی و جموجۆل و چالاکی دانیشتوانی ناوچەکە بووە، لە سالی 1949ەوە هێلی شەمەندەری

نێوان هەولێرو کەرکوکی پێدا تێدەپەری و ئامرازێکی گرنگی پەیوەندی نێوان شارەکانی کوردستان و عێراق بووة بەلام بە داخەوە لە سەرەتای هەشتاکاندا وەك بەشێك لە سیاسەتی تەعریب و ئاستەنگ دروستکردن بۆ دروستبوونی یەکێتی نەتەوەیی کورد ئەو هێلە ئاسنینە هەلوەشایەوە بۆ ئەوەی پەیوەندی نێوان کەرکوك و هەولێر ئاسان و گەرموگوڕ نەبێت و تێکەڵاوی لە نێوان دانشتوانەکەیاندا دروست نەبێت "بە داخەوە تا ئیستاش ناحیەی پردێ وەکو هەموو شارەکانی کوردستان بێ بەشە لە رێگای گواستنەوەو گەیاندنی مۆدێرن ، نە لە نێوان پردێ و شارو شارۆچکەکانی دەوروبەری و نە لەناو خۆیدا شەمەندەفەرو ترام و میترۆ و پاسی پێشکەوتو هەیە.

ئەوەی شایانی باسە تا کۆتایی حەفتاکان رێگای سەرەکی هەولێر –کەرکوك بە ناو ناحیەکەدا تێدەپەری بەلام دوواتر پردێکی تر لە رۆژهەلاتی شارەکە دروست کرا,تا کاروانی ئۆتۆمبێلەکانی نێوان ئەم دوو شارە بە دەرەوەی پردێدا بڕوات " بەمەش تا رادەیەکی زۆر و چالاکی بازرگانی ناو ناحیەکەی لاواز کرد .جگە لە رێگا سەرەکیەکانی نێوان شارەکان یان قەزاکان کە بە پردێدا تێدەپەرن " ناحیەکە بە تۆڕ و رایەڵەیەکی ێگاوبانی خۆڵینی نا ئەندازەیی بە هەموو گوندیکانی دەوروبەریەوە بەستراوەتەوە ،بەڵام وەکو لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد ژمارەی گوندەکانی ناحیەکە هەمیشە لە کەمبوونەوەدا بووە لە رووی کارگێریەوە تا لە ساڵی 1987تەواوی گوندە کوردنشینەکانی روخێنران و دووای 2003 بەشێکیان ئاوەدان کرانەوە، تا رادەیەك رێگاوبانی باشتر و خزمەتگوزاری باشتریان بۆ کرا بە بەراورد بە هەشتاکان بەڵام لە ئاستی داواکاری و پێویستیەکانی سەردەمەکەدا نیە.

هەر لە بارەی رێگاکانی هاتوچۆو پێکەوە بەستانی بەشە جیاوازەکانی ناحیەکەوە "ئەوەی پەیوەستە بە هاتوچۆی ناوخۆوە لە ناو ناحیەکەدا جگە لە تاکسی هیچ هۆکارێکی تری گواستنەوەو گەیاندن نیە ، ئەمەش کاری بازارکردنی زۆر زەحمەت کردووە بە تایبەت لە دۆخی دابەشبوونی گەرەکەکان و فروانبوونی ناحیەکەو درێژبوونەوەی شێوەی بازارەکانی .بۆ هەرکەسێك پێویستی بە (4000)چوار هەزار دینار دەبێت بۆ چوونە بازارو گەرانەوە ئەگەر بۆ هەر پیداویستیەك بروات، سەرەرای ئەو گرنگی و بایەخەی ناحیەکە هەیەتی بەڵام بە داخەوە تا ئیستا نەتوانراوە ئامرازی هاتوچۆی گونجاو وهەرزان بۆ خەڵکەکە فەراهەم بکرێت و پەیوەندی نێوان گەرەکەکان توندو تۆڵ بکرێت و بەیەکەوە ببەسترێنەوە، یان سەردانی بازار و کات بەسەربردن لە کەنارەکانی رووبارەکە ئاسان بکرێت "کە بێگومان بودجەیەکی زۆر کەمی دەوێت و دەکرا وەکو پرۆژەی گەشتیاری و بازرگانی و بەرهەمهێنان حکومەتی هەرێم بە هێڵێکی بازنەیی ترام بە کەناری رووبارەکەو هەرچوار لای ناحیەکەی بە یەکەوە ببەستایەتەوە و راستە هێڵێکیش لە باشوورەوە بۆ باکور بە ناوەندی ناحیەکەدا برۆیشتایە .

**باسی سێیەم: ئابوری و سەرچاوە سروشتیەکانی ناوچەکە:**

**1- کشتوکاڵ و ئاودێری:**

زەویوزاری کشتوکاڵی پردێ یەکێکە لە ناوچە بە پیتەکانی کوردستان و عێراق هەموو ئەو پارچە زەویانەی کەتوونەتە سنوری کارگێری ناوچەکەوە لە بارو گونجاون بۆ کاری جۆرێك لە جۆرەکانی کشتوکاڵ، بە دەگمەن رووبەرێکی بچوکی زەویوزار لە ناوچەکەدا دەبینرێت بە کەڵکی کشتوکاڵ

نەیەت ،بە تایبەت بۆ چاندنی دانەوێڵەی وەکو گەنم و جۆ، چونکە کەشوهەوای پردێ مام ناوەندە، نە لە وەرزی زستاندا زۆر ساردەو نە لە وەرزی هاوینیشدا زۆر گەرمە، ئەو رۆژانەی پلەکانی سەرما دەگەنە ژێر سفر لە زستاندا ناگەنە بیست رۆژ و بە هەمان شێوەش ئەو رۆژانەی لە هاویندا پلەکانی گەرما زیاتر لە چل پلە بەرزتر ببنەوە ناگەنە بیست رۆژ ، کەواتە هەر چوار وەرزی سال لە پردێدا ،جگە لە (40)رۆژ ، پلەکانی گەرما لە نێوان (1 بۆ 39)پلەیە کە زۆر نزیکە لە باشترین ئاتمۆسفیری ژینگەی سروشتی نیشتەجێبوون بۆ مرۆڤ لە سروشتدا ، لە رووی بەرکەوتنی تیشکی رۆژیشەوە ناحیەی پردێ یەکێکە لە ناوچە مام ناوەندەکانی گۆی زەوی چونکە لە رووی ئاماریەوە ناوەندی ژمارەیی بەرکەوتنی تیشکی رۆژ لە سەر گۆی زەوی نزیکەی (1360)واتە لەسەر هەر مەترێکی دووجا بە پێی ئەو توێژینەوانەی لە سەر ناوچەکەو لە نیوانیاندا پردێ کراون توندی بەرکەوتنی تیشکی رۆژ لەم ناوچەیەدا (750) واتە لە سەر هەر مەترێکی دووجای زەوی ، ئەمەش بۆ مەبەستی بەرهەمهێنانی وزە زۆر گرنگە،ئەگەر لەم بوارەدا بە شێوەیەکی زانستی پرۆژە هەبێت و لە سەر ئاستی دامودەزگا حکومیەکان جێبەجێ بکرێت، سەرچاوەیەکی گرنگی وزە بۆ عیراق و ناوچەکە دابین دەکات .

رادەی باران بارینی پردێ کە لە مانگی تشرینی یەکەمەوە دەست پێ دەکات و تا ناوەراستی مایس بەردەوامی هەیە ، رادەیەکی مام ناوەندە واتە بەدرێژایی حەوت مانگ بە وەرزی باران بارین دادەنرێت لە ناحیەکەدا رادەی بارین دەگاتە (50 تا 150)ملیمەتر لە سالێکدا.بەلام بە هۆی رووباری

زێی بچوکەوە لە کۆی (175762) دۆنم زەوی لە پردێ زیاتر لە (11009)دۆنمی ئاودێریە و چاندن و کاری کشتوکالی تێیدا پشت بە باران نابەستێت ، ئەگەر چی (132906)دۆنمی زەوی کشتوکالیش پشت بە باران دەبەستێت .

زێی بچوك سەرچاوەیەکی سروشتی زۆر گرنگە بۆ ناوچەکە ، نەك هەر بۆ کشتوکاڵ بەڵکو بۆ بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا کە لەم پێناوەدا لە پەنجاکانی سەدەی رابردوەوە هەوڵێك هەبوو وەکو دەرچوونی بریاری دروستکردنی بەنداوی (دوبز) بە دووری (٨کم) لە باشووری پردێ، لە سالی (١٩٥٨ز) دوواتر جێبەجێکردنی تا لە سالی (١٩٦٥ز) تەواو بوو[18]

جگە لەمانەش ناوچەی پردێ توانایەکی سروشتی گەورەی هەیە بۆ ئەوەی بکرێتە ناوچەیەکی گەشتیاری و راکیشانی گەشتیاران لە تەواوی عیراق و وڵاتانی ناوچەکەوە بە هۆی کەشوهەواو تۆپۆگرافیای زەوی و شوێنەواری دێرین و سەرچاوەکانی ئاو و مەزارگەو ..هتد

## 2-ئاژەڵداری و مەڕو ماڵات:

لە پاڵ کاری کشتوکاڵیدا ئاژەڵداری یەکێکە لە پیشە سەرەکیەکان، ئاژەڵ و ماڵاتی وەکو مەرو بزن و مانگاو گامێش پەیوەندی بەهێزیان هەیە لەگەڵ کاری کشتوکاڵی ، هەر لە مێژە جوتیارانی ناوچەکە ئەم دوو پیشەیە پێکەوە ئەنجام دەدەن، چونکە هر لە شێوە سەرەتایی و سروشتیەکەی کاری

18-عەبدولستار جەباری، بەنداوی دوبز، گوڤاری مێرگ، ژمارە (٥٧)ی شوباتی (٢٠١٠ز)، ل ٤٣_٤٤

کشتوکاڵیدا پاشماوەی باشی لێ دەکەوێتەوە وەکو ئالیك بۆ بەخێوکردنی مەڕو ماڵات ، بە دەگمەن ئەگەر چەند خێزانێك هەبێت بە شێوەیەکی تەواو پشت بە کاری کشتوکاڵی یان ئاژەڵداری بە تەنیا ببەستن بەڵکو زۆربەی هەرە زۆری خێزانەکان ئەم دوو پیشەیە پێکەوە دەکەن، بێگومان ئەمەش لە ئەنجامی کەمتەرخەمی حکومەتە یەك لە دووای یەکەکانی عێراقە کە ئاسانکاری و بە زانستی کردنی کاری لە بواری ئەم دوو پیشەیەدا نەکردووە، بۆ نمونە جوتیاری خاوەن زەوی و توانای ئابوری بەهێز" یان مەڕداری زۆر گەورەو خاوەن کێڵگەی پەروەردەکردنی گامێشی تێدا پەیدا نەبووە بە پێچەوانەوە بە پێی یەکێك لەو توێژینەوە مەیدانیانەی لە پردی ئەنجامدراوە بە (110)خێزان (20000)بیست هەزار مەریان هەبووە([19]) ! کە دەکاتە (181)مەڕ بۆ هەر خێزانێك، بە (47) خێزان (3000)بزنیان هەبووە کە بۆ هەر خێزانێك تەنیا (63)بزن دەکات و بە (35)سی و پێنج خێزانیش تەنیا (250)مانگایان هەبوە کە بۆ هەر خێزانێك تەنیا (7) مانگا دەکات " لە کاتێکدا ناوەندی خێزانی کوردی لە ناوچەکەدا (7)کەسە، ئەگەر توانای هێزی کار هەژمار بکەین بۆ هەرکەسێکیان کەمتر لە (26)مەڕو (9)بزن و تەنیا یەك مانگا دەکات.

جگە لەوەی لە شەستەکان و حەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە، جوتیارو ئاژەڵداری کورد لە ناوچەکە روبەرووی کۆچپێکردنی زۆرەملێ و تێکدانی گوندەکانیان بووتەوە لە دووای (2003)شەوە لە جیاتی قەرەبووکردنەوەو بەگەڕخستنەوەی ئەم پیشانە لە ئەنجامی چەندین هۆکاری وەکو حیزبایەتی وململانێی جیاواز تەواوی ناوچەکە ئاوەدان نەکرایەوە بە

---

19- باخەوان ،عبدالجبار مصگفی ،بردی سەرچاوەی پێشوو : ل: 30..

تایبەت لە دووای ڕووداوەکانی ساڵی 2017ەشەوە  بە گشتی پیشەی کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵداری لە ناوچەکە لە پاشەکشییەکی فراواندایەو جوتیارانی کورد وازیان لەم پیشانە هێناوە" ئەوەی جێی مەترسی گەورەیە جوتیارە کوردە خاوەن زەویوزارەکان یان خاوەن ئاژەڵەکان خۆیان لە شارەکانی کەرکوك و هەولێرو سلێمانی نیشتەجێ بوون و چەند خێزانێکی عەرەبیان لە گوندەکانیان نیشتەجی کردووەو کاریان بۆ دەکەن ، بە دڵنیاییەوە نە نەوەی دووەمی خێزانە کوردەکان دەگەڕێنەوە گوندو نە نەوەی دووەمی خێزانە کرێکارە عەرەبەکان دەگەڕێنەوە باشوورو ناوەراستی عێراق، چەنکە نەوەی هەردوولایان بە پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەلایەتی و لێراهاتندا تێدەپەرن و سۆزو خۆشەویستیان بۆ ئەو دەڤەرە دەبێت کە سەردەمی مناڵیان تێدا بەسەر بردووە.

## 3-پیشەسازی و کارە دەستیەکان:

وەکو لە پیشەکیە مێژووییەکەیدا ئاماژەمان پێکرد پردێ یەکێکە لە شارۆچکە زۆر کۆنەکان لەسەر ئاستی کوردستان و عێراقیش بەڵام تا ئیستا تەنیا یەك کارگەو کارخانەی لێ دروست نەکراوە بتوانێت بە لایەنی کەمەوە (10)کرێکار لە خەڵکی ناوچەکە بخاتە سەر کار، ئەوەی هەیە بریتیە لە کەرتی تایبەت و لە ئاستێکی زۆر دوواکەوتوو سەرەتاییدا پێویستیەکانیان لە چوار کرێکار زیاتر تێناپەڕێت یەکەمین کارگەیەکی بەناوبانگ لە ناوچەکە بریتیە لە کارگەی (شەربەت و بیبسی)بە ناونیشانی کارگەی (کاروانچی)کە بەشێکی زۆری پێداویستەیکانی ناحیەکەو شارەکانی کەرکوك و هەولێریش پڕ دەکاتەوە، بۆ دەرەوەی عێراقیش بەرهەکانی هەناردە دەکات بۆیە نزیکەی

(800)کرێکار لەم کارگەیەدا کار دەکەن،(30)ئەندازیار هەموو بیانین لەگەڵ (125)کریکاری بیانی ئیتر (645)کرێکاری خەڵکی ناوچەکە هەلی کاریان بۆ هەڵکەوتوە لەم کارگەیەدا([20]).. جگە لەمەش هەر لە ناحیەگەدا کارگەیەکی ئاوی دڵۆپێنراو (موقەتەر) دروست کراوە بەڵام لە دووای رووداوەکانی ئۆکتۆبەرەوە بەرهەمی زۆر کزبووەو بەشێك لە کرێکارەکانی جێیانهیشتوە، ئەوەی شایانی باسە بۆ هەموو ئەوانەی بیانەوێت کارگەیەك لە ناحیەکە بکەنەوە وەکو مەرج بەسەریاندا سەپێنراوە کە رێژەیەك لە کرێکاری ناحیەکە وەربگرن.

جگە لەمانەش چەند کارگەیەکی بچوکی تریش لە ناحیەکە هەیە وەکو کارگەیەکی دروستکردنی بلۆك و چەند نانەواخانەو چیشتخانەوشوشتنی ئۆتومبێل و بەنزیحانەو نەمامگەیەك .

لە پاڵ ئەمانەشدا بە هۆی شوێنی پردێ هەڵکەوتنی لە سەر رێگای بازرگانی نێوان باکورو باشوور بەو مانایەی بەشێك لە کاروانەکانی تورکیا و ئەوروپا بەم هێڵەدا تێدەپەرێت بۆ بەغداو باشووری عێراق بۆیە یەکێك لە پیشە سەرەکیەکانی شارەکە دوکانداریە بۆ فرۆشتنی خواردەمەنی و میوەو سەوزەوات و شیرەمەنی کە تارادەیەك لە کەرتی تایبەتدا لە پێشەوەی هەموو کایەکانیترە بۆ هەلی کار بە رووی دانیشتواندا. بەڵام لە رووی بازاری میلی و سیماکانی بازاری نوێوە وەکو روویەکی شارستانی و شارنشینی و سیمایەکی پێشکەوتنی مەدەنی لە ناحیەکە، ماوەیەکی مێژوویی دووردرێژە گۆرانێکی ریشەیی بەسەردا نەهاتووە، بە هۆی هەڵکەوتەی شوێنی ناحیەکەو

---

[20] - چاو پێکەوتن لەگەڵ فەرمانبەر (ە ، ع)لە رێکەوتی 2020/3/29..

دیاردە سروشتیەکانی وەکو رووبارەکەو بەرزاییەکانی باکورو رۆژئاوا و سنوردارکردنی ئاراستەکانی فراوانبوونی ناحیەکە، لە ئەنجامی ئەمەشدا بازارە کۆنەکانی وەکو خۆیان ماونەتەوەو تا ئیستاش بەشێکیان هەر لە قورو دارە کەرەستەکۆنەکانی بیناسازی دروستکراون، لەگەڵ ئەوەی ژمارەی دانیشتوانی زۆربووەو رووبەری ناحیەکەش فراوانبووە بەڵام شانبەشانی ئەمانە بازاڕی ناحیەکە گەشەی نەکردووە و نەیتوانیوە تەواوی پێداویستیەکانی خەڵکەکە دابین بکات ، بۆیە تا رادەیەکی زۆر لە لایەن نەخشەدارێژەران و پلاندانەرانی شارنشینیەوە فەرامۆش کراوە و هیچ هەولێکی نوووژەنکردنەوەو دابەشکردن و جیاکردنەوەی جۆرەکان نەدراوە ، کریارانی بازار لە پردێدا رووبەرووی سەختیەکی زۆر دەبنەوە تا پێویستیەکانیان دەست دەکەوێت کە هەر یەکێکی لە جێگایەکە و بە درێژایی شارۆچکەکە درێژ بووەتەوە .

## باسی چوارەم: سیستەمی سیاسی و خزمەتگوزاری:

### 1-دەسەڵات و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی:

لە رووی کارگێری و بەڕێوەبردن و چۆنیەتی دابەشکردنی پۆستەکانەوە،تا رادەیەك ناحیەی پردێ لە هەموو یکە کارگێڕیەکانیتری ناوچە کوردستانیە دابڕێنراوەکان جیاوازە، جوگرافیاو هەڵکەوتەی شوێنی ناحیەکە جگە لەوەی لە نێوان حکومەتی هەرێم و ناوەنددا گرفتی هەیە لە رووی سیاسی و

حیزبایەتیشەوە لە لایەك سنوری بەریەك کەوتنی دەسەڵاتی هەردوو ئیدارەی پارتی و یەکێتیە،و لە لایەکی تریش لەو رووبەرە بچوکەدا پێکهاتەی وەکو تورکمان و عەرەبی هاوردە بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتی تەعریب لە رژێمی پیشوو، هەمو ئەمانە تایبەمەندیەکی دیاریکراویان داوەتە سیستەمی سیاسی و شێوازی بەرێوەبردن و ئاستی خزمەتگوزاریەکانی ناحیەکەو گرفتی زۆری بۆ دانیشتوانی ناوچەکە دروست کردووە، لە ئەنجامی ئەمەشدا تەنیا پۆستەکانی ناحیەکە بەسەر حیزب و پیکهاتەکاندا دابەشنەکراوە بەڵکو کاریگەری نەرێنی خستوەتە سەر چۆنایەتی خزمەتگوزاریەکان و لە هەندێك بواردا پەککستنیان، لە بەرامبەر داواکاری هاوڵاتیانی دەڤە رەکەدا هیچ لایەنێك خۆی نەکاتە خاوەن و بەرپرس لە کەموکورتیەکان بەڵکو بە پێچەوانەوە رەخنە بگرێت و بیخاتە ئەستۆی لایەنێکی تر ، بە تایبەت لە دووای رووداوەکانی ئۆکتۆبەری 2017 و جێگۆرکێی پیشمەرگەو حەشدی شەعبی زیاتر دەسەڵاتی ناوچەکە ئاڵۆزتر بوو ،رۆژ لە دووای رۆژ پۆستەکان لە پێکهاتەی کورد وەردەگیرێتەوەو خەڵکی تریان لە شوێن دادەنرێت یان بە وەکالەت بەڕیوە دەبرێن .

لە رووی سەربازیشەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی ناحیەکە لە دووای رووداوەکانی ئۆکتۆبەرەوە پردێش وەکو تەواوی ناوچە کوردستانیە دابرێنراوەکان کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی حەشدی شەعبی و پۆلیسی فیدرالی عیراقی،بۆیە لەو کاتەوە رواڵەتیکی عەسکەرتاری بە بازارو ناو کۆڵانەکانیەوە دیارەو ئەمەش جۆرێك لە خەمباری و نا ئاسودەیی بە سیماو روخساری بەشێك لە دانیشتوانەکەی بەخشیوە، چونکە ئەو هێزە عێراقیانەش وەکو دەوڵەت و هێزی دامەزراوەیی

کار ناکەن و هەندێك خەسڵەت و تایبەتمەندی میلیشیاییان پێوە دیارە،لە ناحیەکەدا سێ جۆری چەکداری هەیە بە ناوی حەشدی شەعبیەوە :

## أ-حەشدی شەعبی شیعی:

ئەو هێزەیە چەکدارەکانی خەڵکی ناوچەکە نین و لە شارەکانی ناوەراست و خوارووی عێراقەوە هاتوون، بەشێکن لەو هێزەی کە نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عیراق لە حوزەیرانی 2014دا بۆ وەڵامدانەوەی شەڕی (داعش) دروستی کرد.

## ب-حەشدی شەعبی عەرەبی سونی:

ئەمە هێزێکی چەکداری بچوکە بۆ ئەو تەنیا گوندە عەرەبیە دروست کراوە کە لە ناحیەکە هەیە بە ناوی گوندی (قایەباشی) هەر لە مێژە چەند خێزانێکی عەرەبی گامێشەوان لەو گوندەدا ژیاون و هیچ کیشەیەکیان لەگەڵ کورد نەبووە، لە 2003ەوە تا 2017 بە سەلامەتی ولە ژینگەیەکی پڕ ئەمن و ئاسایشدا ژیانیان بەسەربردووە، بەلام لە دووای رووداوەکانی ئۆکتۆبەرو بۆ خۆپارێزی لە چەکدارەکانی داعش حکومەتی بەغدا هێزێکی چەکداری بۆ دروست کردوون .

## ج-حەشدی شەعبی تورکمانی:

هێزێکی تایبەتە بە بەشێك لە برا تورکمانەکانی پردێ ، لە رووی سیاسیەوە سەر بە حیزبی بەرەی تورکمانین، لە رووی کارگێڕی و موچەو رێکخستن و ئەرکەوە سەر بە سەرکردایەتی گشتی حەشدی شەعبین لە عێراق ، بۆیە

هەموویان خەڵکی ناوچەکە نین ، هەندێك کەسیان لەگەڵە لە لایەن دانیشتوانی ناحیەکەوە ناسراو نین ، پێ دەچێت لە برا تورکمانەکانی ناوچەکانی دیکە بن ..

## 2-رەوشی حیزبایەتی لە ناحیەی پردێ:

سروشتی خەڵکی ناوچەکە بە تایبەت دانیشتوانە رەسەن و کۆنەکەی ناوچەکە حەز بە حیزبایەتی و کاری سیاسی ناکەن، وەکو خەڵکی شارنشین و چینی ناوەند زیاتر بە دووای کاروکاسبی ئازاد و بازرگانی و مامەڵەن، ئەگەرچی لە دووای 2003ەوە چەندین بارەگای حیزبی کوردی و تورکمانی لە ناحیەکە کرایەوە بەڵام هەندێك لەو حیزبانە جگە لەپاسەوانی بارەگاکانیان لە رێگای موچەیەکی باشەوە هیچ کەسێکی تریان لەگەڵ نەکەوت، هەروەکو لە رێژەی دەنگەکانیاندا بەدەردەکەوت لە هەڵبژاردنەکانی عیراقدا، ئیستا لە ناوەندی ناحیەکەدا بارەگای چەند حیزبێکی کوردی و تورکمانی لێیە ، وەکو یەکێتی نیشتمانی کوردستان و یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان و حیزبی شیوعی کوردستان و بەرەی تورکمانی و حیزبی تورکمان ئیلی بەڵام بارەگای پارتی دیموکراتی کوردستان و بزوتنەوەی گۆران و حیزبەکانی دیکەی لێ نیە.

## 3-یەکە خزمەتگوزاریەکانی ناحیەکە:

لە عیراقدا بە گشتی یەکێك لەو بنەمایانەی شاری پێ جیا دەکرێتەوە لە گوند هەبوونی یاسای بەشارکردنە" واتە ئەوەی پێناسەی شار دەیگرێتەوە ئەو ئاوەدانیانەن کە بە یاسایەك کراون بە ناوەندی ناوچەیەك و فەرمانگەی بەرێوەبردن و شارەوانی لێ کرابێتەوە" بۆیە بە پێی ئەم پێناسەیە پردێ شارە"

دانیشتوانەکەی لە پۆلێنکردنی دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتواندا بە خەڵکی شارنشین لە قەڵەم دەدرێن، چونکە کۆمەڵێك فەرمانگەو دامودەزگای خزمەتگوزاری تێدایە" وەکو (فەرمانگەی مەرکەزی ناحیە " واتە بەرێوەبەر، و بنکەی پۆلیس و شارەوانی و ناسنامەو داد و ...هتد کە لە خوارەوە باسی هەندێکیان دەکەین:

أ-پەروەردە:

سیستەمی خوێندن لە پردێ بە زمانی کوردی و عەرەبی بوو تا کۆتایی حەفتاکانی سەدەی رابردوو بەڵام بە هۆی سیاسەتی تەعریب و رووخاندنی گوندە کوردیەکانەوە لە ناوەراستی هەشتاکان زمانی کوردی لە ناوچەکە قەدەغەکرابوو تا رووخانی رژێمی بەغدا لە 2003 و گەرانەوەی بەشێك لە خەڵکەکە بۆ گوندەکانیان جارێکی تر خوێندنی کوردی گەرایەوەو دەرگای قوتابخانە کوردیەکان کرانەوە" ئیستا خوێندن لە دەڤەرەکە بە زمانی کوردی و عەرەبیەو، نزیکەی (26)بیست و شەش قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە ناحیەکە هەیە بەم شێوەی خوارەوە:

| ز | ناوی قوتابخانە | زمان | ز | ناوی قوتابخانە | زمان |
|---|---|---|---|---|---|
| 1 | ئامادەیی سەرزێ | کوردی | 14 | سەرەتایی 28ی مارس | عەرەبی |
| 2 | ناوەندی شێخ محمود | کوردی | 15 | سەرەتایی ئاڵتون کۆپری | عەرەبی |
| 3 | ناوەندی ئاشنای | کوردی | 16 | سەرەتایی ئیعتماد | عەرەبی |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | کچان | | | | |
| 4 | سەرەتایی بێخالی کچان | کوردی | 17 | سەرەتایی سەماحە | عەرەبی |
| 5 | سەرەتایی چرای تێکەڵاو | کوردی | 18 | سەرەتایی زاب ئەسفەل | عەرەبی |
| 6 | سەرەتایی ساناى تێکەڵاو | کوردی | 19 | دواناوەندی ئالتون کۆپری تێکەڵاو | عەرەبی |
| 7 | سەرەتایی دیلانی تێکەڵاو | کوردی | 20 | ناوەندی ئالتون کۆپری کچان | عەرەبی |
| 8 | سەرەتایی نیشتمانی تێکەڵاو | کوردی | 21 | ئالتون کۆپری ئێواران | عەرەبی |
| 9 | سەرەتایی سۆرانی تێکەڵاو | کوردی | 22 | باغچەی ساوایانی سەدا النجاح | عەرەبی |
| 10 | سەرەتایی دانەری تێکەڵاو | کوردی | 23 | سەرەتایی سەدا النجاح | عەرەبی |
| 11 | ئالتون کۆپری ئێواران | کوردی | 24 | سەرەتایی دیاری کوران | کوردی |
| 12 | باغچەی ساوایانی پردێ | کوردی | 25 | باغچەی ساوایانی ئالتون کۆپری | عەرەبی |
| 13 | باغچەی ساوایانی سروە | کوردی | 26 | ناوەندی پیرەمەگرون | کوردی |

ئەگەرچی وەکو لیستی ناوی قوتابخانەکان (26)قوتابخانەیە بەڵام بە هۆی دوو دەوامی و سێ دەوامیەوە کۆی ئەم قوتابخانانە تەنیا لە (11)بینایەدا چڕبووەتەوە" جگە لە شوێن بە گشتی پرۆسەی خوێندن لە ناحیەکە گرفتی زۆرە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین :

1-لە رووی خزمەتگوزاری گەرمکەرەوەوفێنك کەرەوە لە تەواوی قوتابخانەکاندا کێشەیان هەیە

2-نەبوونی کارەبا وەکو گرفتێکی گشتی سەرجەم قوتابخانەکانی گرتوەتەوە"کاریگەری خستوەتە سەر روناکی و وانە روونکردنەوەو تاقیگەو ئاو و خزمەتگوزاریەکانی تر.

3-سەرەرای نەبوونی کارەباو ئامێرەکانی گەرمکەرەوە لە زستاندا "دابەنەکردنی نەوت بەسەر قوتابخانەکاندا گرفتێکی تری دەست نەگەیشتنە بەسەرچاوەیەکی تری گەرمکردنەوە.

4-رێگاوبانی قوتابحانەکان بە گشتی بۆ قوتابیان گونجاو نیە ،چ لە روانگەی پەرینەوەو ئۆتۆمبێل یان قوڕو راوەستانی ئاو لە کاتی بارن و وەرزی وستاندا.

5-زۆربەی قوتابخانەکان گرفتی فەرمانبەری خزمەتگوزاریان هەیە بۆ پاکوخاوێنی و ڕیکخستنەوەی تەختەو شوێنی و هۆڵی وانە خوێندنی قوتابیەکان.

6-یەکێك لە گرفتە تەندروستیەکانی قوتابیان نەبوونی ئاوی پاکە بۆ خواردنەوە، بە هۆی پاك نەکردنەوەی تانکی ئاو و بۆریەکانی.

ئەگەر ئەم گرفتانە گرفتی سەرجەم قوتابخانەکان بێت " بە تایبەت قوتابخانە کوردیەکان هەندێك گرتی جیاوازیان هەیە وەکو دابەشوونیان بەسەر دوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانی و هەندێك وردە جیاوازی لە بەرنامەو پرۆگرامی خوێندن و چۆنیەتی مامەڵە کردنی سەرپەرشتیارو دەزگا پەروەردەییەکان لەگەڵیاندا، جگە لەجیاوازی موچەو دوواکەوتن و مەسەلەی پاشەکەوت و دڵنیانەبوون لە ئایندە، گرفتێکی تری زۆر گەورەی خوێندنی کوردی لە پردێ و ناوچە کوردستانیە دابرێنراوەکان بە گشتی ئایندەی دەرچووانی خوێندنی کوردیە، نازانن چۆن زانکۆ تەواو بکەن؟! لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان وەرناگیرێن و بۆ زانکۆکانی عێراقیش بە زمانی عەرەبیەو خوێندکارە کوردەکانیش زمانی عەرەبیان باش نیە" سەروڕای مەترسی هاتوچۆکردن و تەرخانکردنی خەرجیەکی زۆر بۆ خوێندن لە زانکۆکانی باشوور و ناوەراستی عێراق کە بارگرانیەکی زۆر دەخاتە سەر خێزانەکانیان .

7-کێشەیەکی تر لە ناوەندەکانی خوێندنی کوردی ئەوەیە کەوا بەرێوەبەر و یاریدەدەرەکان لەسەر بنەمای لایەنگیری هێزی باڵادەست (پارتی و یەکێتی)دادەنرێت نەك لەسەر بنەمای زانستی و دلسۆزی و ئەزمون و شارەزایی ، ئەمەش لەگەڵ بنچینەکانی پەروەردەو فێرکردنی و کاروپیشەی زانستیدا نایەتەوە ، کاریگەری نەرێنی دەخاتە کۆی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن و رەنگدانەوەی خراپی لەسەر بیرکردنەوەو جیهانبینی نەوەی ئایندە

دەبێت ، لە جیاتی دلسۆزی و ئینتمای بۆ نەتەوەو نیشتمان حیزب دەکاتە ئامانج نەك ئامراز بۆ خزمەتی کۆمەڵگا.

8-بە هۆی ئەو دابەشکردنە حیزبیەی لە بورای پەروەردەیی ناوچەکەدا هەیە چەندین دیاردەی سەیر لە روتی خوێندنی ئاساییدا سەریهەڵداوە بۆ نمونە ئەوەی جێگای سەرسوڕمانەگرفتی دەوام کردن و دەوام نەکردنە لە هەندێك رۆژی تایبەتدا، جیاوازی پشووەکان لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا ، جگە لە جیاوازیەکانی نێوان زۆنی زەردو زۆنی سەوز ،دڵەراوکێی لای قوتابیەکان دروست کردووە" ناچاران بیروهۆشیان لای کەناڵەکانی راگەیاندن بێت بۆ زانینی هەندێك لە پشووەکان.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو ئاستەنگانەی بۆ بەرەوپێشچوونی سیستەمی پەروەردەیی لە ناحیەکە هەیە" لە بواری خوێندنی باڵادا پردی بە بەراورد بە ناوچەکانی تر گۆرانکاری ریشەیی بە خۆوە بینیوە" بە هۆی کردنەوەی زانکۆیەکی ئەهلیەوە لەوێ، سەرەتا لە ساڵی 2013 وەکو کولێژێك دروست بوو ، دوواتر هەموو پێداویستیەکانی وەکو زانکۆ تەواو کردو لە ساڵی 2018 وەزارەتی خوێندنی باڵاو تویژینەوەی زانستی لە عێراق وەکو زانکۆ دانی پێدانا" ئەم زانکۆیە لەسەر رووبەری نزیکەی (100)دۆنم زەوی دروست کراوەو (9)نۆ کۆلێژی وەکو (پزیشکی ددان ، دەرمانسازی ، تەکنیکی پزیشکی، پەرستاری و ئەندازیاری و ، ..هتد) و (21)بەشی زانستی لە خۆ دەگرێت ،کە نزیکەی (7000)حەوت هەزار قوتابی و خوێنکاری وەرگرتوە، ئەمەش جگە لەوەی دەرگایەکی خیرە بۆ خەڵکی ناوچەکە تا مناڵەکانیان لە نزکی خۆیان خوێندن تەواو بکەن هەلێکی فروانی کاریشە بۆ دانیشوانی

ناحیەکە لە هەموو روویەکەوە، بۆ هاتوچۆو خواردنگەو گەرموگوڕی بازارو بەکرێدانی خانو و کردنەوەی پەراوگەو کتێبخانەو ..هتد هەروەها لە پاڵ ئەم زانکۆیەدا بەشی خوێندنی بنەماکانی ئاین لە پردی وەك بەشێك لە کۆلێژی (ئیمام ئەعزەم)کراوەتەوە، لە بنەڕەتدا کۆلێژەکە لە کەرکوکەو دوو بەشی تر لە خۆدەگرێت کە بریتین لە (بانگخوازی و وتاردان هەروەها بەشی بنەچینەکانی ئاینشیکاری (فیقە) بە گشتی لە هەردوو زانکۆ و بەشەکەدا ژمارەیەکی زۆری خوێندکاران لەدەرەوەی پارێزگای کەرکوك پردێ روویان لێ کردووە بە تایبەت خوێندکارانی عەرەب .ئەمەش وایکردووە پێویستیان بە بەشی ناوخۆیی کۆران و کچان هەبێت کە هێشتا زانکۆکەو بەشەکەش نەیانتوانیوە بۆ قوتابیان و خوێندکارانی دابین بکەن بۆیە ساڵانە ژما ەیەك لە خانوبەرەی هاوڵاتیانی ناحیەکە بەکرێ دەگرن

**.ب-تەندروستی:**

لە هەر کۆمەڵگایەکدا پرسی تەندروستی و چۆنیەتی رووبەرووبونەوەی نەخۆشیەکان یەکێکە لە پرسە گرنگەکان و حکومەتەکان بودجەیەکی زەبەلاحی بۆ تەرخان دەکەن، بە مەبەستی کەمکردنەوەی ریژەی مردن و گەشەکردنی دانیشتوان، پردێ یەکێکە لە ناحیە دیرین و میژووییەکانی کوردستان، لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیەوە بنکەی چارەسەری لی هەبووە، بە زۆر ناوی جیا جیا ناوی هاتووە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی گرنگی بەم ناوچانەو باری تەندروستی خەلکەکەی نەداوە بودجەیەکی زۆر

کـەمی بـۆ ئـەم کەرتـە تـەرخانکردووە، ئەگـەرچی بـۆ ئـەو سـەردەمە تـەنیا هەبوونی بنکەیەك یان دەرمانخانەیەك بۆ خۆی گرنگی خۆی هەبووە،

لــە دووای جــەنگی جیهــانی یەکــەم و داگیرکرنــی ناوچەکــە لــە لایــەن بەریتانیاکانەوە ، بنکەیەکی تەندروستی لە ناحیـەی پـردێ دروسـت دەکـەن، ، ئەم بنکەیە تـا کۆتـایی سیەکانیش هـەروەکو خـۆی دەمێنێتـەوەو لـە راپـۆرتی ساڵانی تەندروستی دەڤـەری کەرکوکـدا بـە دەرمانخانـە نـاوی دەبـەن، تـا لـە سالی 1939دا لە راپۆرتی شکنێنەری تەندروستی نـاجی هرمـزی نـاوی بـە بنکەی تەندروستی پردێ نوسیوە .

دوواتـر لـە پـرۆژەی ئاوەدانکردنـەوە لـە سـالی 1954-1955 بریـار لەسـەر دروستکردنی نەخۆشخانەیەك لە پردی دراوە، لەو بریارەشەدا وەکو بودجـەی تەرخانکراو بریار لەسەر خەرجکردنی بری (20600)بیست هـەزارو شـەش سەد دیناری ئەو کاتە دراوە، لە کۆتایی سالی 1954 بنکەکە تـەواو بـوەو لـە تەموزی سالی 1955 بە رووی هاوڵاتیاندا کراوەتەوە و دەوامـی تێـدا دەسـت پێکــردووە، لــە رۆژگــاری کردنەوەیــدا بــۆ ئــەو ســەردەمە نــوێترین و پیشکەوتوترین ئامێرو کەرەستەکانی چارەسەرکردنی بۆ فەراهـەمکراوە، ئـەو کاتە دوو هۆلی تێدا بـووە بـە هـەردوکیان 24 قەرەوێلـەی چارەسـەرکردنیان هەبووە، بنکەکە لە لایەن پزیشکێك و دوو برێنپیچی پیاو ژن، و کارمەنـدێکی تەندروسـتی و چەنـد فەرمانبەرێکـەوە بـەڕێوەبراوە، خانویـەکی تایبـەت بـۆ پزیشکی بنکەکە دروستکراوە، بە هۆی داب ونـەریتی کۆمەلایـەتی و سـەختی هاتوچۆی گوندەکانەوە ئەو سەردەمە خەلکی زۆر بەکەمی سەردانی ئەم بنکـە تەندروستیەیان کردووە، دوواتر لە سالی 1962 ئوتۆمبێلێکی فریاکەوتنیان بە ژمارە (617) بۆ بنکەکە تـەرخانکرد هـەتا لـە کـاتی پیویسـتدا فریـای خـەڵکی

گوندەکان و ناحیەکەش بکەوێت و هەندێکجاریش وەکو بنکەیەکی گەرۆك لە کاتی بڵاوبونەوەو وەرزی نەخۆشیدا بۆ گوندەکان بەکار بێت([21]) .
دوواتر لە سالی 1964-1965 بریار لەسەر دروستکردنی دوو قاوشی دیکە درا ، بۆ ئەو مەبەستەش بڕی (4000)چوار هەزار دیناری بۆ تەرخان کراوە، لە سالی 1969 بنکەیەکی تەندروستی سڤیل لە پردی کراوەتەوە ، پێنج ئەفسەری سوپا کاروباری پزیشکیان تێدا ئەنجامداوە، لە ماویە ئەو ساڵەدا نزیکەی 1978 چارەسەر کراون و رۆژانە نزیکەی (8تا9)کەس سەردانی بنکەکەیان کردووە، زۆربەی ئەو نەخۆشانە توشی نەخۆشیەکانی مەلاریاو نەخۆشی پیست و هەوکردنی سیەکان بوون ([22])
لە حەفتاکاندا گۆرانکاری گەروە لە بواری تەندروستیدا روویاندا لە ناوچەکە بەگشتی و بە هۆی کردنەوەی بنکەی تەندروستی لە هەندێك لە گوندەکانی دەروبەرو دروستکردنی تیمی گەرۆك و گرنیگدان بە تەندروستی قوتابخانەکان و ..هتد بەلام دوواتر لە هەشتکاندا هەموو ئەو پیشکەوتنانە ویران کران و ناوچەکە چۆلکراو پردێ وەکو یەکەیەکی ئاوەدانی بە تەنیا مایەوە تا نەوەدەکان بە هۆی پرۆسەی تەعریب و هێنانی مەردارو خێزانی عەرەب لە باشور و ناوەراستی عیراقەوە چەند ئۆردوگایەك لە نزیکی پردی کرانەوەو بنکەی تەندروستیان بۆ دروستکرا ، دووای پرۆسەی ئازادکردنی عیراقیش لە سەرەتادا هەموو ئەو خێزانە عەرەبانە گەرانەوەو کوردەکانیش گەرانەوە شوێنەکانی خۆیان، تا رادەیەك هەندێك لە گوندەکان ئاوەدانکرانەوەو بنکەی تەندروستی لە هەندێك گوندی گەورەی سەر بە ناحیەکە دروستکرا

[21] ئازاد مجید محمد، رەوشی تەندروستی کەرکوك لە نێوان سالانی 194501968 نامەی ناستەر، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی مێژوو، 2012، (بڵاونەکراوەتەوە). ل:
[22] - هەمان سەرچاوە. ل:

وەکو گوندەکانی حەسارو گەڵۆزی و چۆمەزەردەڵەو کەڵور ، بەڵام ناو ناحیەکە لە هەشتاکانەوە بنکەیەکی تەنردوستی نویی بۆ دروستکرا و بنکەکۆنەکە چۆلکرا و مالی چەند کارمەندێکی تەندروستی تێدایە، ئیستا بە گشتی میلاکی بنکەکان لە ناخیەی پردێ پێنج پزیشك (سێ پزیشکی پیاو و دوو پزیشکی ئافرەت ) و نزیکەی (143) یاریدەدەر ی پزیشك و پرین پێچ و کارمەندی تەنروستی و فەرمانبەری خزمەتگوزاریە، واتە نزیکەی سەدو پەنجا میلاکیان هەیە ([23]) بەڵام لە رووی تەکنیکی و پیشکەوتن و خزمەتگوزاری تەندروستیەوە ، لە حەفتاکانەوە واتە ماوەی پەنجا ساڵی رابردوودا کایەی تەندروستی گۆرانکاریەکی زۆری بەخۆوە نەدیوە، لەسەر هەمان ئەو بنچینەو رێسایە دروست بووە کە نزیکەی پەنجا ساڵ لەمەوبەر بۆی دارێژراوە، لە خانویەکی کۆن کە مەرجەکامی بنەکەی تەندروستی تێدا نیە، جگە لەوەی ناوچەکە بە دەست نەبوونی پزپشکی پسپۆرو داودەرمان و نزمی ئاستی خزمەتگوزاری تەندروستیەوە دەناڵێنێت.

## بەشی حەوتەم: ناحیەی سەرگەڕان:

1-کورتەیەکی مێژوویی پێکهێنانی ناحیەی سەرگەڕان:

2-ناوی سەرگەڕان:

3-پێکهاتەی دانیشتوانی ناحیەی سەرگەڕان:

## 4-توانا ئابوریەکانی ناحیەی سەرگەڕان :

---

[23] چاوپێکەوتن لەگەڵ یاریدەدەری پزیشکی (ن، م) لە بنکەی تەندروستی پردێ لە رۆژی سێشەمە 2020/11/10 پردێ .

## بەشی حەوتەم: ناحیەی سەرگەڕان:

## 1-کورتەیەکی مێژوویی پێکهێنانی ناحیەی سەرگەڕان:

ناحیەی سەرگەڕان یەکێکە لە ناحیە نوێیەکانی قەزای دوبز، هەر لە سەرەتاوە بە ئامانجی تەعریبی ناوچەکەو زەقکردنەوەی یەکەیەکی کارگێری بۆ کۆکردنەوەی عەرەبی هاوردە لە قەزای دوبزی پارێزگای کەرکوك دروستکراوە، پێشتر وەکو گوندی سەرگەڕان سەر بە ناحیەی کەندێناوە، و

کەندیناوەش سەربە قەزای مەخمورو مەخموریش سەر بە پارێزگای هەولێر بوو، بەڵام لە کاتێکدا حکومەتی بەعس هەموو گوندە کوردیەکانی کەرکوکی وێران دەکردو دەیخستنە سەر هەولێرو سلێمانی ، ئەوەی جێگای سەرنجە بە پێچەوانەوە ناوچەی سەرگەڕان کە ناوچەیەکی کوردنشین بوو لە هەولێر دایبڕی و خستیە سەرکەرکوك ، لە لایەك تەواوی کوردەکانی لە ناوچەکە دەکردبوو، لە لایەکی تریشەوە هەر لە ناوەراستی حەفتاکانەوە زەویە کشتوکاڵیەکانی لەسەر عەشیرەتە عەربەکان تاپۆ کردبوو، بەڵام لەمانەش گرنگتر  بە هۆی بەپیتی خاکەکەی لە ڕووی نەوت و کانزا و کشتوکاڵی دانەوێلەوە ،بە تایبەت هەبوونی رێژەیەکی زۆری نەوت لەم ناوچەیە حکومەتی بەغدا نەیدەویست سەر بەو ناوچە ئۆتۆنۆمیە کارتۆنیەش بێت  کە خۆی تاك لایەنە دابووی بە کورد.

لە رووی مێژووییەوە حکومەتی عیراقی لە 1979/4/23 بڕیاری ژمارە (14905)ی دەرکرد تایبەت بە دروستکردنی ناحیەیەك لە قەزای دوبز بە ناوی (قودس)و لە وەقائعی عیراقی ژمارە (2711) رۆژی (1979/5/21) بڵاوی کردەوە ، ماوەی مانگێکی دانا بۆ نارەزایی و تانە لێگرتن گوایە زۆر یاساییە و کار بە یاسا دەکەن ، لە کاتێکدا، ئەم ناوچەیە بە گشتی و گوندەکانی ئەم ناحیەیە بە تایبەت هەر زوو بەر شاڵاوی تەعریب و تەبعیس کەوتبوون کە سەرەتاکەی دەگەرێتەوە بۆ ساڵی ( 1963 ) لەلایەن ( حرس القومی )،ئەوکات بەشێك لە گوندەکان سوتێنران و تاڵانکران و خەڵکەکەی کۆچیان کرد و ناوچەکەیان جێهێشت، ئەو کاتە نەیانتوانی تەواوی بەرنامەکەیان بۆ دەرکردنی کوردو تەعریبی جێ بەجێ بکەن ،بە هۆی کودەتاو کێشە ناوخۆییەکانی حکومەتی عێراقی و بەهێزبوونی شۆرشی کوردو

بەرگریکردنی لەو ناوچانە ، بەڵام دووای جێگیربوونی دەسەڵات لە بەغداو کارەساتی 1975 و کۆتایی هاتنی کاتی شۆرشی چەکداری لە کوردستان خکومەتی بەغدا ئەو هەلەی بۆ هەڵکەوت دەستی کراوە بێت لە ناوچەکە.بۆپە لە دانیشتنی رۆژی 1977/8/23دا بە بڕیاری سەرکردایەتی شۆرشی ئەوکاتە ( قرار مجلس قیادە الپورە ) ژمارە ( 949 ) لە ساڵی ( 1977 ))مافی موڵکایەتی زەوی لە دانیشتوانی گوندەکانی (شناغە، چەرت، گیسومە، تەل هیلالە، گەزوەشان، سەربەشاخ، پەڵکانە،دەربەند سارەلو ، دەربەند گۆمی، جاستانە، قەرغەتو، کتکە، گورزەیی ) سەندەوە ،بۆ هەردۆنمێك زەوی تەنیا (20)دیناری پێدان، بە بیانوی ئەوەی زەوی وزاری ئەم گوندانە ناوچەیەکی نەوتیە و ناکرێ ئاوەدانی لێ بێت و ئەو زەویانە پێویستە بە ناوی وەزارەتی داراییەوە بێت ، بەڵام دووای چەند مانگێك هەموو ئەو زەویە کشتوکاڵیانەی بە سەر دەیان خێزانی عەرەبدا دابەش کرد کە لە موسڵ و شەرگات و باشوری عیراقەوە هێنابوونی، نەك هەر ئەوەندە بەڵکو بریاری بە ناحیەکردن و گۆڕینی بۆ ناحیەی (قودس)دەرکرد. بەڵام پاش هەشت ساڵ کە تارادەیەك دڵنیابوو لە تەعریبکردنی ناوچەکە لە ساڵی ( 1987 ) کۆی گوندە کورد نشینەکان بە سەنتەری ناحیەی (قودس)سەرگەرانیشەوە کاوڵکران و دانیشتوانەکانیان ئەوەی کوردبوون ڕاگواسترانەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان لە بنەسڵاوەو دارەتو و تۆبزاوەو جدیدە لە هەولێر ، لە شوێنی کوردەکانیش بە سەدان خێزانی عەشیرەتەکانی (الشمر و البدیر)ی عەرەبیان هێناو وەکو دەشتاییەکی چۆڵ مامەڵەیان لەگەڵ کردو ئەوانەیان لە زەویوزاری ناحیەکە نیشتەجێکرد، دووای ئەوەی ناحیەگەیان هەڵوەشاندەوە .

بەڵام ئەو زوڵم وستەمە زۆری نەکێشا، لە بەهاری ساڵی 1991دا خەڵکی کوردستان راپەرین و تەواوی دامودەزگاکانی حکومەتیان پێچایەوە، خەڵکی بۆ ماوەیەکی زۆر کورت ئازادبوون و سەردانی گوندەکانیان کردەوە، عەرەبەکان بۆ ماوەیەکی کەم هەڵهاتن، تێگەیشتن ئەوە زەویوزاری ئەوان نیە و دەبێ رۆژێك بێت بەجێی بێڵن.

دووای هێرشەکانی حکومەت بۆ سەر خەڵکی راپەریوی کوردستان و گرتنەوەی ئەم ناوچانە ، بەشێك لە خێزانە عەرەبەکان گەرانەوە سەر ئەو زەویە داگیرکراوانەو حکومەتی عێراپیش بە شێوەیەکی چڕتر دەستی کردە هێنانی عەرەب ، بە تایبەت لە ساڵانی ئابلۆقەی ئابوری لەسەر عێراق . بۆیە بۆجارێکی دیکە بە مرسومی جمهوری ژمارە( 235 ) لە ساڵی ( 2000 ) پێش رووخانی دەسەڵاتی ناوەندی لە بەغدا سەرگەران کرایەوە بەناحیە و هەر بەناوی ( القدس ) مایەوە، دانیشتوانەکەی بریتی بوون لەو عەرەبە هاوردانەی لەشەستەکانەوە حکومەتی عێراقی کاری لەسەر نیشتەجیکردنیانی دەکرد لەناوچەکە.

دوواترلەگەڵ کەوتنی حکومەتی عێراق لە ساڵی ( 2003 ) دانیشتوانە رەسەنەکەی ناوچەکە گەرانەوە سەر زەوی باب و باپیرانیان و دەستیان کرد بە ئاوەدانکردنەوەی ناحیەکە و ئیدارەیەکی تازەیان دروست کرد، لە ساڵی ( 2008 ) بەرێوەبەری ناحیە و ئەنجومەنی ناحیە و دام و دەزگاکانی دیکەی تێدا دامەزرا، ئەم سەردەمەش بە سەردەمی دەسەڵاتی کوردی دادەنرێت لە دوای رووخانی رژێمی پێشووی عێراق لە ناوچەکە، کە کورد لەم کاتەدا لە ناوچەکە رۆلێکی باڵایان هەبوو بۆ یەکەمجار لە مێژووی دروست بوونی

ناحیەی سەرگەران ، سەرجەم بەرێوەبەرو فەرمانبەرەکان کوردبوون بەلام ئەم ئەزموونە زۆری نەخایەند جارێکی دیکە بەهۆکاری جیاجیا و هەڵەکانی سەرکردایەتی سیاسی کوردو نەدۆزینەوەی میکانیزمێکی گونجاو بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسی ئەم ناوچانە ، رووداوەکانی (16) ئۆکتۆبەری ساڵی ( 2017 )ی بەسەرداهات و ناحیەی سەرگەرانیش وەکو تەواوی ناوچە کوردستانیە دابرێنراوەکان کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقی و جارێکی دیکەش دانیشتوانی گوندەکانی سنوری ناحیەی سەرگەران رووبەرووی داگیرکاری عەرەبەکان بوونەتەوە و تا ئێستاش ئەم کەیسە یەکلا نەبۆتەوە لە نێوانیان ئەگەرچی زەویەکانی گوندە کوردنشینەکان بەناوی وەزارەتی دارایی عێراقن و چەندین عقدی جیاجیا هەیە لەسەر زەوییەکان بەڵام بە پێی بەڵگەکان کە تاپۆی زەمانی عوسمانیەکانە دەیسەڵمێنێت کە خاوەنەکانیان کوردن و بەرەچەڵەك دانیشتوی ئەم ناوچەیەن.

ئێستا لەم رۆژگارەدا لە رووی کارگێریەوە ناحیەی سەرگەران (42)گوندی هەیە، پێکهاتەی نەتەوەیی ئەم گوندانە (40)گوندیان کوردن و تەنیا دوو گوندی عەرەب نشینن، رووبەری گشتی ناحیەکە (198397)دۆنم زەویە و لە (38)موقاتەعەی کشتوکاڵی پێکهاتووە.

## 2-ناوی سەرگەران:

لە رووی کۆمەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆژیەوە، ناو یەکێکە لە گرنگترین رەگەزو توخمەکانی ناسنامە، بۆ کەسەکان رۆڵی گرنگی هەیە لە کارلێکە

سۆسیۆدەرونیەکاندا([24]) ،بۆ شوێنە جوگرافیەکانیش بەشێکە لە رەنگدانەوەی کلتوری و مێژووی کۆمەڵایەتی ئەو گروپە مرۆییەی لەو ناوەندە جوگرافیەدا دەژیت، بەشێکە لە ژیان، ناو هەر لە خۆڕا و بە بێ هیچ بەریەك کەوتن و رووداوێك دروست نابێت، بۆیە لە بارەی ناوی (سەرگەڕان)یشەوە بە هەمان شێوە پەیوەستە بە دیاردە سروشتیەکانی ئەو ناوەندەی گوندەکەی تێدا دروستکراوە ، بێگومان لە ژیانی کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا دیاردەو بابەتە سروشتیەکان کاریگەری و رەنگدانەوەی زۆری هەبووە لەسەر ناو، نەك هەر ناوی شوێن بەڵکو ناوی کەسەکانیش، بۆیە بۆ دوزینەوەی رەگوریشەی زاراوەی (سەرگەران)دەبێ سەرەتا لە ناو رایەڵەی پەیوەندی مرۆڤەکان بە دیاردە سروشتیەکانەوە بگەڕێین، کە رووبەری خاکەکەی و هەڵکەوتەی جوگرافی و تۆپۆگرافیای زەویەکەیەتی .

گوندی سەرگەڕان لەسەر تەختایی "گەڕەکان" لە نێوان سالانی ١٨٤٢ تا ١٨٤٥ لەلایەن مام وەیسەی غازری و مەولودی هەبیبێ حوسێنکان ئاوەدان کراوەتەوە. ناوەکەشی لە گەڕەکان وەرگیراوە، سەرگەڕ، سەرگەڕان.

(گەڕ)بە تاك ، ئەگەر چەند گەڕێك بن دەبێتە گەڕەگان یان گەڕان ،گەڕیش لە زمانی خەڵکی ناوچەکەدا واتە دەشتێکی رووبەر کچکە،لە نێوان یەك تا سێ دۆنم زەوی تەخت دەگرێتەوە ،بە زمانی گوندنشینان هەر جێگای نزیک دوو تا پێنج ڕبە تۆ (گەنم، جۆ) بۆ چاندن دەبێت، کە لایەکی کەندە و لایەکەی دیکەی بە شێوەی کەوانەیی و بڵندییەکە لاردەبێتەوە بۆ سەرەوە، هەورازییەک

-هدى, جباس, اسم: هوية وتراث، مقاربة أنثروبولوجية لدلالة الأسماء في قسنطينة, المجلة الجزائرية في الأنثوبولوجيا و العلوم الأجتماعية, العدد(29-30), 2005, ص: 201 [24]

لەسەر رووی زەوی نزیک بە دوو تا پێنج مەتر بەرزە و لەسەرەوەی تەختایی دێت([25]).

## 3-پێکهاتەی دانیشتوانی ناحیەی سەرگەڕان:

ئەگەر چی دانیشتوانی سنوری ناحیەی سەڕگەران لە چەند هۆز و تیرەی جیاواز پێکهاتون بەڵام تاڕادەیەك پەیوەندیی خزمایەتی لەنێوانیان هەیە کە جیاکردنەوەیان لە یەکتری کارێکی ئاسان نیە هەروەها پەیوەندی ژن و ژنخوازی لەنێوان هۆزەکان زۆر زۆرە بەتایبەت لەنێوان سەرۆك هۆزەکان خۆیان لەکاتی ناخۆشی و شەریش لەسەر یەکتر خوێنیان رێژتوە و بەرگریان لە پاراستنی سنوری گوند و ناوچەکەیان کردووە، ئەمەش وای کردووە جۆرێك لە تێکەلاوی لە گوندەکان هەبێت و زیاتر لە ئەندامانی هۆزێك لە گوندێك بەیەکەوە ژیان بەسەر ببەن، بەڵام وەکو ریشە خێڵایەتی دانیشتوانی ناحیەی سەڕگەران بەشێوەیەکی سەرەکی لە سێ عەشیرەت پێك دێت ئەوانیش ( سیان – بامەند – مام سێنی ) لەگەڵ ئەمانەش چەند مالێك لە عەشیرەتەکانی ( شوان و لەك و شیخ بزێنی و شێروانی و لە عەرەبانیش تیرەی البو حسین لە عەشیرەتی البوحمدان ) دەژین، بە شێوەیەکی گشتی ژمارەی دانیشتوانی بەپێی فۆرمی خۆراك دەگاتە ( 20000 )کەس.

لە رووی دابەشبوونی خێلایەتی ناوچەکەوە بەشێوەیەکی سەرەکی دەتوانین گوندەکان بەم شێوەیە دیاری بکەین کە هەر گوندێك لە گوندەکانی ناوچەکە

[25] -چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆمەڵێك کەسایەتی ناحیەکە (بەرێز دکتۆر شیرکۆ کرمانج، فوتابی دکتۆرا بەرێز محمود کەریم سەلیم ئاغا بامەندی، بەرێ

زیاتر تایبەتە بە كام هۆز و خێل، هەروەكو لە خشتەی (1) روون كراوەتەوە ، خێلەكانیش بریتین لەمانەی خوارەوە

**أ-عەشیرەتی سیان :**

بە پێی سەرچاوە و بەڵگە دەست كەوتوەكان بۆچوونی جیاواز هەن لەسەر مێژوو و ناوی ئەم عەشیرەتە، هەندێك ئاماژە بەوە دەكەن كە لەناوچەی سەرسیان هاتونەتە ئەم ناوچەیە و نیشتەجێبوونە، هەندێكی تر وەكو داسنی بە گروپێكی یەزیدیان دەدەنە قەلەم ، لە هێرش و پەلامارەكەی پاشای كۆرە بۆ سەر یەزیدیان پەرت بوون ولە یەك دابڕاون، لە ناوچەكە ماونەتەوە،نزیكەی دووسەد سالێكە موسلمان بوون، دوواتر دووای پێكهاتنی حكومەتی عێراقی و هەڵكشانی خێل و مەرداره عەرەبەكان و پەرینەوەیان لە رووباری زێی بچوك زۆرجار رووبەرووی یەك بونەتەوەو شوێنی لەوەرگاكانیان لە خێلە عەرەبەكان وەرگرتوەتەوە،ئیستاش لە گوندێكدا كۆبوونەتەوە بە ناوی لهێبان كە هەموو دانیشتوانەكەی سیانن ، پێ دەچێت ئەم گوندە هەوارگەی خێلی لهێب بووبێت لە كاتی بەهاراندا .یان رەشماڵیان لێ هەڵدابێت.

لە رووی تیرەو بنەماڵەو پێكهاتەكانیەوە، عەشیرەتی سیان لەچەند تیرەیەك پێك دێت وەكو ( ئۆمەرە كەڕی ، لاسی ، شەمزینی ، دەم سۆر، چۆغە رەشی ، كلاو رەشی ) ئەو گوندانەی كە ئەم عەشیرەتە تێیدا دەژین ژمارەیان ( 16 ) گوندە لەسنوری ناحیەی سەرگەران كە لە خشتەی ( 6 ) ئاماژەی پێكراوە.

خشتەی(6)دابەشووبنی عەشیرەكانی سەرگەڕان روون دەكاتەوە بەسەر گوندەكاندا:

## خشتەی(6)دابەشووبنی عەشیرەکانی سەرگەڕان روون دەکاتەوە بەسەر گوندەکاندا:

| ز | سیان | بامەندی | مامەسێنی | شێروانی | شوان و شێخ بزێنی | البوحمدان |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | گراو | قەلاتە سۆرانی بامەندان | همین مردی | دەرماناو | سارلو | سارتك |
| 2 | گەزوەشان | چواربەردە | همزاغا | خۆشاو | ملحوالی | دڕکەی عەرەب |
| 3 | تەلهەلالە | گردیرەوە | سەڕگەران | | | |
| 4 | گوێسمە | دوازدەهەوار | سلیمان بخشیان | | | |
| 5 | چەرت | سێبیران | شحل نوێ | | | |
| 6 | درکەی کوردان | سێقوچان | بیر مهیدی | | | |
| 7 | عولافات | شحل کۆن | | | | |
| 8 | سەربەشاخ | کەندال قگنی | | | | |
| 9 | گابلکە | قەپلان | | | | |
| 10 | خرابە | پەلکانە | | | | |
| 11 | جاستان | داودگورگە | | | | |
| 12 | دربندی گۆم | دەرماناو | | | | |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| 13 | قوج | | | | | |
| 14 | سارلو | | | | | |
| 15 | لهێیان | | | | | |
| 16 | شناغە | | | | | |
| | 16 | 12 | 6 | 2 | 2 | 2 |

## ب-عەشیرەتی بامەند:

لە زۆربەی نوسراو و بەڵگە مێژووییەكان و قسەی ریش سپی و بەتەمەنەكانی ئەم هۆزە باس لەوە كراوە كە ئەم هۆزە بەڕەچەلەك لە خێڵی لوڕن ،لە ناوچەی لورستان لە خێلی بهمن )ەوە هاتون ،لەو سەردەمەی كوردستان دابەش نەكرابوو، سنوری نێوان پارچەكان نەبوو ، خێلە مەردارەكان بە ئارەزووی خۆیان و بە پێی وەرزەكانی سال گەرمیان كوێستانیان دەكرد، بۆ ماوەیەك لە دەوروبەری رەواندوز بەتاییەت لەگوندی گەرەوانی سەروو نیشتەجێبوونە كە ئێستاش كانی بامەند یاخود ( باوەمەند )بەم ناوە ماوە و بۆتە شوێنیكی گەشتیاری، دواتر بەهۆی ناكۆكی لەگەڵ پاشای كۆرە ناچاركراون ناوچەكە جێبهێلن و كۆچ بكەن بۆ دەوروبەری هەولێر لە گوندەكانی ( هەمزەكۆر و گەرەشێخان و دۆلەبەكرە و ئیلینجاغ و سۆربەش و سێبیرانی عدۆ و قوشتەپە ) نیشتەجێبوونە، دواتریش بەهۆی شەری نێوان هۆزی بامەند و دزەییەكان كە بووە هۆی كوژرانی سەرۆك

هۆزی دزەیی بەناوی ( قەرەنی اغا ) لەرۆژی جەژن ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە تا ئێستا دزەییەکان جێشتی بەیانی جەژن ئامادەناکەن، پێیان وایە دەبێتە هۆی روودانی ناخۆشی بۆیان،ئەمەش وایکرد جارێکی دیکە بەشێك لەم عەشیرەتە بەرەو سنوری ناحیەی سەرگەران کۆچ بکەن و تێدا نیشتەجێبن ، ئەم عەشیرەتە لەم تیرانە پێك دێت ( ڕوالی ، یعقوبی ، وەتمانی ، شاوری ، قاوەخۆر ، ئەسپ شێ ، بامین ، باوەمەند ) ئەو گوندانەی کە ئەم عەشیرەتە تێیدا دەژین ژمارەیان ( 12 ) گوندە لەسنوری ناحیەی سەرگەران کە لە خشتەی ( 6 ) ئاماژەی پێکراوە.

## 3-عەشیرەتی مام سێنی:

لەسەر ڕەگ و ریشەی ئەم هۆزە بیر و ڕای جیاوازهەن کە هەندێك پێیان وایە بەڕەچەلەك تیرەیەك بوونە لە خێلی بلباس هاتونەتە ئەم ناوچەیە نیشتەجێبوونە هەندیکی دیکە پێیان وایە وەکو بندیان و شێخان و سیان، مام سێنیش یەکێکە لە گروپە یەزیدیەکانی سەدەی حەڤدەو هەژدە کە لە شاری هەولێرو دەوروبەریدا رۆلی گرنگیان هەبوو، بەڵام بە هۆی شەرو هێرشەکانی سەریانەوە پەرت و بلاوبوون.

لە رووی پێکهاتەوە عەشیرەتی مام سێنی لەم تیرانە پێك دێت ( فەقێ سمایل ، توخمەبەکر ، گاگج ، عەبۆ ، حوسینکە ) ئەو گوندانەی کە ئەم عەشیرەتە تێیدا دەژین ژمارەیان ( 6 ) گوندە لەسنوری ناحیەی سەرگەران کە لە خشتەی ( 6 ) ئاماژەی پێکراوە

## 4-توانا ئابوریەکانی ناحیەی سەرگەڕان :

ئەم ناوچەیە لەڕووی ئابووری زۆر دەوڵەمەندە بە تایبەت لە بواری کشتوکاڵ و نەوت و ئاژەڵداری و پیشەسازی کە خاك و ئاوەکەی لەبارە بۆ وەبەرهێنان،دەکرێت گرنگی ئابوری ئەم ناوچەیە دابەش بکەین بۆ چوار بەش :-

**أ-کشتوکاڵ:**

لەڕووی بەروبومی دانەوێلە ناحیەی سەرگەران دەوڵەمەندە بە هۆی بە پیتی خاکەکەی چونکە ڕووبەرێکی فراوانی پانتایی هەیە کە بۆ کشتوکاڵ دەشێت هەروەها ئاو و هەوایەکی گونجاوی هەیە، ڕووبەری زەوی کشتوکاڵی ( 143103 ) دۆنمە، (101459) دۆنم تاپۆیە بەناوی (366) جوتیارە، (41644) دۆنم قرار توزیعە واتا عقدە بەناوی (726) جوتیارە، (137871 ) دۆنم دێمیە و ( 5232 ) دۆنم ئاوییە، جگە لە هەبوونی ( 487 ) بیری ئیرتوازی و ( 241 ) بیری سگحی کە بۆ ئاودان بەکاردەهێنرین، ساڵانە بە پێی پلانی هۆبەی کشتوکاڵی سەرگەران بەرووبومی دانەوێلە وەکو گەنم و جۆ دەگاتە زیاتر لە(18000)تۆن،ئەمەش بۆئاسایشی نەتەوەیی گرنگە دەکرێت ببێتە بەشێك لە پرکردنەوەی پێداویستیەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵك و داهاتێکی گرینگیشە بۆ دانیشتوانی ناوچەکە بۆ دابین کردنی بژێوی ژیان.

**ب-نەوت**

لەڕووی بەرهەمهێنانی سوتەمەنیش وەکو نەوت و غاز پشکی شێری بەرکەوتووە نزیکەی سێ لەسەر چواری بەرهەمهێنانی نەوتی کرکوك

پێکدەهێنێت، ژمارەیەکی زۆر بیری نەوتی هەیە، کە ژمارەیان ( 378 )بیرە لەگەڵ هەبوونی پێنج وێستگەی گەورەی نەوت ( محگە النفگ ) وەکو وێستگەکانی نەوتی ( داودگورگە – درکەی کوردان – جاستان – سەربشاخ – سارلو ) پێیان دەگوترێت کێلگەی نەوتی ( ئاڤانا ) جگە لە وێستگەی داودگورگە نەبێت کە سەر بە کێلگەی (بای حسن)ە، لە ئێستادا رۆژانە نزیکەی (340000 ) بەرمیل نەوت بەرهەمدەهێنن، ئەرکی پاراستنیشی لە ئەستۆی خەڵکی ناوچەکە خۆیانە کە نزیکەی (400) کەس دامەزراون وەکو پاسەوانی پاراستنی وێستگەکانی نەوت و سوودمەندن.

**ج-ئاژەڵداری و بەخێوکردنی ماسی و پرۆژەی پەلەوەر**

پیشەی ئاژەڵداری تازە نیە بەڵکو دەگەرێتەوە بۆ سەردەمانێکی زوو کە خەڵکی ناوچەکە بۆ دابیین کردنی پێداویستیە سەرەتاییەکان وەکو رۆن و شیر و گۆشت و خوری و پێستەکەی پشتیان پێ بەستووە،ئێستاش بەردەوامی هەیە لەلای خەڵکی ناوچەکە گرنگی پێدەدرێت، لە ئێستادا ژمارەی گۆڵك ( 180 ) و مەر ( 16054 ) و بزن ( 1623 )یە، هەروەها بەخێوکردنی ماسیش لە ئێستادا خەریکە دەبێتە بەشێکی گرنگی داهاتی دانیشتوانی سنورەکە کە نزیکەی (135) پرۆژەی بەخێوکردنی ماسی هەیە لە سنوری ناحیەی سەرگەران ساڵانە نزیکەی ( 200 ) تۆن گۆشتی ماسی بەرهەم دەهێندرێت، لەرووی بەخێوکردنی پەڵەوەریش پرۆژەکانی هەلهێنانی پەڵەوەر ژمارەیان ( 20 ) پرۆژەیە ساڵانە بەرهەمێکی زۆر لە گۆشتی سپی دەخەنە بازارەوە و تەنانەت سود لە پاشەرۆك و پیسایەکانیشی وەردەگیرێت لەلایەن جوتیاران وەکو سەماد بۆ بەهێزکردنی زەویەکان.

**د-پیشەسازی:**

دەوڵەمەندی خاکی کرکوك بەتایبەتی سنوری ناحیەی سەرگەران وایکردووە بازرگانان و کاربەدەستانی ولات بیر لە دامەزراندنی کارگەی پیشەسازی گەورەبکەنەوە لەم سنورە لە ئێستادا یەکێك لە گەورەترین کارگەگانی بەرهەمهێنانی چەمەنتۆ لە چیای قەرەچوغ بەناوی ( کارگەی کار )لە سنوری ناحیەی سەرگەران دەست بەکارە کە زۆرترین بەرهەمی هەیە لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەکەش جگە لە گواستنەوەی بەردی چیاکە لەلایەن چەند وەبەرهێنیکی کرکوك بۆ کارگەی جەمەنتۆی لەیلان، لەگەڵ گرنگی بوونی ئەم کارگانە بەڵام خەڵکی سنورەکە دڵخۆش نین چونکە هیج کەسێك لەم کارگانە سوودمەندنین،بۆیە لەلایەن خەڵکەکەوە بەچاوێکی گرنگ سەیرناکرێت و بەڵکو بەیەکێك لەهۆکارەکانی پیس بوونی ژینگە و تێکدانی شەقامەکان دەزانن.

کۆتایی:

یەکەم:ئەنجام و دەرئەنجامەکان:

دووەم: پێشنیارو راسپاردەکان:

سەرچاوەکان:

وێنەو پاشکۆکان

یەکەم: ئەنجام و دەرئەنجامەکان:

1-دوبز یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای کەرکوك، دەکەوێتە باکورو باکوری رۆژئاوای پارێزگاکە و لەگەڵ پارێزگای هەولێر هاوسنورە، ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی (100000)سەد هەزار کەسە و بەسەر ناوەندی قەزاکە و دوو ناحیەی (سەرگەڕان) و (پردێ)و (114)گوندا دابەشبوونە.

2-لە رووی میژووییەوە قەزای دوبز وەکو یەکەی کارگێڕی ، قەزایەکی نوێیە، بە بەراورد بە هەندێك لە ناحیەو قەزاکانی دیکەی پارێزگای کەرکوك ، وەکو قەزاکانی داقوق و خورماتو و کفری و چەمچەماڵ ، یان ناحیەکانی سەرقەڵاو شوان و پردێ زۆر کۆنترو مێژووییترن لە قەزای دوبز. بەڵام لەگەل ئەوەشدا لە ژێر کاریگەری کۆمەڵێك هۆکاری سیاسی و ئابوری و جوگرافی، دوبز لە ماوەی پەنجا ساڵی رابردوودا چەندین گۆرانکاری کارگێڕی بەسەردا هاتووە کە شایانی لە سەر راوەستان و سەرنجدانی وردن بۆ تێگەیشتن لە بەرنامەکانی تەعریب و مەترسیەکانی لەسەر ئایندەی کورد بە گشتی .

3-قەزای دوبز بە هۆی دەوڵەمەندی بە سەرچاوە سروشتیەکان و ستراتیژی شوێنەکەی و خاڵی بەیەك گەیشتنی نەتەوەکانەوە ،زۆر بە توندی بەر شالاوی تەعریب و سڕینەوەی نەتەوەیی کەوتووە ، لە ماوەی چل ساڵدا لە (1960 تا 2000)گەورەترین گۆرانکاری لە پێکهاتەی دانیشتوان و نەخشەو روبەرو بەرزبوونەوەو نزمبوونەوەی پێگەی کارگێریدا روویداوە ،زیاتر لە (90)گوندی کورد لەم قەزایەدا سوتێنراوەو وێران کراوە، دانیشتوانەکەی راگوێزراوەو تا ئیستاش ئاسانکاری بۆ گەڕانەوەیان نەکراوە، دوبز زیاتر لە (350)شەهیدی هەیەو تا ئیستاش خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی بۆ دابین نەکراوە.

4-لە بنەڕەتدا دوبز گوندێك بوو سەر بە ناحیەی پردێ ، لەسەرژمیری سالی 1957 دا ژمارەی دانیشتوانی گوندی دوبز (1045)کەس بوون، لە رووی

نەتەوەییەوە هەموویان کوردبون ،جگە لە (17)خێزانی عەرەب کە بۆ کرێکاری بە تایبەت بۆ کریکاری کشتوکاڵی هاتبوونە گوندەکە.

ئەم گوندە لە رۆژی 1960/8/14 بە مەرسومی جەمهوری ژمارە (486) کرا بەناحیە (بروانە پاشکۆی ژمارە (15)) بێگومان لە پێکهێنانی هەر ناحیەیەکیشدا پێویستە چەند گوندێك هەبێت سەر بە ناحیەکە بن، بۆیە دوبزیش دووای ئەم بریارە ، بووە ناوەندێك بۆ کۆکردنەوەی ژمارەیەك گوندو کۆنترۆڵکردنی ناوچەکە و شێوازێکی نویی بەرێوە بردن ، گوندەکانیش لە ناحیەی حەویجە (11) گوندو لە ناحیەی پردێ (16) گوند و لە قەزای ناوەندی کەرکوکیش (10)گوند دابرێنران و ناحیەی دووبزیان لی پێکهات

5-ئەگەر لە رووی نەتەوەییەوە سەیری بکەین ئەمە بەشێکە لە سیاسەتی تەعریب و دوورخستنەوەی هەژموونی کلتوری کوردي لە حەویجەو ناوەندی شاری کەرکوك و هەڵکشانی کلتوری عەرەبی بۆ باکورو باکوری رۆژهەلات دووای پەرینەوە لە رووباری دیجلە بۆ تێپەراندنی زێی بچوك ، تا ئەو کاتە رێژەیەکی زۆری دانیشتوانی ناوەندی ناحیەی حەویجە و گوندەکانی دەوروبەری کورد بوون، بەم هەنگاوە مەترسی هەژمونی کلتوری کوردی لەسەر ناحیەکە نەما...

هەر بۆیە دەبینین لە قۆناغەکانی دوواتردا ،بە مەرسومی جەمهوری ژمارە (33) لە رۆژی 1975/11/6 لە ناحیەی کەندیناوەو قەزای مەخموری سەر بە پارێزگای هەولێر (39)گوندیان دابڕی و خستیانە سەر سنووری ناحیەی دووبزی پارێزگای کەرکوك ،لە کاتێکدا رژێمی بەعس لەو رۆژارەدا کاری بۆ کەمکردنەوەی ریژەی کورد دەکرد لە کەرکوك و قەزای دوبزدا ،و

دانیشتوانی تەواوی ئەم گوندانەش لە رووی نەتەوەییەوە کورد بوون .

6-دەسەڵاتی حیزبی بەعس هەوڵی پەرشوبڵاوە پێکردنی گوندە کوردیەکانی داوە، ویستویەتی وردە وردە رێژەی پێکهاتەی عەرەبی لە قەزاو ناحیەو ناوچە کوردیەکاندا بەرز بکاتەوە، لەم هەنگاوەدا مەبەستی ئەوە بوو بیرە نەوتەکانی ئەو گوندانە لە چوارچێوەی سنوری ناوچە ئۆتۆنۆمیە تاك لایەنەکەی خۆیشیدا نەمێنن، چونکە ئەگەر بۆ سیاسەتیش بووبێت لە ئاداری 1974ەوە دانی بەوەدا نابوو ئەو ناوچانە خاکی کوردن .

ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە لە بیرو هزری سەرکردەکانی بەعسدا بەرنامەی چۆڵکردن و روخاندنی گوندە کوردیەکان رابردوویەکی قولی هەبوە، کاتێك لەم گوندانەدا نەوت بە رێژەیەکی زۆر دۆزراوەتەوە، ئەم گوندانەش سەر بە پارێزگای هەولێر و ناوچەی ئۆتۆنۆمی بوون، کە خۆیان دانیان پێدا نابوو بەڵام بە کوردیان رەوا نەدەبینی کاتێك هەموو گوندەکانیش تێك دەدەن، رووبەرێکی زەوی کوردستان لە ژێر دەسەڵاتی کورددا بێت و نەوتی تێدا بێت! ، بۆیە پیش روخاندنی گوندەکان لە رووی ئیداریەوە ئەم گوندانەیان گواستەوە سەر پارێزگای کەرکوك ، لە هزری ئەواندا کەرکوك خاکی کورد نەبوو!چەند ساڵێکیش بوو بە پراکتیکی دەستیان بە دەرکردنی کورد کردبوو لە کەرکوك.

بەم هۆیەوە رووبەری قەزای دوبز فراوانتر بووە، ژمارەی گوندەکانی زیاتر بووە، گەیشتوەتە (76)گوند، بۆیە بە مەرسومی جەمهوری ژمارە (72) لە رۆژی 15/ 1976/2 دووبز لە ناحیەوە کراوە بە قەزا ، بە پێچەوانەوە ، پیشتر دوبز گوندێك بووە سەر بە ناحیەی پردێ ، ئەمجارە دوبز بووە بە

قەزاو پردێش تەنیا ناحیەی قەزاکەی پێکهێناوە، لە سەرەتادا جگە لە پردێ قەزای دوبز هیچ ناحیەیەکی دیکەی نەبووە .

7-بارودۆخی سیاسی دووای نسکۆی (1975)و بەهێزبوونی حکومەتی عیراقی و گۆرانکاریەکانی ناوچەکە هەموو لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەی عیراق بووە، بۆیە حکومەتی عیراقی ئاشکراتر و خیراترو بە گوڕوتینی زیاترەوە کەوتونەتە جێ بەجێکردنی بەرنامەکانیان ، تا رادەیەك لە نەمانی مەترسیە هەرێمی و نێودەوڵەتیەیکان و بێهیزی کوردو بێ دەنگی نێودەولەتی و پشتیوانی هەرێمی لە سیاسەتی قڕکردنی کورد دڵنیابوونە، بۆیە هەنگاوی فراوانتریان ناوە بۆ هەلکشان بەرەو باکور و باکوری رۆژهەڵات و دەستکاری کردنی یەکە کارگێریەکان بە گشتی .

لە ساڵی 1977دا بە بڕیاریکی بە ناو ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ژمارە (949)، زەویوزاری (38) گوندی کورد لە قەزاکە خراوەتە سەر وەزارەتی مالیەو لە جوتیارە کوردەکان سەندراوەتەوە، گرێ بەست لەگەڵ (242) خێزانی عەرەبی هاوردە کراوە کە لە شارو شارۆچکەکانی باشورو ناوەراستی عیراقەوە هێنراوون،(بروانە پاشکۆی ژمارە(12) رووبەری زەوی کشتوکاڵی ئەو (38)گوندە نزیکەی (118،727)دۆنم زەوی بووە،هەروەها دانیشتوانی (12)گوندی دیکە ناچار کراون تاپۆی زەیەکانیان تەسلیم بە حکومەت بکەن و گوندەکانیان چۆڵ بکەن بروانە پاشکۆی ژمارە(3)..

لە رۆژی 23/4/ 1979 دووای دوو ساڵ لە دەرکردنی دانیشتوانی ئەو (12)گوندە کوردنشینە لە قەزاکە بریاری ژمارە(14905)یان دەرکردووە

بۆ دروستکردنی ناحیەیەك لە پارێزگای کەرکوك سەر بە قەزای دوبز بە ناوی (قودس= سەرگەڕان) بۆ کۆکردنەوەی عەرەبە هاوردەکان. (بڕوانە پاشکۆی(2)) جگە لە زەویوزاری ئەو (12)گوندە ، (30)گوندی دیکەشیان لە قەزاو ناحیەکانی دەوروبەر دابڕی و خیستیانە سەر ئەم ناحیە تازە دروستکراوە.بەمەش ژمارەی گوندەکانی بوونە (42)گوند.

8-سێیەکی نەوتی کەرکوك ، واتە زیاتر لە (33%) نەوتی کەرکوك لە سنوری قەزای دوبز بە تاییەت سنوری گوندەکانی ناحیەی سەرگەڕاندایە ، ژمارەی بیرە نەوتەکانی ئەم رووبەرە (378)بیرە نەوتە، پێنج وێستگەی نەوتی گەورەی لێ دروستکراوە، بریتین لە ویستگەکانی (داودگورگە، دڕکەی کوردان، جاستان، سەربەشاغ، سارەلو) بە چوار لەم ویستگانە دەگوترێت کێڵگەی نەوتی (ئاڤانا)و وێستگەی داودگورگەش سەر بە کێڵگەی نەوتی بای حەسەنە.

9-رژێمی بەعس بە بەرنامە کاری بۆ پاکتاوکردنی کوردی ناوچەکە کردوە، تا رووبەرێکی گرنگی وەکو ئەم ناوچەیە کوردی تێدا نەمێنێت، بۆیە بۆ پڕ کردنەوەی زەوی کشتوکاڵی گوندە چۆڵکراوەکانی قەزای دوبز ، حکومەتی عیراقی لە سالی 1984 دەستی بە هەڵمەتێك کردووە بۆ هێنانی خێزانی عەرەب لە شارەکانی باشورەوە ، بە ناوی قەرەبوکردنەوە، ناسنامەو تۆماری باری کەسی سەدان خێزانی عەرەبیان لە دیوانیەو بەغداو ناسریەوە گواستوەتەوە بۆ کەرکوك (بروانە پاشکۆی (13)، بە ماوەیەکی کەم تەواوی زەویوزاری گوندە چۆڵکراوەکانی بەسەر خێزانی عەرەبی هاوردەدا دابەشکردووە .

10-لە دووای تەواوبونی ئەو قۆناغە بیر لە هەڵمەتی فراوانتر کراوەتەوە، لە مانگی نیسانی سالی 1987دا بریاری چۆڵکردنی تەواوی گوندەکانی کوردستان دەرچووە، قەزای دوبز یەکێك بووە لەو قەزایانەی ئەم بریارەی بەسەردا جێ بەجێ کراوە، سەرجەم ئەو گوندانەی سەر بە قەزای ناوەندی دوبزو ناحیەی پردێ بوون لە ساڵی 1987 چۆڵکراون ، ناحیەی سەرگەڕانیش هەڵوەشێنراوەتەوە و زەویوزارەکانیان بە ناوچەی سەربازی تۆمار کراون و هەر کوردێکیان لەو ناوچانە گرتبێت شوێنبزر کراوە .

11- کاتێك حکومەتی ناوەند بە تەواوی لە تەعریب کردنی قەزای دوبزو دەوروبەری دڵنیا بووە و کوردی قەزاکەیان بە رێژەیەك کەمکردەوەتەوە ئیتر بە مەترسیان نەزانیوە ، پێیانوابووە کاتی ئەوە هاتووە هەنگاوێکتر بەرەو ناوچە کوردنشینەکانی دیکە بنێین ، بۆیە بە مەرسومی جەمهوری ژمارە (434) لە رۆژی 1989/9/11 دووبز دەکەنەوە بەناحیە و دەیخەنە سەر ناوەندی قەزای کرکوك ،ئەگەر بە وردی سەرنج لە هەنگاوەکانی دووای ئەو مەرسومە بدەین ، دەبینین چەند ئامانجێك لە پشت بچوکردنەوەی قەزای دوبزەوە هەبوو:

أ- بۆ ئەوەی تەعریبی ناوەندی کەرکوك بکەن، چونکە پێیانوابووە بە تەواوی قەزای دوبز تەعریب کراوەو پێویستە ئیتر فشار بخاتە سەر ناوەندی قەزای کەرکوك، رێژەی عەرەب لە ناوەند بەرز بکاتەوە ، بۆیە ناحیەی دوبزیان خستوەتە سەر قەزای ناوەندی کەرکوك.

ب- ناحیەی (پردێ)یان لە پارێزگای کەرکوك دابڕیوە و خراوەتە سەر پارێزگای هەولێر ،بێگومان دووای چۆڵکردنی تەواوی گوندە کوردیەکان و

بە رووبەرێکی فراوانی زەویوزاری کشتوکاڵی چۆڵەوە ، کە بە نیازی پڕکردنەوەو ئاوەدانکردنەوەوەی بوونە لە ئایندەیەکی نزیکدا .

ج-بۆ پڕکردنەوەی زەویوزارە چۆڵەکانی نێوان کەرکوك –پردێ و باکوری دوبز دەسنیان داوەتە دروستکردنی دەیان گوند و کۆمەڵگای نیشتەجێکردنی خێزانە عەرەبە هاوردەکان بۆ ئەوەی دوواتر ئەم کۆمەڵگایانە بخاتە سەر پردێ ، دووای ئەوەی دەخرێتە سەر هەولێر،بەمەش پێکهاتەی عەرەب لە پارێزگای هەولێردا دروست دەبێت ، واتە بە عەقلی نەتەوەپەرستیانەی خۆیان تەعریبی کەرکوك کۆتایی هاتووەو سەرەتاکانی تەعریبی هەولێر دەستی پێکردووە.

د- چونکە هەروەکو دزانین جگە لە عەرەب ، سەدان ساڵە لە ناحیەی پردێدا هەردوو پێکهاتەی کورد و تورکمان پێکەوە دەژین، یەکێك لە ئامرازەکانی تەعریب دروستکردنی ئاژاوە لە نێوان کوردو تورکمان و بەکارهێنانی تورکمان بووە دژی کورد،بە بچوکردنەوەی دوبز ویستویانە لە رێگای چەند خێزانێکی تورکمان و عەرەبی هاوردەی ناحیەی (پردێ)وە وردە وردە کار لەسەر پێکهاتەی دانیشتوانی هەولێر و نوێنەرایەتیکردنیان لە ئەنجومەنەکانی یاسادانان و راپەراندنی ناوچەی بە ناو ئۆتۆنۆمی بکەن .

12-بە پیی یەکێك لەو راپۆرتانەی لیژنەی کاروباری باکور بۆ سەروی خۆی بەرزی کردوەتەوە، بەژمارە (314) لە رێکەوتی 1998/2/14 نوسراوە ، لە ساڵی 1991ەوە تا کۆتای 1997 توانیویانە (38)گوندی ناوچەکە ئاوەدان بکەنەوەو گرێبەستی کشتوکاڵی ودابەشکردنی زەوی لەگەڵ (1444)جوتیاری عەرەبی هاوردە ببەستن ، رووبەری زەوی کشتوکاڵی

دابەشکراو بەسەر ئەو جوتیارانەدا بە گرێبەست گەیشتوەتە (92322)دۆنم زەوی و (73802)دۆنمیش بەسەر (588)جوتیاری عەرەبی هاوردەی دیکەدا دابەشکراوە.

بۆیە جارێکیتر بەمەرسومی جمهوری ژمارە (245) لە رۆژی 2000/10/25 دووبز کراوەتەوە بە قەزا و بەهەمان مەرسوم ناحیەی سەرگەڕانیش کراوەتەوە بە ناحیەو خراوەتەوە سەر قەزای دوبز, دریژە بە تەعریب کردن وئاوەدانکردنەوەی هەموو گوندە چۆڵکراوەکانی کورد دراوە، لە گوندەکانی سەر بە ناحیەی شوان و ناوەندی کەرکوك، بە هەزاران خێزانی مەڕداری عەرەب نیشتەجێکراون، چەندین کۆمەڵگای عەرەب نشین لەسەر ئەو زەویانە دروست کراوە هەوڵیانداوە ئەو گوندە عەرەبنشینانە لە ناحیەیەکدا کۆ بکەنەوەو بیخەنەوە سەر قەزای دوبز، لە گوندەکانی کەڵوڕ و گەڵۆزی و حەسارو دوبزنی و....هتد،بە دەیان خانوبەرەی گەورەیان دروست کردوە هەندێك بنەماڵەی عەرەبی بە ناوی شێخ و سەیدو سەرۆك خێڵ و عەشیرەتەوە نیشتەجێکردووە، بە دەیان بیری ئیرتوازی و کەرەستەو ئامیری کشتوکاڵیان بۆ ئەو خێزانانە هێناوە کە لەسەر ئەو پارچە زەویە کشتوکالیانەی کوردی نیشتەجێکردون، بەڵام دووای 2003 کەوتنەوە دەست خاوەنە رەسەنەکانیان..

13-دووای 2003 لەسەرەتادا سەرجەم عەرەبە هاوردەکان گەرانەوەو لە ناوچە کوردیەکاندا نەمان، دوواتر پاش دەرچونی مادەی (140)و بریاری قەرەبو کردنەوەی عەرەبە هاوردەکان بە بڕی بیست ملیۆن دینار ،جارێکیتر هەموو گەرانەوە بۆ ناوچە کوردستانیە دابڕێنراوەکان و مامەڵەی قەرەبو

کردنەوەیان پیشکەشکرد تا بگەڕێنەوە سەر شوێنی ڕەسەنی خۆیان لە شارەکانی ناوەڕاست و باشوری عیراق،لەو ماوەیەدا تەنیا (1896)خێزانی عەرەبی هاوردە قەرەبوویان وەرگرت و گرێبەستی زەویەکانیان هەڵوەشاندەوە ،لەوانەش (249)خێزانیان لە جوتیاری عەرەبە هاوردەکانی سەرگەڕان بوون، بەڵام تا نزیکی کۆتایی سالی 2007یش هیشتا (1408)خێزانی عەرەبی هاوردە لە ناوچەکە چاوەڕوانی قەرەبوو کردنەوە بوون و هەڵوەشاندنەوەی گریبەستەکانیان کۆتایی نەهاتبوو.

14-ئەوەی جێگای سەرنجە دووای وەرگرتنی قەرەبوو هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستە کشتوکالیەکانیان لە دووای روداوەکانی ئۆکتۆبەری 2017، هەندێك لەو خێزانە عەرەبانە گەڕاونەتەوە قەزای دوبز، بە تایبەتی گوندەکانی ناحیەی سەرگەران وەکو پەڵکانەو گابەرەکە و لهێبان و دەرماناو..هتد فشار دەخەنە سەر خێزانە کوردە گەراوەکان تا گوندەکانیان چۆڵ بکەنەوە.

## دووەم: راسپاردەو پێشنیارەکان:

1-وەکو راسپاردەیەك هەر لە پیشەکی ئەم نوسینەدا زەرورەتی توێژینەوەکردن لەسەر ئەم ناوچانەمان خستوەتەروو، بۆیە هەموو توێژەرانی بواری ئەنترۆپۆلۆژیاو کۆمەڵناسی و میژوو و جوگرافیا و ئابوری و شوێنەوارو زانستە سیاسیەکان رادەسپێرین، وەکو سپاردەیەك بەوان دەسپێرین ناونیشانی توێژینەوەی دەرچون یان ماستەرو دکتۆراکانیان تایبەت بکەن بەم

ناوچانە، كە لە هەموو ئەو كایە زانستیانەدا بابەتی گرنگیان تێدایە و تویژینەوەیان لەسەر نەكراوە .

2-پێشنیار دەكەین ئەولەویەتی كاری حكومەتی هەرێمی كوردستان ئاوەدانكردنەوەی گوندەكانی ناوچە كوردستانیە دابرێنراوەكان بە گشتی و گوندەكانی قەزای دوبز بێت بە تایبەت بۆ سەلامەتی و مانەوەی باشوری كوردستان ،چۆڵەوانی زەویوزارە كشتوكاڵیەكانی ئەم ناوچانە مەترسی و هەڕەشەیەكی گەورەن لە رووی نەتەوەییەوە لەسەر كورد، بێگومان ئەمەش بە پرۆژەو بەرنامەی تایبەت دەكرێت، مەرج نیە بودجەی زەبەلاحی بۆ تەرخان بكرێت، بەڵكو هەندێكجار پێویستی بە تاكنیك و هونەری بەڕیوەبردنە ، بۆ نمونە لەم پێناوەدا پیشنیاری ئەم پرۆژەیە دەكەین..

دووای ویرانكردنی گوندەكانی كوردستان لە هەشتاكاندا، كۆمەڵگای لادیی كورد لە بەریەك هەڵوەشاوەتەوەو زۆرینەی لادێنشینان لە شارەكاندا نیشتەجێن ، سەرەڕای ئەوەی لە گوندەكاندا خاوەنی زەویوزارو سەرچاوەی ئاوو توانای مرۆیین بۆ كاری كشتوكاڵی و ئاژەڵداری كەچی چاویان لە موچەیەكی زۆر كەمی فەمانبەری بڕیوەو بە هۆی ئەم موچەوە ناگەڕێنەوە گوندەكانیان ، لە لایەكی تریشەوە ، ئەمڕۆ یەكێك لەو گرفتە سەختانەی بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان دروستبووە، چۆنیەتی دابینكردنی موچەی ئەو هەموو فەرمانبەرە زۆرەیە كە بە سەدان فەرمانبەریان زیادەن و بە رۆیشتنیان هیچ كاریگەریەكی نەرێنی لە سەر چۆنیەتی بەرێوەچوونی كاری فەرمانگەكان نابێت

لە هەمان کاتدا ئیستا بە هەزاران فەرمانبەرو موچەخۆری دانیشتوی ناوچە کوردستانیە دابرێنراوەکان لە هەرێم نیشتەجێ بووە و چاوەروانی موچەکەیەتی و هیچ کاروکاسبیەکی دیکە ناکات ، یان بەکاری زۆر پەراوێزیەوە سەرقاڵە ..بۆیە پێشنیار دەکەین پەرلەمانی کوردستان بە شێوەیەك ئاسانکاری بۆ گەرانەوەی خەڵکی ئەم ناوچانە بکات ئەویش لە رێگای یاسایەکەوە بەم شێوەیە:

1-پەرلەمانی کوردستان یاسایەك دەر بکات بۆ تەنسیب کردنی هەر فەرمانبەرێکی هەرێمی کوردستان کە لە بنچینەدا خەڵکی ناوچە کوردستانیە دابرێنراوەکانە بۆ سەر وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە . (تەنسیبکردن واتە مانگانە موچەکەیان لە فەرمانگەکانی خۆیان وەردەگرن بەڵام دەوامیان لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە دەبێت)

2- وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە خۆی ئەو مەرجانە دیاری بکات بۆ هەر فەمانبەرێك کە دەیەوێت خۆی تەنسیب بکاتە سەر ئەم وەزارەتە : بۆ نمونە:

أ-هەر فەرمانبەرێکی هەرێمی کوردستان کە خەڵکی ناوچە کوردستانیەکانیە دابرێنراوەکانە و زەوی کشتوکاڵی لە گوندەکاندا هەبێت و رووبەرەکەی لە (10 دۆنم ئاودێری یان 40 دۆنم بە باران (دێمی)کەمتر نەبێت .

ب-بەڵگەی فەرمانگەی تاپۆ و پشتگیری فەرمانگەی کشتوکاڵی ناوچەکەی خۆی هەبێت

ت- نەخشەی پرۆژەیەکی بەرهەمهێنانی (کشتوکاڵی ، ئاژەڵداری، هەنگەوانی ، حەوزی ماسی ..هتد) لەسەر ئەو زەویە کیشا بێت و توانای جێبەجیکرنی هەبێت .

ج-داواکاریەك پێشکەشی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بکات ،تیایدا ئامادەیی خۆی بۆگەرانەوەوکارکردن لە گوندەکەی پیشان بدات .

ح-بە مەرجێك نوسراوی رەزامەندی یان لاری نەبوونی فەرمانگەکەی خۆی لەسەر گەرانەوەی بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان پێ بێت کە تەنسیبکردنی کاریگەری ناخاتە سەر دەوامی فەرمانگەکەی لە هەرێمی کوردستان.

3-هەر فەرمانبەرێك ئەو مەرجانەی تێدا بێت ،دەتوانێت تەنسیبی سەر وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە بێت بۆ ماوەی سێ ساڵ بە تەواوی موچەکەی .

4- وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە لیژنەیەك دروست بکات بۆ سەرپەرشتی بە ناوی (لیژنەی سەرپەرشتی فەرمانبەرە گەراوەکان بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیان) :ئەرکی ئەم لیژنەیە بریتی بێت لە :-

أ-پێشوازی کردن لەو فەرمانبەرانەی کە دەگەڕێنەوە سنوری ناوچەکەیان بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانیان :

ب-پۆلێنکردنی ئەو فەرمانبەرانە بە پیی جۆری کارەکەیان لە لادێ (کشتوکاڵی، ئاژەڵداری، حەوزی ماسی، پەلەوەر ، رەزوباخ و..هتد

ت-داواکردن و وەرگرتن و ئەرشیفکردنی بەڵگەو دیکۆمێنتەکان وەکو خاوەنداریەتی(تاپۆ) و روبەرو نەخشەو جۆری کارەکە و پێداویستیەکانی .

ج-سەردانی و کەشفی شوێنی کارەکە و تۆمار کردنی وردەکاریەکانی و نوسینی راپۆرتێك بۆ وەزارەت لەسەر پیشبینی بەرهەم و ئاستی سەرکەوتوویی و چاوەروانیەکانی بۆ ئایندەی ئەو پرۆژەیە .

ح-هەماهەنگی لەگەڵ هۆبەی کشتوکاڵی ئەو ناوچانە بۆ هاوکاری کردنی فەرمانبەرە گەراوەکان بە پێداویستیە کشتوکاڵیەکان بە پیی توانای وەزارەتی کشتوکاڵ:

خ-چاودێری پرۆسەکانی بەرهەمهێنان و فرۆشتنی بەرهەمی ئەم پرۆژانەوە و تۆماری تایبەتیان بۆ بکاتەوەو ئاگاداری قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی ئەمانە بێت .

د- بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی کشتوکاڵ ، لە لایەن لیژنەی پزیشکی و شارەزایانی کشتوکاڵی و پسپۆڕانەوە سەردانی کێڵگەو ئاژەڵ و بەرهەمەکانیان بکرێت و لە کاتی هەبوونی هەر گرفتێکدا هاوکاری بکرێن.

ر-خولی راهێنان و رێنمایی و پەروەردەییان بۆ بکرێتەوە،شارەزای بەکارهێنانی ئامێرو داودەرمان و چۆنیەتی بەرهەمهێنان بکرێن .

ز-داواکردن و وەرگرتنی پسولە (وەسڵ)لە کاتی رادەستکردنی بەرهەمەکانیان بە سایلۆ یان کومرك (عەلوە)یان تیپەراندنی بە فەرمانگەی کشتوکاڵی ناوچەکەیاندا..

س -ناردنی پسولە(وەسڵ)ی بەرهەمەکانیان لەگەڵ نوسینی راپۆرتی شەش مانگی و ساڵانە لەسەر بڕی بەرهەمی هەر فەرمانبەرێکی گەڕاوە، بە

مەبەستی بەرزکردنەوەو سەرموچە و خانەنشینی بۆ ئەو وەزارەتانەی مۆڵەتیان لێ وەرگرتووە.

5-سودەکانی ئەم پیشنیارە زۆرن و دەکرێ ئاماژە بە هەندێکیان بکەین :

أ-یارمەتی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان دەدات .

ب-سود لەو توانا مرۆییە وەردەگیرێت کە ئێستا لە فەرمانگەکاندا بە بێ سود ماوەتەوە و رۆیشتنی هیچ کاریگەری نەرێنی ناخاتە سەر کاری فەرمانگەکان.

ت-هۆکارێکە بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگای لادێیی و بوژاندنەوەی رووبەرێکی فراوانی کوردستان .

ج-هۆکارێکە بۆ کەمکردنەوەی چڕی دانیشتوان لە شارەکان و بەمەش فشار لەسەر خزمەتگوزاریەکانی ناوشار وەکو ئاو و کارەباو قوتابخانەکان و .....هتد کەم دەبێتەوە ، بە تایبەت لەم قۆناغی پەتاو نەخۆشیەدا.

ح-هەڵاوسانی فەرمانبەران لە فەرمانگەکان کەم دەکاتەوە،بەمەش رێگا خۆشکەر دەبێ بۆ کەمکردنەوەی رۆتین و زووتر راپەراندنی کاری هاوڵاتیان لە فەرمانگەکان و رێگری لە توشبون بە نەخۆشی کۆرۆنا.

خ- دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆ .

د-لە ئایندەیەکی نزیکدا واتە (3تا 5) ساڵی تر هەموو ئەم فەرمانبەرانە دەبنە خاوەن سەرچاوەیەکی بەرهەمهێنانی خۆیان بە لایەنی کەمەوە هەندێك لە منداڵەکانیان پشت بە موچە نابەستن و لە گوندەکانیاندا دەمێننەوە ..

ر-لە هەمووی گرنگتر زەویوزاری گوندە وێرانکراوەکان بە چۆڵی نامێنێتەوەو شورایەکی مرۆیی لەو ناوچانە دروست دەبێت .بە تایبەت ئەگەر دوواتر بەرنامەی هاندانی وەچەخستنەوەو هاوکاری هاوسەرگیری بۆ کوڕان و کچانی لادێ هەبێت ..

3-پێویستە کورد لەسەر ئەم ناوچانە شەڕی دەستوری بکات لەگەڵ حکومەتی ناوەندی ،بۆ نمونە : هەمیشە بەغدا بانگەشەی پابەندبوون بە دەستورو سەروەی یاسا دەکات، بۆیە پێویستە لە کاتی خۆیدا لە پێشێلکاریەکانی دەستور ئاگادار بکرێتەوە ،یەکێك لەو پێشێلکاریانە کە ئەمرۆ بە روونی دیارە لە مادەی 23 بڕگە(3 ب) دەڵێت (خاوەنداریەتی بە مەبەستی گۆرینی پێکهاتەی دانیشتوان قەدەغەیە) ، ئەوەتا گەرانەوەی عەرەبە هاوردەکان بۆ سەر زەویوزاری کشتوکاڵی گوندە کوردنشینەکانی سەرگەران وپەڵکانەو چەخماخەو شەحەل و دڕکەو گابەرەکە..هتد پێ شێلکردنی ئەم مادەیەی دەستوری عێراقە، چونکە هیچ گومانێك هەڵناگرێت لە هەشتاکان جوتیارە کوردەکان لەسەر ئەو زەویانە دەرکراون و عەرەبەکانیش لەوێ نیشتەجێ کراون بە مەبەستی گۆرینی دێموگرافی ناوچەکە ئەو زەویوزارەیان پێدراوە.

هەروەها لە بڕگەی دووەمی مادەی (45)ی دەستوری عێراقدا هاتووە، (دەوڵەت پێداگری لەسەر پەرەپێدانی هۆزو خێڵە عێراقیەکان دەکات و گرنگی بە کاروبارەکانیان دەدات) لادێنشینانی ناوچە کوردستانیە دابڕێنراوەکان بەشێکن لە پێکهاتەی عەشایەری عێراقی ، بۆیە پێویستە نوێنەرانی کورد لە بەغدا داوابکەن لەسەر بودجەی حکومەتی عێراقی بڕێکی زۆر باش تەرخان بکرێت بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگای لادێی ، هاوکاری گوندنشینانی ناوچە

کوردستانیە دابڕێنراوەکان بکرێت بە گشتی ،وەکو سلفەی هاوسەرگیری، خواردنی تایبەت بۆ مناڵ ، خزمەتگوزاری تەندروستی و چاودێری ئافرەتی دووگیان، پێدانی قەرز بۆ دروستکردنی پەلەوەرخانەو راکێشانی ئاو و چاندنی رەزو باغ و یەکەی بەرهەمهێنانی ئاژەڵداری و...هتد

4-پێشنیارێك بۆ خزمەتی قوتابیان و خوێندکارانی ناوچە کوردستانیە دابڕێنراوەکان بە گشتی :

یەکێك لە گرفتە زۆر سەختەکانی خوێندکارانی خوێندنی کوردی لە ناوچە کوردستانیە دابڕێنراوەکان لە دووای تەواو کردنی پۆلی دووازدەوە دەست پێ دەکات ئەویش ناو دەرچوونە لە زانکۆ و پەیمانگاکانی عێراق..بۆچی؟

أ-لەبەر ئەوەی کوردن و لە خوێندنی کوردی خوێندنیان تەواو کردووە زمانی عەرەبی نازانن و زمانی خوێندنی بەشە زانستیەکانیش لە کۆلیژو پەیمانگاکانی عێراقدا بە زمانی عەرەبیە.

ب-لە کێبرکێ بۆ یەکەم بوون یان بە لایەنی کەمەوە بە دەستهێنانی نمرەی باش سەرکەوتو نابن بۆیە بە بێزاریەوە خوێندنی زانکۆیی تەواو دەکەن.

ت-دوواتر بۆ دامەزراندن ئاستی خوێندکار لە زانکۆ بە خاڵ هەژمار دەکرێت ئەوانەی یەکەم و دووەمن چانسی دامەزراندنیان زیاترە ، لەم دەرفەتەش خوێندکارانی کورد بێ بەش دەبن چونکە گرفتی زمانیان هەبووە لە کۆلێژ.

بۆیە پێویستە-:

أ--سەرەتا پێویستە وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان سەرژمێری و ئاماری قوتابخانەکانی ئەم ناوچانەو پێویستیەکانیان بکات.

ب--رابەری پەروەردەیی و سەرپەرشتیاری تایبەت بۆ خوێندنی کوردی ناوچە کوردستانیە دابرێنراوەکان دانێت بە وردی چاودێری پرۆسەی خوێندنی ئەم ناوچانە بکات

ت-هێمای قوتابخانەکانیان بۆ دابنێت تا دوواتر و دووای تەواو کردنی پۆلی دووازدە بتوانن لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان دریژە بە خوێندن بدەن.

ج-وەزارەتی خوێندنی باڵا دەرگای پیشکەشکردن بۆ زانکۆکانی کوردستان لە خوێندکارانی ناوچە کوردستانیە دابرێنراوەکان بکاتەوە تا لە زانکۆ حکومیەکاندا بە هەمانشێوەی قوتابیان و خوێندکارانی هەرێم وەربگیرێن .

ح-وەزارەتی خوێندنی باڵا فەرزی بکات بەسەر زانکۆ ئەهلیەکاندا (هەر زانکۆیەك چەند بەشی زانستی هەیە ..لە هەر بەشێکدا بە لایەنی کەمەوە (یەك تا دوو) خوێندکاری ناوچە کوردستانیە دابرێنراوەکان بە خۆڕایی وەربگرێت ..(بە هەمان ئەو مەرجە زانستیانەی کە خوێندکار لەو بەشەدا وەردەگیرێت تەنیا خوێندکارانی ناوچە کوردستانیە دابرێنراوەکان پارە نەدەن) بەڵام تکایە لە ئۆرگانە حیزبیەکانەوە نوسراو بۆ ئەو خوێندکارانە مەکەن با گشتی بێت و وەکو دامەزراوەو دەزگایەکی حکومیی ئەو ئەرکە جێ بەجی بکەن. ..

خ- وەزارەتی خوێندنی باڵا بەرنامەیەکی گشتگیر بۆ هەموو بەشە زانستیەکان دانێت بۆ تەواوکردنی ماستەر بۆ خوێندکارانی ناوچە کوردستانیە دابرێنراوەکان بە رەچاو کردنی ئەو رەوشە سەختەی تیایدا کۆلێژیان تەواو

کردووە ، چونکە زانکۆو پەیمانگاکانی نەینەوا کەرکوك و دیالەش مامۆستای و کادری ئەکادیمی کوردیان زۆر کەمە بە بەراورد بە ریژەی قوتابیان و خوێندکارانی کورد. .

د-پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا بۆ وەرگرتنی ئەو قوتابی و خوێندکارانەی دانیتشوی ناوچە کوردستانیە دابرێنراوەکانن ،لە رووی تێکرای نمرە (معدل الدرجات)ی کۆلێژ هەمان مامەڵەی خوێندکارانی هەرێم نەکات . چونکە خوێندکارێکی کورد لە زانکۆی تکریت بۆ نمونە جیاوازە لە زانکۆی سلێمانی یان سەلاحەدین .. (ئەوەی شایانی باسە لە ئیستادا زانکۆکانی حەویجەو گیارە و شەرگات ساڵانە دەیان ماستەرو دکتۆرا دەبەخشن ، بۆ ئەوەی لە کێبرکیی دامەزراندندا خاڵیان زیاتر بێت)، پێکهاتەی کورد زەرەرێکی زۆری کردووە لەو دامەزراندنانە.

ر-هەموو ئەمانەی لەو شەش خالەی سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە، تەنیا ئەو قوتابی و خوێندکارانە بگرێتەوە کە ئێستا دانیشتووی ناوچە کوردستانیە دابرێنراوەکانن ،نەك ئەوانەی لە هەرێم دادەنیشن.و نەگەڕاونەتەوە و لە سەر حیسابی ناوچە کوردستانیە دابرێنراوەکان سودمەند بوون و ناگەرێنەوە! .

سەرچاوەکان:

1- أبن خلدون, ولي الدين عبدالرحمن بن محمد ، المقدمة ،الجزء الأول, تحقيق, عبدالله محمد الدرويش,دار يعرب, ط1, 2004.

2- باخەوان ،عبدالجبار مصگفى ،بردى ...التون كۆبرى المدينه والمستقبل العمرانى ،مگبعه خاكة السليمانيه، 2008

3- جاكسون، مشاهدات بريطاني عن العرق سنة 1797، ترجمة: خالد فاروق عمر، الدار العربية للموسوعات، بيروت، 2000م.

4-سيتون لويد، اثار بلاد الرافدين، ترجمة: محمد طلب، مطبعة دار دمشق، دمشق، 1993م،

5-طه باقر و فؤاد سفر، المرشد الى مواطن الاثار والحضارة، الرحلة الخامسة (بغداد_اربيل)، اصدرتها مديرتة الفنون والثقافة الشعبية في وزارة الثقافة والاشارد، بغداد، ١٩٦٦م،

6-عبدالله بن فتح الله البغدادي(الغياثي)، تاريخ الدولى الإسلامية في الشرق(التاريخ الغياثي)، تح/ طارق نافع الحمداني، دار المكتبة الهلال، بيروت 2010.

7-أ.د. مضر خليل العمر و د. محمد احمد عقلة المومني، جغرافية المشكلات الاجتماعيه ، دار الكندي للنشر والتوزيع ، اربد ، 2000

8-هاشم سوادي هاشم، طرق و وسائط النقل في كركوك و أثرها على الحركة التجارية في العهد العثمانى الأخير 1831_1914، مجلة التربية والعلم، المجلد (15)، العدد (2) لسنة 2008

9-الوقائع العراقية ،(جريدة)، العدد (3274) ،في 1989/9/25.

پاشکۆی (1)لیستی شەهیدانی دوبز

لیستی ناوی شەهیدەکانی قەزای دوبز لە ساڵی 1961ەوە تا 2020:

| ز | ناوی سیانی | ساڵی لە دایکبون | شوێنی لەدایکبون | باری کۆمەلایەتی | ساڵی شەهیدبوون | شوێنی شەهیدبون | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | عبدالكريم صابر عمر | 1960 | دوبز | سەڵت | 1986/6/9 | ماوەت | |
| 2 | عبدالله ابراهيم يابە | 1963 | دوبز | خێزاندار | 1983/10/23 | بێتواتە | |
| 3 | زاهير صابر صالح | 1957 | دوبز | خێزاندار | 1988/1/5 | ابوغريب | لە سێدارە دراوە |
| 4 | نجاه عبدالله احمد | 1960 | دوبز | سەڵت | 1985/7/12 | کەلکەسماق | |
| 5 | اسعد رحمن سلێمان | 1947 | دوبز | خێزاندار | 1994/12/3 | هەولێر | شەری دووبەرەک |
| 6 | عامر عمر محمد | 1959 | دوبز | سەڵت | 1991/3/10 | قەرەهەنجیر | لە راپەرین |
| 7 | محمد صالح تەها | 1944 | دوبز | خێزاندار | 1996/8/31 | هەولێر | شەری دووبەرەک |
| 8 | ماهير زاهير حميد | 1967 | دوبز | سەڵت | 1996/8/31 | هەولێر | شەری دووبەرەک |
| 9 | عبدالرحمن محمد محى الدين | 1965 | دوبز | خێزاندار | 1996/4/15 | هەولێر | شەری دووبەرەک |
| 10 | چیا جواد حسن | 1974 | دوبز | سەڵت | 1994/12/3 | هەولێر | شەری دووبەرەک |
| 11 | شێرزاد محمد سالح | 1963 | دوبز | خێزاندار | 1996/9/15 | هەولێر | شەری دووبەرەک |
| 12 | نصيف صدرالدين محمد | 1940 | دوبز | خێزاندار | 1991/3/28 | سێکانیان | لە هێرشی گ کرکوك |
| 13 | سمکۆ صابر صالح | 1974 | دوبز | خێزاندار | 1993/11/1 | هەولێر | لە گوندی باغچ ناوخۆ |
| 14 | ناجى على سعيد | 1967 | دوبز | سەڵت | 1991/3/19 | کرکوك | راپەرین-ئازادکر کرکوك |
| 15 | مهدى كاكەمند حسين | 1968 | دوبز | سەڵت | 1991/3/19 | کرکوك | راپەرین-ئازادکر کرکوك |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 16 | رەزا محمد عسکر | | دوبز | خێزاندار | 1995/7/9 | زیارەت | شەری دووبەرەک |
| 17 | مولود محمد امین | 1942 | دوبز | سەڵت | 1966/11/8 | دەشتی کۆیە | شۆرشی ئەیلول |
| 18 | غازی محمد حسین | 1945 | دوبز | سەڵت | 1967/4/2 | قەرەداغ | |
| 19 | انور حسن خدر | 1954 | دوبز | سەڵت | 1982/3/5 | سورداش | لە گوندی قازان |
| 20 | حکیم حمەرەش سعید | 1928 | دوبز | خێزاندار | 1964 | ماوەت | شەری دووبەرەک |
| 21 | شوان حکیم حمەرەش | 1962 | دوبز | سەڵت | 1985/2/15 | حاجیتان | داستانی دابان |
| 22 | عیماد عبداللە محمد | 1961 | دوبز | سەڵت | 1985/11/7 | کرکوك | لە سێدارە دراوە |
| 23 | أحمد یابە محمد | 1968 | پردێ | سەڵت | 1988/4/24 | شیوەسور | شوان- کەرکوك |
| 24 | جوهر مجدی صالح | 1966 | دوبز | سەڵت | 1985/11/7 | کرکوك | لە سێدارە دراوە |
| 25 | خالد صابر امین | 1964 | دوبز | سەڵت | 1988/9/7 | هەولێر | |
| 26 | دلێر محمد مستەفا | 1961 | دوبز | خێزاندار | 1988/3/17 | هەولێر | لە بەریوەبەرایەتی |
| 27 | عدنان علی تاهیر | 1945 | دوبز | سەڵت | 1986 | هەولێر | |
| 28 | کامەران رشید ابراهیم | 1965 | دوبز | سەڵت | 1987 | ابو غریب | لە سێدارە دراوە |
| 29 | محمد عمر شریف | 1958 | دوبز | سەڵت | 1989 | سنور | شەری سەرکردا |
| 30 | سلیم سلام حماد قادر | 1964 | دوبز | سەڵت | 1985/2/15 | حاجیتان | داستانی دابان |
| 31 | صلاح کاکەرەش کریم | 1964 | دوبز | سەڵت | 1984/5/4 | سلێمانی | |
| 32 | زوبێر أحمد کریم | 1971 | دوبز | سەڵت | 1994/12/23 | ئاقۆبان | شەری دووبەرەک |
| 33 | زامن نوری یابە | 1965 | پردێ | خێزاندار | 1995/4/15 | کەسنەزان | شەری دووبەرەک |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 34 | ئازاد عاصی حسن | 1967 | دوبز | سەڵت | 1991/3/7 | سلێمانی | راپەڕین |
| 35 | صابر عمر مكائيل | 1941 | دوبز | خێزاندار | 1994 | سلێمانی | شەری دووبەرەک |
| 36 | مەریوان سیروان لەتیف | 2000 | دوبز | سەڵت | 2020/2/18 | چەخماخە | تیرۆریستان |
| 37 | أحمد جاسم بكر | 2005 | دوبز | سەڵت | 2020/2/18 | چەخماخە | تیرۆریستان |
| 38 | على احمد درويش | 1998 | دوبز | سەڵت | 2020/2/18 | چەخماخە | تیرۆریستان |
| 39 | لينۆس ميناس اشنيل | 1963 | دوبز | سەڵت | 1985 | ابو غريب | لە سیدارە دراوە |
| 40 | مالك ميناس اشنيل | 1961 | دوبز | سەڵت | 1986 | دوبز | |
| 41 | کاروان شكر قادر | 1985 | دوبز | سەڵت | 2004/9/18 | دوبز | تیرۆر |
